# گەمە ترسناکەکەی مالیکی کورد ناچار دەکات بیر لە بژاردەی دیکە بکاتەوە



دەیڤید رۆمانۆ*

* مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**ئەگەر ئەم گەمارۆ ئابوورییەی حکومەتی مالیکی دەرهەق بە کوردستان، دەرئەنجامێکی هەبێت، ئەوا ئەوەیە کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئەو قەناعەتە لای کورد دروست دەکات کە ڕێگە نەدەن لە سایەی هیچ هەلومەرجێکدا، بەغدا کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی پیشەسازی نەوت بکات. وا دەردەکەوێت مالیکی پێی وابێت بە بڕینی دارایی لە هەرێمی کوردستان خەڵکی کوردستان دژی حکومەتی هەرێم دەوەستنەوە. بەڵام ئەی ئەگەر دژی حکومەتەکەی بەغدا وەستانەوە؟ ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر کورد زیاترو زیاتر خۆیان لە دۆخێکدا بینییەوە کە کێشەی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ سوننەکاندا کە لە ئێستادا یاخیبوونە؟ ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر کورد ڕێگەیان نەدا بەغدا نەوتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هەناردە بکات؟ ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر کورد گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کاتی ئەوە هاتووە ڕاپرسی لەسەر سەربەخۆیی بکرێت؟ چونکە بە دڵنیاییەوە هەنگاوی مەترسیدار، هەنگاوی مەترسیدارتری بەدوادا دێت.**

ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت و غاز هەر بەردەوامە. وا بۆ زیاتر لە مانگێك دەچێت كە هەرێمی کوردستان KRG بەشی خۆی لە بودجەی نیشتمانی پێنەگەیشتووە. مالیکی سەرۆك وەزیران و شەهرستانی وەزیری وزە، دەیانەوێت کورد ڕازی بێت تا بەغدا کۆنترۆڵی هەموو پرۆسەکانی هەناردەکردنی نەوت و بە بازاڕکردن و داهاتە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، بەرلەوەی ئەو پارەیە بگەڕێننەوە کە قەرزاری هەرێمی کوردستانن.

بە پێچەوانەی بانگەشەی هەندێ چاودێرەوە کە زانیاری هەڵەیان پێدراوە، ئەم داواکارییەی حکومەتەکەی مالیکی هیچ بناغەیەکی دەستووری نییە. لە ماددەی ١١١ی دەستووردا هاتووە کە نەوت و غازی عێراق موڵکی سەرجەم عێراقیەکانە. بە دڵنیاییەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە پێویستە، دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنەکانی پیشەسازیی نەوت و غاز بکەن، تەنانەت ئەگەر بەڕێز مالیکی و بەڕێز شەهرستانیش پێیان خۆش بێت بەم شێوەیە بیربکەنەوە.

مالیکی سەرۆك وەزیران حەزدەکات مەسەلەکە بەو شێوەیە بخاتەڕوو کە کۆنترۆڵکردنی نەوتی عێراق تا ڕاددەی قۆرخکاری لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەدایەو ئەم کارە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و کەسانی دەروبەری ناکات.

ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەرفەتدان بە کورد بۆ فرۆشتنی نەوتی هەناردەکراوی خۆیان و وەرگرتنەوەی داهاتەکەی، زەمینەسازییە بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق، تەنانەت ئەگەر کوردیش ڕازی بن بەوەی تەنیا لە ١٧٪ی پشکی خۆیان پێبدرێت لە داهاتی نەوتەکەو باقیەکەشی بۆ بەغدا بگەڕێننەوە.

ئەگەر ئەم دادۆشینە ئابوورییەی حکومەتەکەی مالیکی دەرهەق بە کوردستان، دەرئەنجامێکی هەبێت، ئەوا ئەوەیە کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئەو قەناعەتە لای کورد دروست دەکات کە ڕێگە نەدەن لە سایەی هیچ هەلومەرجێکدا، بەغدا کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی پیشەسازیی نەوت بکات. کۆنترۆڵی دارایی بەسەر لە ٩٥٪ی داهاتی عێراقەوە، کە ئەم داهاتەش لە نەوتەوە بەدەست دەهێنرێت، بە مانای کۆنترۆڵی سیاسی لە سەدا ٩٥ی عێراق دێت. ئایا لە داهاتوودا بەغدا لە ڕووی ئابوورییەوە پەنا بۆ چ بژاردەیەکی دیکە دەبات بۆ خنکاندنی کوردستان؟ ئایا داوا لە کورد دەکرێت دەستبەرداری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ماددەی ١٤٠ بن بۆ ئەوەی بەشە بودجەی خۆیان پێبدرێت؟ ئایا داوای ئەوەیان لێدەکرێت دەست لەو دەسەڵاتە هەڵبگرن کە بەسەر پێشمەرگەوە هەیانە؟ هەموو ئەمانە لە کاتێکدا، ئایا مالیکی بەردەوام دەبێت لەسەر مەحکەمکردنی دەسەڵات و فەرامۆشکردنی دەستوور، یەکەی سەربازی چەشنی فەرماندەیی دیجلە پێکدەهێنێت و ئەو فەرماندانە دادەنێت کە منەتباری خۆی بن، هەموو ئەمانەش بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمان کە دەستوور داوای کردووە؟ ئایا بەردەوام دەبێت لەسەر لەناوبردنی سەربەخۆیی کۆمسیۆنی باڵای «سەربەخۆی» مافەکانی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای «سەربەخۆی» هەڵبژاردنەکان و دەستەی دەستپاکیی گشتی، بەوەی بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی کابینەکەی خۆیەوە، نەك ژێر دەسەڵاتی پەرلەمانەوە، هەروەك ماددەی ١٠٢ی دەستوور داوای کردووە؟

ئەو تەوژمەی حاڵی حازر لە ئارادایە نامۆ نییە بە مێژووی عێراق. لە ڕاستیدا ئەمە لێدانی گۆرانییەکە لە قەوانێکی ساوەوە، کە سەرجەم کورد بە باشی لەبەریانە. لەبری ئەوەی هەوڵی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق بدرێت، پێدەچێت گرتنەبەری ئەم سیاسەتانە لەلایەن حکومەتی بەغداوە باشترین ڕێگاو بژاردە بێت بۆ پارچە پارچەکردنی- وڵاتەکە-. عێراقیەکانی دیکە دەستیان کردووە بە یاخیبوون لە ئەنبارو دیالەو موسڵ و کەرکوك-ئەگەرچی بوونی چەند جیهادییەکی بیانی لەم ناوچانەدا سێبەری خستۆتە سەر مەسەلەکە، بەڵام ئەو کەسە ڕادیکاڵانە هەرگیز نەیان دەتوانی بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچەیە ئەگەر بەغدا ئەوەندە بێزراو نەبوایە لە ڕووی جەماوەرییەوە. بە هەمان شێوە چەند ساڵێك پێش ئێستا مالیکی بەڵێنی دا بە دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ سوننەکاندا، بەڵام نابێت «دابەشکردنی دەسەڵات» یەکێك بێت لە گۆرانییەکانی قەوانە ساواوەکە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی حاڵی حازر خۆی سەرۆك وەزیرانە، ئەوا بەڕێز مالیکی نەیەوێت ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدرێن کە بڕیارە لە نیسانی ساڵی ٢٠١٤دا بکرێن. ڕەنگە خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی، هەروەك ئەوەی لە عێراق و دەوڵەتانی دیکە بە ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆر ڕوویانداوە کە نایەنە ئەژماردن، بکرێتە بیانوو و پاساوێك بۆ هەڵپەساردنی «کاتیی» دیموکراسی، و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و گەڕاندنەوەی خۆسەپێنییەکی ترسناك.

ڕەنگە لە سایەی ئەم هەلومەرجانەدا مەترسیدارترین لایەنی ئەم گەمەیە بریتی بێت لەوەی هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی کورد بکەونە دۆخێکی ئابووری نائومێدکارەوە. وا دەردەکەوێت کە حکومەتەکەی بەڕێز مالیکی لە بەغدا پێی وابێت بە بڕینی دارایی لە هەرێمی کوردستان KRG خەڵکی کوردستان دژی حکومەتەکەی دەوەستنەوە. بەڵام ئەی ئەگەر دژی حکومەتەکەی دیکە- حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا- وەستانەوە؟ ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر کورد زیاترو زیاتر خۆیان لە دۆخێکدا بینییەوە کە کێشەی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ سوننەکاندا کە لە ئێستادا یاخیبوونە؟ ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر کورد ڕێگەیان نەدا بەغدا نەوتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هەناردە بکات، و ڕایبگەیەنن کە حکومەتی مەرکەز هیچ مافێکی بەسەر ئەم نەوت و غازەوە نییە تا ئەو کاتەی داهاتەکانیان دابەش دەکات و تا ئەو کاتەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکات کە ماددەیەکە پەیوەستە بەو خاکانەوە-خاکە کێشەلەسەرەکان-؟ لە کۆتاییدا، چی ڕوودەدات ئەگەر کورد گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە لە دەرئەنجامی ئەم شکستەو هەرەسە کتوپڕو هەڵکشاوەوە، کاتی ئەوە هاتووە ڕاپرسی لەسەر سەربەخۆیی بکرێت؟ چونکە بە دڵنیاییەوە هەنگاوی مەترسیدار، هەنگاوی مەترسیدارتری بەدوادا دێت.


ئەگەر هەر یەکێك لەمانە ڕووبدات، ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەمریکیەکان درك بەوە بکەن کە لە ڕاستیدا پشتیوانی کوێرانەی ئەوان بۆ هەڵوێستی مالیکی باشترین کارێك نەبووە بۆ سەقامگیری عێراق و ناوچەکە. بەڵام ئەو کاتە ئەمە درك پێکردنێکی زۆر درەنگوەخت دەبێت.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

**ئایا مالیکی بەردەوام دەبێت لەسەر مەحکەمکردنی دەسەڵات و فەرامۆشکردنی دەستوور، یەکەی سەربازی چەشنی فەرماندەیی دیجلە پێکدەهێنێت و ئەو فەرماندانە دادەنێت کە منەتباری خۆی بن، هەموو ئەمانەش بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان کە دەستوور داوای کردووە؟**

**ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەمریکیەکان درك بەوە بکەن کە لە ڕاستیدا پشتیوانی کوێرانەی ئەوان بۆ هەڵوێستی مالیکی باشترین کارێك نەبووە بۆ سەقامگیری عێراق و ناوچەکە. بەڵام ئەو کاتە ئەمە درك پێکردنێکی زۆر درەنگوەخت دەبێت.**

**ڕەنگە خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی، هەروەک ئەوەی لە عێراق و دەوڵەتانی دیکە بە ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆر ڕوویانداوە کە نایەنە ئەژماردن، بکرێتە بیانوو و پاساوێک بۆ هەڵپەساردنی «کاتیی» دیموکراسی، و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و گەڕاندنەوەی خۆسەپێنییەکی ترسناک**



عیماد ئەحمەد

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بکات، ئەگەر چارەسەر نەکرا، دەزانین چۆن و کەی بڕیار دەدەین

لەو کاتەی جەماوەری کوردستان ولایەنە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی ئەنجامی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری دەکرد بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان، بە بڕیارێکی نالۆژیکانە و نامرۆییانە سەرۆک وەزیرانی عێراق بەشە بودجەی هەرێم و موچەی فەرمانبەرانی کوردستانی راگرت، هەرچەندە شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە جارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان بەرێگەی دیالۆگ و دانوستاندن سەردانی بەغدای کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەغدا بە ئەنقەست مەبەستێتی کورد خۆی خاوەنی ژێرخانی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆی نەبێت و هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی هەڕەشەکانی بەغدادا بێت، هەروەها بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو مافە دەستووریانە کە هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا هەیەتی، بەغدا پەنای بۆ کارتی بڕینی موچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بردووە وەک گوشارێکی سیاسیی بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بکات بە مەرجەکانی بەغدا رازی بێت، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چۆنیەتی یەکلایکردنەوەی ئەم پرسە گرنگە و چۆنیەتی دارشتنی ستراتیژیەتێکی تازە بۆ سیاسەتی ئابووری کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ بەڕێز عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.



**حکومەتی بەغدا نایەوێت هەرێمی کوردستان هاوبەش بێت لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و بودجەدا، تەنانەت ڕێگەنادات هاوبەش بێ لەدیارکردنی بەشە بودجەی خۆی لەناو بودجەی عێراقدا، نایانەوێت لە وردەکارییەکانی بودجە ئاگاداربین**

**نەخۆشکەوتن و دوورکەوتنەوەی مام جەلال ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرشانی کاک مسعود بارزانی قورستر کردووە، چونکە بەیەکەوە بەرپرسیارێتی قۆناغی تازەیان لەئەستۆ بووە**

***سەرەتا و پێش هەموو شت دەمانەوێت بزانین بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەیری کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دەکات، بەتایبەتی سەبارەت بە بڕینی موچەی فەرمانبەران، هەروەها بڕینی یەك لەسەر دوانزەی بەشە بودجەی هەرێم کە پێویستە مانگانە بینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی دووچاری تەنگژە کردووە؟**

- ئەو کێشەیەی ئێستا لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی دروست بووە، یەکەم جار نییە، پێشتریش ڕوویداوە، کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەندێك جار سیاسین، هەندیك جار ئیدارین، هەندێ جاریش مەزاجی ئەم و ئەو ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی قەیرانەکاندا، بەڵام بەگشتی وەك دەزانن چەند دۆسیەیەك بەهەڵواسراوی لەنێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی ماونەتەوە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لە هەر تەوقیتێکدا بێت کێشەو ئاڵۆزی لەنێوانمان ڕووبدات، وەکو مادەی ١٤٠، یاسای نەوت و گاز، بودجە، هێزی پێشمەرگە.

پێش ماوەیەك لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کێشە لەگەڵ بەغدا سەری هەڵدایەوە، ئەوکات ویستیان بە زەبری هێز بێنە ناوچەکانی خانەقین و شەنگار، هێز و تانکیان هێنا بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بگرن، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، لەسەر بەشی پێشمەرگە لەبودجە، زیادبوونی خەرجی سیادی کە کاریگەریی خراپی بۆ بەشی هەرێم لە بودجە هەیە، لەسەر دروستکردنی فەرماندەی عەمەلیاتی دیجلە، ئەمجارەشیان کێشەکە لەسەر بڕینی مووچەی فەرمانبەران و نەناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانە، سەبارەت بەم کێشانە ئەگەر بەویژدان و مەنتیقەوە سەیری بکەین، بێگومان ڕەفتاری حکومەتی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان ناهەقییە، لەبەر ئەوەی بەشێك لەوانەی ئێستا لەبەغدا حکومڕانی دەکەن، دژی بنەماکانی دیموکراتی و ڕێککەوتنامە هاوبەشەکان کار دەکەن، هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق ڕێککەوتوون کە حکومڕانی لەعێراقی نوێدا لەسەر بنەمای دیموکراتی و فیدرالی و شەراکەتی ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکان بێت و پرۆسەی بڕیاردان لەسەر بنەمای تەوافق و ڕەنگدانەوەی جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراق بێت، ئەوان ئێستا لەسەر ئەم بنەمایانە کار ناکەن و ڕێگەیەکی دیکەیان گرتووە، لایەنێك دەیەوێت کۆنترۆڵی هەموو دەسەڵاتەکان بکات و بەرادەیەك پرسی دەوڵەتداریان گۆڕیوە بۆ مەرامی شەخسی خۆیان و بەرژەوەندی حزبیان و دەیانەویت هەموو دەوڵەت بخەنە خزمەت بەرژەوەندی شەخسی خۆیانەوە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە عێراقی تازە لەسەر چ بنەمایەك دامەزراوەتەوە؟ گومانی تێدا نییە لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە بونیادنراوەتەوە کە زیاتر لە ٨٠٪ی گەلی عێراق دەنگی پێداوە و بەپێی ئەو دەستوورە عێراق دەبێت دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی بێت، لەم چوارچێوەیەدا دەستووری عێراق پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕێکخستووە، دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە و ئەرك و مافەکانی دیارکردوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی دەستوور دیاریکردووە و ئەو ئەرك و مافەی هەیەتی سیاسەتی خۆی داڕشتووە و بەرنامەی داناوە و پەرلەمانی کوردستان یاسای دەرکردووەو حکومەتی هەرێمیش کاری کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی عێراق لە پاشخانێکی تۆتالیتاری هاتۆتە دەرەوە و هێشتا دیموکراتی و فیدرالی نەبوونەتە نەریتی سیاسەت کردن و سیاسەت داڕشتن بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەوا وەك ئێستا دەبینین پیادەکردنی مافە دەستوورییەکان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە قبوڵ ناکەن و لەدژی دەوەستن، بۆیە لەم جۆرە حاڵەتەدا مەزاجی لایەنە سیاسییەکان، تەنانەت تاکە کەسەکانیش ڕۆڵیان هەیە، بۆیە لە بارودۆخێکی سیاسی لەم جۆرەدا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کێشە دروست ببێت، بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان کراوەتر سەیری ئەم پرسە بکات و چەندی پێی دەکرێت هەوڵبدات بەدیالۆگ و لەسەر بنەمای مافە دەستورییەکانی خۆی ئەم پرسانە یەکلایی بکاتەوە، ئەمەش هەندێك ئارامی و دان بەخۆداگرتنی پێویستە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە هاووڵاتیانی کوردستان ئەو ڕاستییە بزانن کە کێشەکان لەگەڵ بەغدا بەیەکجاری کۆتایی نایەت، واتە ئەگەر ئەم گرفتەی ئێستاش چارەسەر بکرێت، مانای ئەوە نییە هەموو کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بوون، بۆیە دەبێت ئێمە خۆمان ڕابێنین و ئامادەباشیمان هەبێت کەهەموو کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوور لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، سەبارەت بەم دۆخەی ئێستاش ئاشکرایە بڕیاری ڕاگرتنی بودجە بڕیارێکی نادەستورییە، دەیانەوێت بەڕێگەی بڕینی بژێوی ڕۆژانەی خەڵك گوشارێکی سیاسیی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، لەبەرامبەردا ئێمە هەوڵمانداوە گرفتەکە بەدیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکەین، بۆ ئەمەش چەند جارێك سەردانی بەغدامان کردووە، چەند جارێك کاك نێچیرڤان بارزانی چووە و سەرۆکایەتی شاندی هەرێمی کوردستانی کردووە، منیش جارێك سەردانی بەغدام کردووە، ئەم کێشەیەی ئەمساڵ ڕووبەڕووی بوینەوە ساڵی پاریش بەجۆرێکی دیکە هەبوو، هەموو ساڵێکیش لەکاتی داڕشتن و پەسەندکردنی بودجەی عێراق، هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کێشانە دەبێتەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە حکومەتی بەغدا نایەوێت هەرێمی کوردستان هاوبەش بێت لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و بودجەدا، تەنانەت ڕێگەنادات هاوبەش بێ لەدیارکردنی بەشە بودجەی خۆی لەناو بودجەی عێراقدا، نایانەوێت لە وردەکارییەکانی بودجە ئاگاداربین، حکومەتی هەرێم کەلایەنێکی پەیوەندیدارە ئەوکاتە ئاگاداری بودجە دەبێت کە ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت، ساڵی پار فریاکەوتین و لەئەنجوومەنی وەزیران تێبینی و ڕەخنەکانی خۆمان خستەڕوو هەندێك بڕگەمان گۆڕی، بەڵام ئەمساڵ سیاسەتێکی دیکەیان گرتەبەر، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا لەدابینکردنی ژێرخانی کەرتی نەوت پێشکەوتوین و

هەنگاوی بەرچاومان بڕیوە، ئەوەیان کردە بیانوو و بەبڕیارێك موچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێمیان راگرتووە و گرێیانداوەتەوە بە پرسی نەوت و هەناردەکردنی نەوتەوە، کە بێگومان ئێمە وەك حکومەتی کوردستان ئەمە قبوڵ ناکەین و قابیلی قبوڵکردنیش نییە، لەم حاڵەتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەك لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی بەدیالۆگ کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لەلایەکی دیکەش لەناو هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدایە سیاسەتیکی دارایی بگرێتە بەر کە سەرچاوەی داهات زیاتر بکرێت، هەروەها ئابووری خۆمان رێکبخەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین هەم موچەی فەرمانبەران زامن بکەین، هەمیش بودجەی بەکاربردن و وەبەرهێنانیش مسۆگەر بکەین.

***ئەوەی لە قسەکانی بەڕێزت تیگەیشتین، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت بە دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستوور ئەو کێشانە چارەسەر بکات، خۆشت ئاماژەت پێکرد ئەوان لەو چوارچێوە دەستوورییە لایانداوە، ئایا پێت وایە لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە جیاوازە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە؟**

- بەپێی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، دەبێت دەستوور پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەغدا رێکبخات، بۆیە ئێمە پابەندین بەوەی دەستوور ئەو پەیوەندییانە رێکبخات، ئەوەی بەم پرەنسیپە دەستوورییەوە پابەند نییە حکومەتی فیدرالی عێراقە، راستە لە دەستووری عێراقیشدا هەموو مافەکانی کورد زامن نەکراون، بەڵام دەبێت هەوڵبدەین ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی بە جێبەجێکردنی دەتوانین کوردستانێکی خۆشگوزەران و ئازاد بونیاد بنێین، بەڵام ئەگەر ئەوان دەستوورەکەیان پێشێلکرد و نەیانهێشت ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، ئەوا نابێت ئێمە دەستەوەستان دابنیشین، رێوشوێن و هەنگاوی پێویست دەگرینەبەر تا لەم گەمارۆ ئابوورییە دەربازبین کە حکومەتی فیدراڵ خستویەتییە سەر هەرێم.

***مەبەست لەوەرگرتنی رێوشوێنی پێویست و هەنگاو هەڵگرتن بۆ پێشەوە چییە؟**

- گرنگترین رێوشوێن کە پێویستە بیگرینەبەر ئەوەیە دەبێت ناو ماڵی کورد رێکبخەین و یەك هەڵوێست بین، هەروەها دەبێت خاوەنی بڕیارێکی سیاسیی یەکگرتوو بین، ئینجا هەوڵبدەین کارت و بژاردەکانی بەردەستمان بەکاربهێنین، دەبێت لەرووی ئابووریی و سیاسیی و سەربازییەوە ئامادەباشیمان هەبێت مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان بکەین.

***بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەران وتوێژ لەگەڵ بەغدا ناکەن، بەڵام ئامادەن وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وتوێژ لەگەڵ بەغدا بکەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە حکومەتی بەغدا پرسی بڕینی موچەی گرێداوەتەوە بە پرسی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، بەڵام ئێوە لێکی جیادەکەنەوە ئایا ئەمە کێشەکە ئاڵۆز ناکات؟**

- هەموولایەك ئەو راستیە دەزانێت کەکێشەی نەوت و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی پێشتر گرفتی لەسەر بووەو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر تەفسیری دەستوور، هەر بۆیە ئەم کێشەیە هی ئەمڕۆ نییە و ساڵانی پێشتریش هەبووە، بەپێی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ ی دەستوور ئاشکرایە دەسەڵاتی هەرێم لەبواری نەوت چۆن دیاریکراوە، بەڵام لەسەر ئەم پرسە بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆ چارەسەر ئێمە وەك حکومەتی هەرێم پەنامان بۆ پارێزەرانی نێودەوڵەتی و راوێژکارانی یاسایی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بردوە، بۆ ئەوەی بزانین مافی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەستوورە چییە و ئایا ئەو ئاستە چییە کە تێینەپەڕێنین، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە حکومەتی بەغدا ئەم راستیانە ناسەلمێنن و دەیانەوێت تەفسیری خۆیان بۆ دەستوورەکە بەسەر ئێمەدا فەرز بکەن، ئەم کێشەیە پار و ساڵانی پێشتریش هەر هەبووە، لێرەوە پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەوکات بودجەیان نارد، بەڵام ئەمساڵ رایانگرتووە؟ بێگومان سەرۆك وەزیران و وەزیری نەوت و وەزیری دارایی ئەم بڕیارە ترسناکەیان داوە بۆ ئەوەی گوشار لەسەر هەرێم دروست بکەن، ئەم بڕیارەش یاریکردنێکی مەترسیدارە کورد ناتوانێت لە ئاست ئەم ناهەقییە دەستەوەسان و بێدەنگ بێت، ئێمە لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بگەینە رێکەوتنێکی هاوبەش، ئەگەر نەگەیشتنە رێکەوتنیش ئەوسا کوردیش قسەی خۆی دەبێت. لەبەر ئەوەی تەنها جێبەجێکردنی دەستوورە کورد دەبەستێتەوە بە عێراق، گەر ئەوانیش بەبێ باکی دەستوور پێشێل بکەن، ئێمەش دەزانین چۆن بڕیار دەدەین.

***تاکەی چاوەڕێی بەغدا دەکەن . کەی بیر لەوە دەکەنەوە پەنا بۆ بژاردەی دیکە بەرن یان بڕیاری خۆتان بدەن؟**

- من وەك شەخسی خۆم کە بەشدار بووم لە دانوستانەکاندا، هەتا ئێستا بێ ئومێد نەبووین، هەندێك ئاسۆ هەن و هەندێك ئەگەر هەن، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوە نییە گرفتەکان بەشێوەی کاتی چارەسەر بکەین، با وای دابنێین ئەمساڵیش گەیشتینە چارەسەر، ئەگەر بەشێوەیەکی بنەڕەتی نەبێت، کۆتایی بەکێشەکان نایەت، لەبەر ئەوەی هەندێ لایەن لە بەغدا چاویان بەرایی نایەت ببینن کوردستان پێشدەکەوێت، چاویان بەرایی نایەت کە دەبینن لە کوردستان ئازادی و سەقامگیری و دیموکراتی هەیە،چاویان بەرایی نایەت کوردستان ئاوەدان بێت و رۆژ بەرۆژ ژێرخانی ئابووری زیاتر پتەو دەبێت، بۆیە کە بەراوردی خۆیان لەگەڵ کوردستان دەکەن، جۆرە ئیرەییەکیان تێدا دروست دەبێت دەیانەوێت گوشار دروست بکەن، بەشێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەوان بڕوایان بەوە نییە کورد مافەکانی خۆی پیادە بکات، هەتا ئێستاش لەژێر کاریگەری پاشماوەی عەقڵیەتی مەرکەزی دان و بڕوایان بە دیموکراتی و فیدراڵی نییە، لەم واقیعەدا بۆ کورد گرنگە ئامادەباشی تەواوی خۆی وەربگرێت رێگە نەدا کێشەکان بتەقنەوە. چونکە توانیومانە لەسەر وێرانکاریی رابردوو، جۆرێك لە ئازادی و دیموکراتی و بونیاد بنێین و وڵاتەکەمان پەرەپێبدەین، ئێستاش چاومان لە ئاسۆیە هەنگاوی زیاتر

**حکومەتی هەرێم گفتوگۆ لەسەر موچەی فەرمانبەران ناکات و نایبەستێتەوە بە هەناردە کردنی نەوت**

**دەبێت خاوەنی بڕیارێکی سیاسیی یەکگرتوو بین، ئینجا هەوڵبدەین کارت و بژاردەکانی بەردەستمان بەکاربهێنین، دەبێت لەرووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە ئامادەباشیمان هەبێت مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان بکەین**

**بڕیاری بڕینی مووچەی فەرمانبەران و نەناردنی بودجەی هەرێم، بڕیارێکی ترسناکە بۆ ئەوەیە گوشار لەسەر هەرێم دروست بکەن، ئەم بڕیارەش یاریکردنە بە ئاگر و کورد ناتوانێت لە ئاست ئەم ناهەقییە دەستەوەسان و بێدەنگ بێت**

هەڵبگرین، بۆیە هەموو ئەمانە کاتی پێویستە و نابێت پەلەی تێدا بکرێت، دەبێت لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیی بالآی گەلەکەمان بڕیار بدەین و دور لەهەڵچوون و بڕیاری بە پەلە رەفتار بکەین.

ئێمە لێرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو رێکخراوە جیهانیەکان و لایەنە سیاسیەکانی عێراق بەئاگا دێنینەوە کە حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆتە حکومەتی لایەنێك و تەنها کەسێك و ئەم وڵاتە بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات و تەنها کێشەی لەگەڵ کورد نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ عەرەبی سوننە و لەناو پێکهاتەی شیعەشدا کێشەی هەیە، ئێمەش وەك کورد کراوینەتە بەشێك لەم هاوکێشەیە، گەر ئەو قەیرانە چارەسەر نەکرێت وەك باسم کرد خەڵکی کوردستان رازی نابێت حکومەتی هەرێم دەستەوەستان بێت، ئەم دۆخەو ئەم شێوە پەیوەندییەی هەرێم بەعێراق کراسێك نییە هەتا هەتایە لەبەرمانکرابێت، دەبێت بەپێی دیراسەکردنی بارودۆخی عیراق و ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی و گەشەکردنی ناوخۆیی بیر لەبژاردەکان بکەینەوە، ئەم هەنگاوە کەی و چۆن هەڵدەگیرێت؟ ئەمە سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات لەکاتێکدا پەیوەندیەکی فراوانمان لەگەڵ دەوروبەرو وڵاتانی دەرەوە هەیە و گەیشتۆتە ئاستی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماتی و بەرژەوەندی ئابووری دوو لایەنە، ئەمرۆ ئێمە بووینەتە بەشێك لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووینەتە بەشێك لە هاوکێشەی ئابووری جیهان وبۆرسەی نەوتی جیهان، هەرێمی کوردستان دەروازە سنوورییەکانی بونەتە رێرەوێکی بارزگانی و بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێماندا، لەمەش گرنگتر ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی لە کوردستان دابینکراوە کاریگەری باشی بۆ دەوروبەریش هەیە، پێشتر وڵاتانی دراوسێ بەو چاوە سەیریان دەکردین ئەگەر ئێمە بە مافەکانی خۆمان بگەین، دەبینە سەرچاوەی ئاژاوە و پشێوی بۆ ئەوان، بەڵام لەماوەی ٢٠ساڵی رابردوو سەلماندمان کە ئەو هەرێمە فیدراڵیەی ئێمە بۆتە مایەی خێر و بەرەکەت و سەقامگیری و ئاشتی، خەریکە دەبینە بەشێك لە چارەسەری کێشەی ئەوانیش بە شێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتیانە، لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەی رابردوو مافی کەسمان پێشێل نەکردووە، بەڵکو رێزمان لەبەرامبەرمان گرتووە، ئێستا هەنگاوی باش چووینە پێشەوە مەحاڵە بگەرێینەوە بۆ داوە، بەڵام گرنگە یەکگرتوو بین و لەو راستیە بەئاگا بین کە هەڵوێستی سیاسی و داکۆکی کردن لەماف باجی دەوێت، بە درێژایی مێژوو لە پێناو هەڵویستەکانمان و لە پێناوی داکۆکیکردن لەمافی نەتەوەکەمان لەقوربانیدان نەترساوین، ئێستاش کە ئەم بارودۆخە هاتۆتە پێشەوە نابێت بترسین.

***هەندێ خزمەتگوزاری هەیە کە بۆ هاووڵاتی گرنگن وەك تەندروستی و شارەوانی و ئاسایشی ناوخۆ، ئایا ئێوە دەتوانن بودجە بۆ ئەو سێ لایەنە گرنگە دابین بکەن، بەتایبەتیش بۆ وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە کە ئارامی و سەقامگیری بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن؟**

**تەنها جێبەجێکردنی دەستوورە کورد دەبەستێتەوە بە عێراق، گەر ئەوانیش بەبێ باکی دەستوور پێشێل بکەن، ئێمەش دەزانین چۆن بڕیار دەدەین**

- لیژنەیەکی تایبەتیمان پێکهێناوە چۆن داهات زیاد بکەین و رێکیبخەین و خەرجی کەمبکەینەوە، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی ئەو خەرجییانە نییە کەبۆ ئیدامەدانی کاری رۆژانەی هەندێ وەزارەت و بوار پێویستن، ناکرێ پارەی نەخۆشخانەکان و سووتەمەنیی کارەبا ببڕدرێت، هەندێ خەرجی هەن زۆر پێویستن چ لە تەندروستی یان شارەوانی یان پەروەردە دەبێت بەردەوام بن، بەڵام هەندێ بواری دیکە هەن دەکرێت دوایان بخەین هەتا ئەم بارودۆخە ئاسایی دەبێتەوە، ئەمەش بۆ هەتا هەتایە نییە، بەڵکو تا ئەو کاتەیە کە ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەکەین، کە چارەسەرمان کرد دوای ماوەیەك ئاسایی دەبێتەوە، بۆیە لەم قۆناخەدا دەبێ سیاسەتی ئابووری رێکبخەینەوە.

بەبۆچوونی من راستە ئەم بارودۆخە لایەنی سلبی هەیە و لەوانەیە هەموو لایەکمان بۆ ماوەیەك ناڕەحەت بکات، بەڵام ئەگەر بە دیوەکەی دیکە سەیری بکەین هەست دەکەین لایەنێکی ئیجابیشی هەیە، ئەو لایەنەش ئەوەیە فێرمان دەکات دارایی خۆمان باشتر رێکبخەین و خەرجی لابەلا کەم بکەینەوە، واتە بڕیارو دۆخی دارایی باشتر بکەین، راشکاوانە ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت سیاسەتی پارە خەرجکردن بگۆڕین بۆ پارە پەیداکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی دیکە بۆ وڵاتەکەمان کەبتوانین پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان زیاد بکەین و جۆرێك هاوسەنگی لەئابووری کوردستان دروست بکەین و وای لێبکەین تەنها پشت بەداهاتی نەوت و ئەو داهاتە نەبەستێت کە لە بەغداوە دێت، بەڵکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار پەرەپێبدەین بەجۆرێك بەشێکی زۆری بەرهەمی نیشتمانی ناخۆ پێکبهێنن و ئابووری کوردستان کەبەهۆی سیاسەتی رژێمە داگیرکەرەکان و سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق توشی تاك رەهەندی بووە، چارەسەر بکەین و هاوسەنگی بکەینەوە، ئەمەش وادەکات لەکۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە ببین بە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن، واتا نابێت بۆ هەتا هەتایە پشت بەو داهاتە ببەستین کە لە بەغداوە بۆمان دێت، وەك وتم دەبێت بیر لەوە بکەینەوە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆ بەهێز بکەین، ئێمە ئێستا پێشکەوتووین بە تایبەتیش لە بواری نەوتدا و ژێرخانی باشمان درووستکردووە، پێویستە ستراتیژێکی ئابووری وا دابڕێژین کەداهاتی نەوت تەنیا بۆ خەرجی بەکاربردن و کاری رۆژانە خەرج نەکرێت، بەڵکو بۆ پرۆژەی ستراتیژی و بەرهەمهێن تەرخان بکرێت کە ببێتە مایەی ئەوەی پەرەپێدانێکی سەرانسەری لەکوردستان رووبدات و ئەو بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی ئێستا بگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ گرنگی تایبەت بەکشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بدەین و کار ئاسانی زۆر بۆ ئەو کەرتانە بکەین، هاوکات بایەخ بەکەرتی تایبەتی خۆماڵی بدەین و وای لێبکەین توانای مونافەسەو ئەنجامدانی کاری گەورەی هەبێت و فشار لەسەر حکومەت و خەرجی گشتی کەمبکەینەوە، پەندێك هەیە دەڵێ (ماسی مەدە بە خەڵك لە جیاتی ئەوە فێریان بکە کە چۆن ماسی بگرن) ئێمەش



دەبێ لەڕێگەی ئەم سیاسەتەوە دۆخی ئێستا بگۆڕین و وابکەین خەڵك کار بکات، نەك هەر ئەوە بەڵکو کارکردنیش وەکو فەرهەنگ خۆشەویست بکەین و وابکەین ئەوانەی کار دەکەن ڕێزی تایبەتیان لێبگیرێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە نەوت بایەخێکی زۆری هەیە کە هەنگاوی باشمان تیایدا بڕیوە، بەڵام لەسەرەتای ڕێگەداین، دە ساڵ کەمترە لەم بوارە ئیش دەکەین و دەوڵەتانی دیکەی وەك عێراق و دەوروبەر دەیان ساڵە ئیشی تێدا دەکەن، من ناڵێم ئەو سیستەمەی لە هەرێمی کوردستان هەیە زۆر لەو سیستەمەی عیراق باشترە، بەڵام ئێمە توانیومانە دەیان کۆمپانیای گەورەو ناسراوی دنیا بێنینە وڵاتەکەمان و بە سەدان ملیۆن دۆلار خەرج بکەن، لەبواری وزە، پەیوەندیی نێوان هەرێم و دەوڵەتان درووستبووە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ستراتیژی دروستی نەبووایە ئاوا بە ئاسانی درووست نەدەبوو، بەڵام دەبێ میللەتەکەمان ئاگاداربکەین کە ئەمە نیعمەتێکە دەتوانین وڵاتەکەمان پێش خەین، نەك وەکو جاران بە نەوتی خۆمان وڵاتەکەمان خاپوور بکرێت، ئەم جارە دەبێ بەداهاتی نەوت کوردستان ئاوەدان بکەینەوە و خۆشگوزەرانی و ئازادی و دیموکراتی تێدا دروست بکەین، هەموو جار نەوتی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ وێرانکردنی کوردستان بەکارهاتووە، ئەم جارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە کە قەناعەتی خەڵك بەکەرتی نەوت پتەوتر بێت لە ڕێگەی پێدانی شەفافیەتی زیاترو دروستکردنی متمانە کە ئەو نەوتە بۆ خزمەتی ئەوانە.

*** ڕاتانگەیاندووە کە لە هەفتەی داهاتوودا دەست دەکەن بەدابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران، تا چەند مانگ دەتوانن مووچە دابین بکەن، تا چەند حکومەت دەتوانێت لەو دوو مانگەدا کاری ئاسانی خۆی بەڕێوە ببات؟**

- مووچەی ئەم مانگە دابین کراوەو هەوڵ دەدەین بۆ مانگەکانی دیکەش مووچە مسۆگەر بکەین، بەڵام ئەگەر زۆر بخایەنێت، ئەو کاتە ئێمە بڕ یاری دیکە دەدەین.

*** ئەگەر حکومەتی هەرێم نەیتوانی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بارودۆخەکە چۆن دەبێتەوە، زۆر گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەرێم کارتی دیکەی بەدەستەوەیە دەتوانێت لە کاتی خۆیدا بەکاریان**

**بێنێت، ئایا ئەو کارتانە چین، ئایا دەتوانن راستەوخۆ نەوتی هەرێم بفرۆشـن کە ئێستا هەرێم بەشێکە لە عێراق، لەو حاڵەتەدا دووچاری ئاستەنگ نابنەوە؟**

- دەتوانین بەپێی دەستوور نەوتی خۆمان بفرۆشین، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانمان هەیە و بەپێی ئەو یاسـایانە کارەکانمان دەکەین، بێجگە لە نەوتیـش ئێمە هەندێ داهاتی دیکـەی ناوخۆییمان هەیە، بەم نزیکانەش یاسای فلزی و نافلزی (کانزا و ناکانزاکان) لە پەرلەمـان دەردەکەین، کانزاکانـی دیکەی ژێر خاکمان دەربێنین و بەرهەمی بێنین کە مافی رەوای خۆمانە، بەمە بتوانین ئابووریی خۆمان ببوژێنینەوە و پێشی بخەین، شان بە شـانی سیاسی بتوانین مافی خۆمان بەپێی دیالۆگ و ئاشتی مسۆگەر بکەین، ئەگەر ئەمانە نەبوون ئەوە ئەگەر و بـژاردەی دیکە هەیە، بەڵام ئەوە کێشـەی تری بەدواوە دەبێت.

*** زۆر کـەس باس لـەوە دەکەن کە مالیکی گوشـاری دەرەکی لەسـەرە بۆیە بەو جۆرە رەفتـار دەکات، ئێوە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ تورکیادا هەیە، ئەمەش مانای وایە گوشـارەکە هی تورکیا نییـە و بەڵکو هی دەوڵەتێکی دیکەی دراوسـێیە، ئایا بۆ خاوکردنـەوەی ئەم دۆخـە بەنیاز نین لەگـەڵ دەوڵەتانی دیکەش قسە بکەن؟**

- ئێمە لە هەموو دەرگایەك دەدەین و پەیوەندییەکانی خۆمان بە ئاراستەی چارەسەری قەیرانەکان بەکار دەبەین، پێمانوابێت لەکوێ دەرگایەکی باش بەسەر ئەم هەلومەرجەدا دەکرێتەوە درێخی ناکەین، پێمان خۆشـە ئێران و ئەمریکاو تورکیاش لەسەر خەت بن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هەتا نەتەوە یەکگرتـووەکان و کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی وڵاتانی جیهانی ئیسـلامی هەموویان لەسـەر خەت بن، تەنانەت چاومان لەوەشـە لایەنەکانی دیکـەی عیراق رۆڵی خۆیان ببینن، چونکە ئێمە ئەو کێشـەیەمان درووست نەکردووەو و حەز دەکەین چارەسەر بێت.

*** لەم کاتەدا خەڵك سـەرقاڵی پرسـی موچەو کێشەکانە لەگەڵ بەغدا، بەڵام لـە ناوخۆی هەرێم لێدوانەکان ئاماژە بەوە دەکەن لایەنە سیاسییەکان گەیشتوونەتە رێکەوتنێك بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشـتەمی حکومەتی هەرێم، ئایا تا کەی کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی هەشتەم کۆتایی دێت و پەرلەمان کۆدەبێتەوەو بەفەرمی کاندیدی سـەرۆکی حکومەت دەست نیشان دەکرێت؟**

- وەك ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی و ئەندامێکـی لیژنەی دانوسـتانکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشـتەم دەتوانم هێندەی پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردسـتانەوە هەیە، وەڵامتان بدەمەوە، بەدیدی ئێمە وەك یەکێتی، حکومەتی کابینەی هەشـتەم لەگـەل حکومەتی کابینەی حەوتەم جیـاواز دەبێت، لەبەر ئەوەی دەبێت کابینە لەدوای کابینە بەرەو پێشـەوە بچین و دەبێت زیاتر خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەین و شەفافیەت و رێکخستنی ئیش و کارەکان باشتر بێت، چونکە داخوازی و پێداویسـتی خەڵك رۆژ بە رۆژ بەرەو پێشـەوە دەچێت، ئومێدەوارم ئەو کابینە تازەیە بەرنامەیەکی باشـی هەبێت و داخوازییەکانی خەڵك جێبەجێ بکات، رەوشی سیاسی ئارام بێت، دۆخی ئابووری بەهێز بکات، کاك نێچیرڤان بارزانیش کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت راسپێردراوە، یەکێتی و هەموو لایەنەکانی بینیوەو پێدەچێت لە ماوەیەکی نزیکدا گفتوگۆکان بەئەنجام بگەن.

*** وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسـیی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و ئەندامی لیژنەی دانوسـتانکاری یەکێتی، دەتوانیت شێوازی دابەش کردنی وەزارەتەکانمان پێ بڵێیت؟**

- من تەنیا وەك لایەنی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، دەمەوێ رایبگەیەنم کە ئێمە پۆسـتی جێگری سـەرۆك وەزیرانمان داواکردوە بەپێی ئەو یاسـایەی کە لە پەرلەمان پەسندکراوە دەسەڵاتی خۆی هەبێت، هەروەها داوامان کردووە کـە یەکێك لە وەزارەتی ناوخۆ یان پێشـمەرگە بۆ یەکێتی بێت، وەزارەتەکانی دیکەش بە پێی ئیسـتحقاقی خۆمان و رێکەوتنی ستراتیژیی دابەش بکرێن.

*** بەڕێزتان لەگەڵ بەڕێـز نێچیرڤان بارزانی ئەزموونێکی گـەورەی بەیەکـەوە کارکـردن و بەیەکـەوە گونجـان و هەماهەنگی کردنتان هەبووە، ئایا تا چەند مانەوەی تۆ لە پۆستی جێگری سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ سەرکەوتنی کابینەی تازەی حکومەت؟**

- راسـتە لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانـی هەماهەنگ و هاوکاربووین وئامانجی هەردووکیشمان سەرخستنی بەرنامەی کابینـەی حەوتەم بوو، بەڵام بۆ مانەوەم لەم کابینەیە تازەیە و لەهەمان پۆست ئەوە سـەرکردایەتی سیاسیی حزبەکەی خۆم دەزانێت، بۆیە بەپلەی یەکەم بەرژەوەندیی کورد و دووەم یەکێتی لەکوێدا بێت ئێمە ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکەین.

*** دەمانەوێ لەسەر زاری جەنابتانەوە هەواڵی تەندروستیی بەڕێز مام جەلالمان پێ رابگەیەنیت، کە گوێمان لێ دەبێت رۆژ لە دوای رۆژ تەندروستی بەرەو باشتر دەڕوات؟**

- لە رێگەی خانەوادەی سـەرۆك تاڵەبانی و بەڕێز دکتۆر نەجمەدینەوە ئەوەمان پێدەگات کە رۆژ بەرۆژ تەندروسـتی باشـتر دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ سـاڵی پێشـتر هەروەك دکتۆرەکان باسـی دەکەن پێشکەوتنی باشتر لە تەندروستی بـەدی دەکرێت، هیوای چاکبوونەوەی بەپەلەی بۆ دەکەین، بەڕێز مام جەلال بۆشـاییەکی بەجێ هێشـتووە نەك هەر بـۆ یەکێتی بەڵکو بۆ کوردسـتان و عیـراق و ناوچەکە، نەخۆشـکەوتنی دوورکەوتنەوەی ئەرك و بەرپرسـیارێتی سەرشـانی کاك مسعود بارزانی قورسـتر کردووە، چونکە بەیەکەوە بەرپرسـیارێتی قۆناغی تازەیان لەئەسـتۆ بووە، مام جەلال لەناو یەکێتی و کوردسـتان و عێراق و ناوچەکە جێـی دیارە، ئومێدەوارین بە زووترین کات بگەڕێتەوە لامان و بتوانێـت ئەو دەسـتکەوتە کە بـە رابەرایەتی و بە رەنج وتەقەڵای ئەو هاتۆتەدی زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ.

**هەندێ لایەن لە بەغدا چاویان بەرایی نایەت ببینن کوردستان پێشدەکەوێت، چاویان بەرایی نایەت کە دەبینین لە کوردستان ئازادی و سەقامگیری و دیموکراتی هەیە،چاویان بەرایی نایەت کوردستان ئاوەدان بێت و رۆژ بەرۆژ ژێرخانی ئابوری زیاتر پتەو دەبێت**

**حکومەتی عێراق بۆتە حکومەتی لایەنێک و تەنها کەسێک و ئەم وڵاتە بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات و تەنها کێشەی لەگەڵ کورد نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ عەرەبی سوننە و لەناو پێکهاتەی شیعەشدا کێشەی هەیە، ئێمەش وەک کورد کراوینەتە بەشێک لەم هاوکێشەیە**

# با نەڕوخێین



پ. جەماڵ ڕەسوڵ محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەم ماوەیەدا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێك بووم بە ناونیشـــانی: بۆ نیشتیمانان دەڕوخێن - بنەماکانی هێز و گەشەســەندن و هەژاری کــە لەلایەن دوو پرۆ فیســۆری قوتابخانــەی ئابــووری لەندەنەوە (London School of Economics) نوســراوە بە ناوی (دارون حەکیم ئۆغلۆ و جەیمس ڕۆبنسون-٢٠١٢).

بێگومــان هەر کەسـێك بــە ووردی ئــەم کتێبە بخوێنێتەوە، بە یەکێك لە سەرچاوە هەرە ناوازەکانی دادەنێــت کە بە بەڵگــەوە بیانووەکانــی لاوازیی ئابووری و بەخت و ڕەگەز و ڕەنگ و ســەردەم و دیانەت و جوگرافیا و گەلێکی تریشیان نە توانست و نە دواکەوتــن و نە هەژاری ڕوون دەکەنەوە. ئەم نووسەرانە، نموونە بەدوای نموونەدا و دەیان ساڵ و سەدان ساڵ بە دوای سەدان ساڵدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ســەروو خوارووی زەوی ئەو هەنگاوە ڕاســت و چەوتانە مەبەســت لە پەیڕەوکردنیان و ئەنجامەکانیان بە سەرکەوتن و بە رووخان، بە روونی دەخەنە بەر دەستی خوێنەرەوە بە هیوای سوود لێ وەرگرتن لەلایەن ئەو وڵات و لایەنانەی کە ئێســتا بوونیان هەیە یان لە داهاتوودا دەبن، ڕەوتێك بگرنە بەر کە داهاتوویان هەبێت و نەڕوخێن.

ئێمەی کورد لەم ســاتە هەستیارەی مێژووەدا، هەر تاکێکمان بەرپرسیاریەتیەکی گەورە لەسەر شانیەتی کە بە بۆچوونی خۆم هەر یەك ساڵ دواخستن یان دواکەوتن لە هەوڵی ڕووناککردنەوەی و دابینکردنی دوارۆژمان، دە ســاڵ لەســەرخۆمان و نەوەکانی داهاتوومان دەکەوێت و هیچ پەشیمان بوونەوەیەکیش دادمان نادات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش هیواخوازم کە گشت سیاسەتمەدارو بڕیاردەرانمان بە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ئاشنابن و هەر بەو هۆیەشەوە وەك پێشینانمان وتوویانــە، ئەوەی گوڵ نەبێت بــا دڕك نەبێت و ئەوەی دەیەوێت دڕك بێت، با هەر دڕکی خۆی بێت و لە کۆمەڵگاکەی هەڵ نەچەقێت. لەگەڵ ڕەوتی لاپەڕەکانی ئەو کانزای زانســتییە، سروشتیە کە بــەراورد بە دۆخی هەرێمە نازدارەکەمان بکرێت بە هیوای نەك تەنها دەستنیشانکردنی ئەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی بنیادنانی نیشتیمانێکی بنکە پتەو بۆ خۆشــگوزەرانییەکی بەردەوام و کوردستانێکی ئاوەدان و یەکەم نموونەی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بەڵکو ئەو هەنگاوە نامۆیانەش کە خوا

**با حکومەتەکەی داهاتوومان لە ژێر هیچ پاساوێکدا سازش لەسەر بەسەربەخۆکردنی کوردستان نەکات و؛ بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا زیاتر بچەسپێنێت و دیانەت و حکومڕانی تێکەڵ نەکات**

**بنیادنانی کەسایەتی کوردستانی و دارشتنەوەی پتەو بەرەو بەدامەزراویکردنی هەرێم هەنگاوی گەورەن بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە پێشەنگی گشت پێشەنگەکان**

نەخواستە دەبنە ئاستەنگ لەو دیدەدا.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، بەخۆشحاڵییەوە دەکرێت شانازی بەو ڕەوتەوە بکرێت کە تا ئێستا هەرێمی کوردستان گرتویەتیەبەر و ئەو دەستکەوتانەی کە تائێستا بەدی هاتوون لە هەبوونی سیستمێکی حکومڕانی بە هەڵبژاردن و باڵەکانی تەشریعی و تەنفیزییەوە و ڕێگا پێدانی دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن و گەشەسەندنی کەرتی تایبەت و ئابووری لە ئاستێکی بەرچاودا و کارکردن لە سەر بنیادنانی ژێرخانێکی شایستە لە پێداویستە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی. لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی گشت تەنگوچەڵەمەکاندا کە تا ئێستا هێنراونەتە ڕێگا، ئەو هەنگاوە زێڕینانەی کە بڕیاردەرانی هەرێم ناویانە بەرەو سەربەخۆیی ئابووری و گەیاندنی نەوت و گاز بە ڕاستەوخۆ بۆ بازاڕەکانی جیهان و بەهێزکردنی پێگەو پێناساندنی هەرێم لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، ئەمانە گشتیان نیشاندەری دامەزراوەی ئابووری بەرفراوانن (Inclusive Economic Institution) کە نوسەران لە توێژینەوەکانیاندا ناوی دەبەن کە سەرکەوتوو بەردەوام لە بەرامبەر بە دامەزراوەکان کە هەرگیز لە ژێر گشت بارودۆخەکاندا بە درێژایی مێژوو ڕووخاون و ناوی ئەو شێوازەشیان بە دامەزراوە ئابوورییە دەرکێشەرەکان (Extractive Economic Institution) ناوبردووە. هەر چەندە لە نێوان ئەم دوو شێوازە بەڕێوەبەرایەتییەدا بەهێزی و پێشکەوتن و نەهامەتی و هەژاریشیان شیکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا ئاماژەی زۆر ووردو بەنرخیان داوە بەو وردەکاریانەی کە لەوانەیە بە سەرزارەکی بە گرنگ نەناسرێن، بەڵام جار لەدوای جار ڕەوتی مێژوو چارەنووسی کۆمەڵگاکانی بەلاکانی ڕاست و چەپدا بردووە. مەبەستە سەرەکییەکان لەم ڕاپۆرتەمدا ئەوەن کە جگە لەوەی کە ئەو سەرچاوە بەنرخە بە کۆمەڵگاکەمان بناسێنم بۆ سوود وەرگرتن و ئاماژە بە چەند خونچە گوڵ و چەند دڕکە ژەهراوییەك بکەم وەك هەڵبژاردەکانی کە دەکرێت یاریدەدەرمان بن لەم قۆناغە هەستیارەدا، بە هیوای دابینکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوومان و پاراستنمان لە ڕووخان، با نەڕووخێین.

لە مێژوودا ململانێ لەسەر دەسەڵات و شێوازی دابەشکردنی؛ وڵاتانی بەلادا داوە، هەر وەك لە ڕۆمای کۆن و ڤینیسیادا کە دەسەڵاتدارەکان سەرکەوتن و دەسەڵاتی زیاتریان بەدەستهێنا، بەڵام بە قۆرخکرن و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا.

لە ساڵی ١٢١٥دا دەستەی پیاوە ماقوڵان (لۆردەکان) کە کاریان بۆ پاشا جۆنی بەریتانی دەکرد، لە وینزەر پالاسی کۆن (نزیك بە شاری لەندەن) پاشایان ڕازی کرد ئەو دارشتەیە واژووبکات کە لە مێژوودا بە ماگناکارتا (Magnacarta) ناسراوە، کە چەند بنەمایەکی تێدابوو بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە پاشاوە بۆ ئەنجومەنێکی بیست و پێنج بڕیاردەر کە لۆردەکان لەناو خۆیاندا دەستنیشانیان دەکەن. یەکەم پەرلەمانی بەریتانی لە ساڵی ١٢٦٥دا پێکهێنرا. ئەم پەرلەمانەش تەنها نوێنەرایەتی دەوڵەمەندان و باڵادەستانی وڵاتەکەی نەکرد بەڵکو باوەشی بۆ هاووڵاتییان کردەوە کە لەناویاندا جوتیاران و بازرگان و وەبەرهێنەران و بەهرەدارانی هەردوو ڕەگەزەکەی کۆمەڵگا و بەبەردەوامی ڕێگری زیادکردنی دەسەڵاتداری پاشایان کرد و لە شۆڕشە مەزنەکەی بەریتانیادا ماگناکارتا مایەوەو بوو بە یەکەم بەردی بناغەی کۆمەڵگایەك و ئابوورییەکی گشتگیر لە جیهاندا.

بە کۆتایی هاتنی شۆڕشە مەزنەکەی بەریتانیا و گەڕانەوەی پاشا ولیەم و سوپاکەی لە هۆڵەنداوە و لەگەڵ بە پاشا کردنی لە پەرلەمان، لە سەر دەستورێکی تازە ڕێکەوتن کە بە ڕێسای هەق (Bill of Rights) ناسرا. هەر بە یاسابوونی ئەم نوسراوەیەش، شێوازی پاشاگەری پێناسە کرا و ڕێگا لە پاشا بەسترا کە بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان بتوانێت باج بگۆڕێت یان کۆی بکاتەوە. گۆڕانکاری لە یاساکاندا و هەڵپەساردنی پەرلەمانیش لە دەستی پاشا سەنرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم یاسایە هێندە تۆکمە دانەڕێژرابوو کە پەیڕەوکردن و چەسپاندنی بە ئاسانی بڕوات بەڕێوە. لە دوای ساڵەکانی ١٦٨٨ ەوە، پاشا زۆربەی دەسەڵاتە شاهانەکانی ڕادەستی پەرلەمان کرد و بەدوای ئەوەشدا وڵات بەرەو گشتگیری هەنگاوی نا و لە ساڵی ١٧٠٧ دا بەریتانیای مەزن دروست بوو بە یەکگرتنی ئینگلستان و سکۆتلاند.

هەر لە ڕێگای پەرلەمانەوە ڕێگا بە کۆمەڵگا درا کە بۆچوون و نارەزاییەکانیان بەرز بکەنەوە و وا بکرێت کە هەست بکەن پەرلەمان گوێبیستی داواکارییەکانیان دەبێت. هەرچەندە لەو ساتەدا دیموکراسیەکی تەواو دانەمەزرابوو تەنها ڕەگەزی نێر دەیتوانی دەنگ

بدات و ئەو بەشـــە کە دەکرا دەنگ بدات ڕێژەکەیان لە ٢./ی کۆمەڵگا تێپەڕی نەدەکرد و ئەو شـــارانەی کە شۆڕشی پیشەســـازی تێیاندا گەشەی سەندبوو وەك برمنگهـــام و لیـــدز و مانچســـتەر و شـــێفیلد نوێنەریان لـــە پەرلەماندا نەبوو، بـــەڵام لە ڕێگای خۆپیشـــاندانی جەماوەرییەوە توانیان داخوازییەکانیان بـــە پەرلەمان بگەیەنن و پەرلەمانیش گوێبیســـتیان دەبوو. بەم شـــێوازە کۆمەڵگا خۆی دەســـت باڵا کرد و دوا بەدوای ١٦٨٨ سیســـتمێکی بنکەفراوان بەرپا بوو. پەرلەمان کەوتەخۆی بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە دامەزراوە ئابوورییەکاندا بۆ گەشەی کارگەسازیی. دوابەدوای ئەوە گرنگی درا بە سیستمی بانکی و لە ســـاڵی ١٦٩٤ دا بانکە سەرەکیەکە کە تا ئێستاش بە بانکی ئینگلاند ناســـراوە دامەزرا، وەك سەرچاوەیەك بۆ پشـــتگیری و دابینکردنی دراو بۆ دامەزراندنی کارگە و بازرگانی و پیشەســـازی. ئەمەش وایکرد کە لە دەســـتپێکی ســـەدەی هەژدەوە گشت لایەن و کەســـایەتییەك بتوانن پشـــتگیریی بۆ پڕۆژەکانیان بەدەست بهێنن.

ئەوەی ســـەرنج ڕادەکێشـــێت ئەوەیە کە نووسەرانی کتێبەکـــە، ئـــەم دواکەوتوویییەی کە گشـــتمان لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا بەدیی دەکەیـــن، دەخەنە ئەســـتۆی سیاســـەتەکانی دەوڵەتـــی عوســـمانی. نووســـەران بەبەڵگەوە بنەماکانی تۆکمەیی و تەمەن درێژیی و بەردەوامی نیشـــتیمانی و خۆشگوزەرانی نیشـــان دەدەن و بە هەبوون و نەبـــوون و پابەند بوون و پابەنـــد نەبـــوون بـــە حکومەتـــی دامەزراویی و نموونەکانی ئەڵمانیاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێش ڕووخانی دیوارەکەی بەینیان و دووپارچەکەی شاری نۆگالیس لەنێـــوان ئەریزۆنای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکسیك و کۆریاکانی باکوور و باشوور و ئەمەریکاکانی باکوور و باشوور و حەبەشەی کۆن بە بەراورد لەگەڵ ئەسیوپیای تازە و تەنانەت وڵاتەکانی ئەورووپـــا بە بەراورد لەگـــەڵ ئەفریقادا. هۆیەکانی داهاتی سروشـــتی و جوگرافیـــا و ڕەگەز و ڕەنگ ئەو جیاوازیانەی کە بەئاشـــکرا بەدی دەکرێن، ڕوون ناکەنەوە و ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کە بەریتانیای کرد بەو بەریتانیایەی کە هەیە، دەوڵەمەندی نەبووە بەڵکو دامەزراوە ڕامیـــاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بووە کە دایان ڕشتووەو پەیڕەویان کردووە.

ئێمەی کوردیش بـــا وانە لەو هەمـــوو نەهامەتیانە وەربگرین ڕێگا نەدەین بەرژەوەندییە تەســـکەکان زاڵ بن بەســـەرماندا و کوردســـتانە نازدارەکەمان بکەینە پێشەنگی گشت پێشەنگەکان.

■

**با حکومەتەکەی داهاتوومان:**

■لە ژێر هیچ پاساوێکدا سازش لەسەر بەسەربەخۆکردنی کوردستان نەکات.

■ بنەماکانی دیموکراسی زیاتر بچەسپێنێت.

■ سەروەری یاسا بچەسپێنێت.

■ دیانەت و حکومڕانی تێکەڵ نەکات.

■ بنیادنانی کەســـایەتی کوردســـتانیی بـــە تواناو سەربەخۆ بکات بە بنەمای سەرەکی.

■ بە داڕشـــتنەوەیەکی پتەو بەرەو بەدامەزراوەکردنی خۆی هەنگاوی گەورە بنێت.

■ خزمەتگوزاری گشـــت کوردســـتانیان بێت بەبێ جیاوازی.

■ گرنگی تەواو بە بەهرەداران بدات.

■ کەسانی شایستە دەستەبەر بکات لە کارەکانیدا.

■ مۆنۆپۆلی بنبڕ بکات.

■

**با کۆمەڵگای کوردستانی:**

■ کار لەســـەر ئەوە بکات کەچی هەیە پێشکەشـــی کوردســـتانی بـــکات پێش ئەوەی دەســـتی لێ پان بکاتەوە.

■ بە هیچ دروشـــمێکی لاوەکی خۆی تەفرە نەدات و تەفرە نەدرێت.

■ پشـــتگیرو پارێزەری هەنگاوو دەســـتکەوتەکانی حکومەتەکەی بێت بەرەو سەربەخۆیی و ئاسوودەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

■ بنیادنەر بێت و ڕوخێنەر نەبێت.

وەك ئەرکێکی نیشـــتیمانی ســـەرەکی، با گشـــت کوردستانییەکان پشـــتگیری تەواوی بەدەستهێنانی ئابوورییەکی سەربەخۆبین دوور لە هیچ پێشبڕکێیەك. بەر لە گرنگیدان بە بژێوی و تەندروستی، بە زانستیانە گرنگی بدەین بە بنیادنانی کەســـایەتی کوردستانی کە توانای هۆکاری بنیادنانی دوارۆژێکی ڕووناکی هەبێت و هەســـت بە هاوبەشـــی بکات لە بڕیارداندا بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی با دوا ڕۆژێکی ڕووناك و بەردەوام بەرپا بکەین. با نەڕوخێین.

*** ڕاوێـــژکار لـــە وەزارەتی پلاندانانـــی حکومەتی هەریمی کوردستان**

■

**دەکرێت کورد شانازی بەو رەوتەوە بکات کە هەرێم گرتوویەتییە بەرو سیستمێکی حوکمڕانی هەڵبژێردراوو باڵەکانی تەشریعی و تەنفیزی و ڕێگاپێدانی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی لێکەوتۆتەوە**

■

**ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کە بەریتانیای کرد بەو بەریتانیایەی کە هەیە، دەوڵەمەندی نەبووە بەڵکو دامەزراوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بووە کە دایان ڕشتووەو پەیڕەویان کردووە**



پرۆفیسۆر جەین فۆنتەین بۆ گوڵان:

# دەستەبژێری تۆتالیتار هاوپەیمانەکانی وەک دوژمن سەیر دەکات بۆ ئەوەی بە بەهێزی دەربکەوێت بەڵام دەوڵەت بەرەو فاشیلبوون دەبات

**پرۆفیسۆر جەین فۆتەین بێجگە لەوەی تیۆریستە لەبواری تەکنەلۆژیی لە هەمان کاتدا یەکێکە لە ئوستادە دیارەکانی زانستی سیاسەت و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ماساچۆستچ و بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری سەنتەری نیشتمانی-یە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی لەهەمان زانکۆ، پێشتریش ئوستادی حکومەت بووە لەزانکۆی هارڤارد و بەوە بەناوبانگە کە پرۆفیسۆر جەین کار لەسەر گۆڕینی دامەزراوەکان دەکات بەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە حکومڕانیدا. بۆ قسەکردن لەسەر حکومڕانی لەدەوڵەتی فاشیلدا و ئایندەی ئەو دەوڵەتە فاشیلانە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر جەین فۆتەین کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر هۆکارەکانی فاشیلبوونی دەوڵەت ئەنجامدراون، کۆدەنگیەك هەیە بەوەی ئەو دەوڵەتانە بەرەو فاشیل بوون دەچن، کە تیایدا دەستەبژێری حکومڕان، هاوبەشە سیاسییەکانیان وەك دوژمن سەیر دەکەن، ئایا بۆچی لەگەڵ دەرکەوتنی ئایدلۆژیەتی بەدوژمن سەیرکردن، ئیدی دەوڵەت بەرەو فاشیلبوون دەچێت؟**

- لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم بیرۆکانە لای دەستەبژێری حکومڕانەوە هەستێك لایان دروست دەبێت بەوەی بەم ڕێگەیە بەهێز دەبن، بەڵام لەمەودای دووردا ئەم بیرۆکانە دەوڵەتەکە بەرەو فاشیلبوون دەبات، لەسەرەتادا ڕەفتاری ئەم دەستەبژێرە وا دەردەکەوێت کە گرتنەبەری ئەم ستراتیژیەتانە شتێکی سەرنجڕاکێش دەبێت، لەبەر ئەوەی هەستی خەڵکی بەرامبەر بە دەوڵەت زیاتر دەکەیت کاتێك لەوانی دیکە دوژمنێك دادەتاشیت و کێشەیان لەگەڵدا دەخوڵقێنێت، واتە وا دەردەکەوێت کە تۆ سەرکردایەتیەکی بەهێزت هەیە، بەڵام لە

مەودای دووردا کاتێک وڵاتەکە پێویستی بە شەریکێک دەبێت، ئەوا کەسێک نادۆزێتەوە کە هاوکاری بکات یان کاری لەگەڵدا بکات. کەواتە ئەمە بە تێپەڕبوونی کات ڕوون دەبێتەوە کە ستراتیژیەتێکی شکستخواردووە.

*** لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، دەستەبژێری تۆتالیتار هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەکان دەدات بە تایبەتی دەسەڵاتە ئابووری و سەربازیەکان بۆ پاراستنی دەسەڵات. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان بڕمێت، ئایا تاچەند گەل باجی ڕەفتاری دیکتاتۆریانە دەدات؟**

- کاتێک دەسەڵاتێک نەتوانێت بە هاوبەشی لەگەڵ پێکهاتە سیاسییەکان وڵات بەڕێوە بەرێت، ئەوە بەڵگە نەویستە کە پەنا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان ببات، پێش هەمووشیان ئابووری و سەربازی، کە ئەمەشی کرد بێگومان دەبێتە کێشە بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی خەڵک لە کۆمەڵگەکەدا و لە بواری ئابووریدا پێویستیان پێیەتی، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سەرچاوە و بایەخدانەکان بە ئاڕاستەی نوێگەری نەبێت کە هەمو کۆمەڵگەیەک پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی هەنگاو لەگەڵ تازەگەری تەکنەلۆجیادا هەڵبگرێت و سیستمی پەروەردەیی و سیستمی گواستنەوەی خۆی باش بکات. کەواتە تەرکیزی چڕ لەسەر چەند کەرتێکی کەم تەنها لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتدا زیانبەخشە لەسەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

*** بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم سیاسەتە دیکتاتۆرییە، دەستەبژێری حکومڕان پەنا بۆ کوشتن و دەستگیرکردن و سەرکوتکردنی ڕکابەرە سیاسییەکان دەبات و پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکانی دیکە کاردانەوەیان دەبێت، ئایا تاچەند بارودۆخێکی لەم شێوەیە وڵات بەرەو شەڕی ناوخۆیی پەلکێش دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بارودۆخی لەو چەشنە وڵات بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی دەبات، لەبەر ئەوەی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێتە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی، ئاشکراشە ڕوودانی شەڕی ناوخۆیی جێی داخە و دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە و دەبێتەهۆی ئەوە چەندین کەس ببنە قوربانی و گیان لەدەست بدەن و ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت. لەبەر ئەوە نابێت بکرێتە ڕێڕەوی پەسەندکراوی کارکردن، چونکە باجێکی زۆری دەوێت. بەڵام بێگومان ئەگەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و شەراکەت لە نێو پەرلەمان یان ئەنجومەنی نیشتمانی یاخود دامەزراوە نوێنەرایەتییەکانی دیکەدا مومکین نەبوو و ئەگەر ڕێگە بە دەربڕین و دەنگ و بیروبۆچوونەکان نەدرا، ئەوا بەڵێ ئەمە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ، بەرەو دەرئەنجامێکی زۆر زیانبەخش.

*** ئایا لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا چەند هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمایەتی و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟ و هەروەها تا چ ڕادەیەک تیرۆریزم سوودمەند دەبێت لەو کەلێنە ئەمنیەی لەلایەن دەوڵەتە شکستخواردووەکانەوە دروست دەکرێت؟**

- بەڵێ من لەگەڵ ئەمەدا هاوڕام لەبەر دوو خاڵ. یەکەمیان ئەوەیە ئێمە دەزانین کە زۆرێک لە سنوورەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سنووری دەستکردن، کە هاوپەیمانێتی ئیتنی یان ئایینی یاخود مێژوویی لە نێوان ئەو سنوورانەدا هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ناوچەکە بە تێکڕا و هاوپەیمانێتیەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرین. ئەوەی پەیوەندی بە تیرۆریزمیشەوە هەبێت، ئەوا توانایەکی بەرزی کارکردنیان هەیە لە جیهانێکی پشتبەیەکبەستوودا، واتە کاتێک بنکەیەک دادەمەزرێنن لە دەوڵەتێکی شکستخواردودا، ئەوا دەتوانن لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریان هەبێت. کەواتە بەڵێ ئەمانە کێشەی نێودەوڵەتین و تەنها کێشەی ئیقلیمی یان کێشەیەک نین لەسەر ئاستی وڵاتەکە.

*** بەڵام ئەم بارودۆخە ئێستا لە عێراق و سوریا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و تیرۆریستان سوودێکی گەورەیان لە لاوازی و فاشیلی هەردوو دەوڵەتی سوریا و عێراق بینیوە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە ئاڵۆزەدا بکرێت؟**

- هەروەک پرسیارەکەی ئێوەش ئاماژەی پێدەکات ئەمە بارودۆخێکی تەواو ئاڵۆزە، سەرەتا ئەوە کارێکی ئاسان نییە کە تیرۆریستان و موعارەزەکان لێک جیابکەیتەوە کە بزانیت کێ تیرۆریستە و کێ موعارەزەیە و کێ کێیە. ئەوەی پەیوەندی بە تیرۆریزمەوە هەبێت، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە سەرکردە تیرۆریستیەکان کێن و کێن ئەوانەی ڕەنگە هەندێ لە ئامانجەکانی تیرۆریستان جێبەجێ بکەن، بەڵام خودی خۆیان گرووپێکی تیرۆریستی نین؟ مەبەستی من ئەوەیە کە پرسیارەکە ئەوە نییە کێ تیرۆریستە و کێ تیرۆریست نییە، بەڵکو ئاستی جیاوازی تیرۆریست هەن، کەسانێک هەن ئامادەن کاری تیرۆریستی بکەن و کەسانێک هەن بە تەواوی پابەندن بە تیرۆریزمەوە و خەڵکانێک هەن کردەوەگەلێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن، بەڵام – بەدەر لەو کارانە-تیرۆریست نین. کەواتە زۆر زەحمەتە کە چاودێرێک یان شارەزایەکی دەرەکی ئەوە یەکلا بکاتەوە کە یاریزانەکان کێن و ئامانجەکانیان چییە لە مەودای دووردا. و زۆرێک لە گرووپەکان پاڵنەرە دوور مەوداکانیان دەشارنەوە بۆ ئەوەی سوود لە بارودۆخەکە و لەو پشێویە وەربگرن کە لە سوریادا هەیە. کەواتە زەحمەتە گرووپ و هاوپەیمانێتیەکی لە یەکترئاڵا جودا بکەیتەوە و بزانیت چۆن دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت یان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەیت.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا وتەیەکت هەبێت و ئێمە پرسیارمان نەکردبێت، ئێستا دەتوانیت پێمان بڵێیت؟**

- دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم دەستەبەرداری ئومێد و هیواکانتان مەبن. دووەم دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کاتێکی زیاتریان پێدەچێت و لەوە قورسترن کە زۆرێک لە خەڵکی بیریان لێدەکەنەوە. ئەم کێشانە بە ماوەیەکی کورت دروست نەبوونە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ماوەیەکی کورت چارەسەر بکرێن، تاوەکو بتوانین نوێنەرایەتیەکی شەفافتر بێنینەئاراوە، ئەوا دەتوانین دیالۆگ و گفتوگۆی زیاتر بکەین و دەتوانین حکومەتێک پێبکهێنین کە هاوکاری کردن لە خۆبگرێت و کار بۆ هەمووان بکات.

**کاتێک دەسەڵاتێک نەتوانێت بە هاوبەشی لەگەڵ پێکهاتە سیاسییەکان وڵات بەڕێوە بەرێت، ئەوە بەڵگە نەویستە کە پەنا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان ببات، پێش هەمووشیان ئابووری و سەربازی**

**تەرکیزی چڕ لەسەر چەند کەرتێکی کەم تەنها لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتدا زیانبەخشە لەسەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە**



پرۆفیسۆر مایکل ئەندرسۆن بۆ گوڵان:

# چەمکی حکومڕانیی جیهانی ئەوەی پیشاندا بەتەنیا سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی کێشەکانی سەدەی ٢١ی پێ چارەسەر ناکرێت

**پرۆفیسۆر مایکل ئەندرسۆن ئوستادی زانستی حکومەتە لەزانکۆی تەکساس و تایبەتمەندە لە سوود وەرگرتن لە ئەقڵی ڕۆژهەڵات بۆ حکومڕانی لەسەدەی بیست و یەکەم و تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی: (دامەزراوەیەك بۆ پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی ئۆقیانووسی ئارام و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئەقڵی ئاسیا)، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆفیسۆر ئەندرسۆن یەکێکە لەو پسپۆرانەی جیهان کە بە بایەخەوە کار لەسەر هەستانەوەی ئاسیا دەکات و پێشبینی ئەوە دەکات لەسەدەی بیست و یەك بە تەنها بە لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا حکومڕانی ناکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر حکومڕانی لەسەدەی بیست و یەك و بیرۆکەی حکومڕانی جیهانی کە لەدوای نەمانی یەکێتی سۆڤێتەوە بانگێشەی بۆ دەکرێت، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەندرسۆن ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئەگەر لیبراڵ دیموکراسی وەك باشترین سیستم و میکانیزم بۆ حکومڕانی دانرابێت تاوەکو کۆتایی سەدەی بیستەم، ئەوا لە کۆتایی سەدەی بیستەم بیرۆکەی حکومڕانی جیهانی هاتە ئاراوە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە سەرجەم وڵاتان پیادەی حکومڕانی باش بکەن و هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵگرن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومڕانی جیهانی شتێکە و لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا شتێکی دیکەیە؟**

- ئەو تەرکیزەی بەم دواییە لەسەر چەمکی «حکومڕانیی جیهانی» دەکرێتەوە لە بەرامبەر لیبراڵ دیموکراسیدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا داننانە بەوەی تاقە سیستمێکی حکومەت لە ئارادا نییە کە چارەسەرەی بۆ سەرجەم کێشەکانی مرۆڤایەتی

پێبێت. لەبری ئەوە، پێشنیاری ئەوە کراوە کە پێویستە ئێمە هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و بۆ باشترکردنی میکانیزمەکانی ڕێکخستن و کارایی گشتی و ...هتد، کە ئەمانە بوونی دامەزراوە دیموکراتیەکان بە پێشمەرج ناگرن. بەڵام ئەو کاتە حکومڕانی لەسەر ئاستی جیهان بەهێزتر دەبێت ئەگەر نۆرمی هاوبەش هەبێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لێرەدا پێموایە دووبارە تەرکیزم لەسەر پەرەپێدانی سەروەری یاسا و هاندانی شەفافیەتی زیاتر و بەرپرسیارێتی زیاترە لە نێو حکومەتەکاندا کە نەك تەنها دەبنە هۆکاری باشتربوونی حکومڕانی، بەڵکو هانی گەشەکردنی هەستی دیموکراتیش دەدەن.

*** یەکێك لە بناغەکانی حکومڕانی باش، ئەوەیە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هەبێت کە لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکدا بێت، نەك تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو، ئەمە ئەوە دەخوازێت کە دادپەروەری بگیرێتەبەر، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکانی وەك چاودێری تەندروستی و بەگژداچوونەوەی هەژاری و پەروەردەیەکی باش وەك مافێك بۆ هەموو مرۆڤێك لێی بڕوانرێت، تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان کاریان بۆ ئەم ئامانجە کردووە؟**

- لە سەردەمی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەك سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانیی فشارەکانیان بە ئاڕاستەی گەشەپێدان پتر جەختی لەسەر پەرەپێدان و چاکسازی بازاڕ دەکردەوە، نەك لەسەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. پاکێجی ئەو بیرۆکانەی بە کۆدەنگی واشنتۆن «Washington Consensus» ناسرابوون کاریگەری سلبیان هەبوو لەسەر توانای وڵاتە تازە گەشەکردووەکان بۆ بەهێزکردنی ئەو بەرنامانەی دەوڵەت سەرپەرشتی دەکردن لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و کەمکردنەوەی هەژاریدا. پێدەچێت لەم ساڵانەی دواییدا ئاڕاستەکە گۆڕابێت، بە چەشنێك دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (بە سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان) ئێستا پتر جەخت لەسەر پێویستی بەرنامەکانی پەرەپێدان دەکەنەوە. کار و کۆششێکی زۆر هەیە دەبێت بکرێن، بەڵام بەلای کەمەوە ئاڕاستەی گفتوگۆکان ڕاست و دروستە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە قۆناغی دوای قەیرانە داراییەکانەوە «post-financial crises».

*** ئەو ئامانجانەی حکومڕانیی جیهانی بانگێشەی بۆ دەکرد تەوەرەکانی (پەروەردە و خوێندن، ئاسایش و ئاشتی، کەمکردنەوەی هەژاری)، لەسەر ئاستی جیهان دەکردەوە، بەڵام ئەمانە نەهاتنەدی، بەڵام ئێستا بەهۆی کرانەوە مەترسی دیکەش پەیدابوون وەك گواستنەوەی نەخۆشی بەخێرایی لە هەموو جیهاندا، کەواتە دەبێت سیستمێکی چاودێری تەندروستی جیهانیمان هەبێت، کەواتە تا چ ڕادەیەك چاودێری تەندروستی لەسەر ئاستی جیهان گرنگە لە سەدەی بیست و یەکدا؟**

- بە ڕەوچاوکردنی سروشتی دنیای جیهانگەرایی ئەم ڕۆژگارە، ئەگەری تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان لە هەر کاتێکی دیکە ڕاستەقینەترە، لەبەر ئەوە گرنگە ئەو ڕێسایانەی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە تەبەنی کراون پتر لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نەتەوەیی زیاتر بەهێز بکرێن و پێیانەوە پابەندبین.

*** لە پێوەندیدا بە بەگژداچوونەوەی نایەکسانی ئابوورییەوە، ئەوا ئەمە بە تەنها کێشەی ئەو وڵاتانە نییە کە ئابووریەکی لاوازیان هەیە، چونکە هەژاری لە وڵاتانی باشووردا تەنها کێشە نییە بۆ ئەم وڵاتە هەژارانە، بەڵکو هەژاری بۆتە کێشەیەکی جیهانی و کێشەی کۆچبەرانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە دەوڵەمەندەکان دروستکردووە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بەدەست کێشەی داراییەوە دەناڵێنێت، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان تێکڕای داهاتی نەتەوەیی دابەزیوە، چۆن دەکرێت ڕووبەڕووی هەژاری ببینەوە بۆ ئەوەی هەردوو لایەنەکە —وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکان-ڕزگاریان بێت؟**

- من مەیلی ئەوەم هەیە کە هاوڕابم لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەی «Oxford Martin Commission for Future Generations» پێگەیشتووە، ئەو ڕاپۆرتەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣دا بڵاویان کردەوە پێشنیاری ئەوە لە خۆدەگرێت کە بۆ ئەوەی هەژاری لە ڕەگ و ڕیشە و سەرچاوەکەیەوە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی جیهانی هەوڵی هەماهەنگکراو هەبێت «coordinated global effort» بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر مناڵان بکرێتەوە. دووچاربوون بە هەژاری لە سەردەمی گەنجێتیدا کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە بە درێژایی ژیانی ئەو کەسە بەردەوام دەبێت. سەلمێنراوە کە گرتنەبەری ڕێوشوێنە پەرەپێدراوەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی بەکارهێنانی گواستنەوەی مەرجداری پارەی کاش، ڕێگاچارەیەکی موژدەبەخشە بۆ دابینکردنی هاوکاری. لەوەش زیاتر، کارێکی بنەڕەتیە کە وەبەرهێنانی زیاتر لە ژێرخانی تەندروستی و پەروەردەییدا بکرێت.

*** لە وڵاتانی باشووردا وەبەرهێنانێکی کەم کراوە لە ئافرەتاندا، واتە لە سەدا پەنجای سەرچاوەکانیان بە هەدەرداوە، چونکە ئەگەر توانای ئافرەتان بەکار نەهێنرێت، ئەوا ئەم دەرئەنجامەت دەستدەکەوێت، واتە ئەگەر نیوەی دانیشتوان نەخوێندەوار بوون، ئەگەر یەکسانی نێوان پیاو ئافرەت نەیەتەدی، ئایا چۆن دەتوانیت هەنگاو بەرەو حکومڕانی باش هەڵبگریت؟**

- پرسی پەروەردە و پرسی وەبەرهێنان لە ئافرەتاندا دوو پرسی لێکدانەبڕاو و لێکجیانەکراوەن لە تێڕوانینی مندا. ماوەیەکە ئەو کۆدەنگیە دروست بووە لە ئاست ئەو ڕاستیەی کە کچانی پەروەردەکراو یەکێکە لە باشترین ئەو دەرئەنجامەی لە وەبەرهێنان لە وڵاتەکەدا دەکەوێتەوە لە ڕووی دابەزینی ڕێژەی مردنی مناڵان، کەمکردنەوەی نەخۆشیە گوازراوەکان و زیادکردنی توانای داهات. من هاوڕام کە گرنگی پەروەردەی کچان درێژ دەبێتەوە بۆ بواری حکومڕانی. ئەگەر بەرپرسیارێتی و لەخۆگرتنی هەموان لایەنگەلێکی بنەڕەتی حکومڕانی باش بن، ئەوا گرنگە پێگەی نوێنەرایەتی بە ئافرەتان بدرێت. تاکە ڕێگە بۆ ڕوودانی ئەمە بریتییە لە بەرفراوانکردنی بواری دەستڕاگەیشتنی ئافرەتان بە پەروەردەیەکی ئاست بەرز لە هەموو ئاستەکاندا.

**ئەو تەرکیزەی بەم دواییە لەسەر چەمکی «حکومڕانیی جیهانی» دەکرێتەوە لە بەرامبەر لیبراڵ دیموکراسیدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا داننانە بەوەی تاقە سیستمێکی حکومەت لە ئارادا نییە کە چارەسەرەی بۆ سەرجەم کێشەکانی مرۆڤایەتی پێبێت**

**ماوەیەکە ئەو کۆدەنگیە دروست بووە لە ئاست ئەو ڕاستیەی کە کچانی پەروەردەکراو یەکێکە لە باشترین ئەو دەرئەنجامەی لە وەبەرهێنان لە وڵاتەکەدا دەکەوێتەوە لە ڕووی دابەزینی ڕێژەی مردنی مناڵان، کەمکردنەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان و زیادکردنی توانای داهات**

# ئاشتەوایی تورکیا و ئێران

## دەرئەنجامەکانی لە سەر ئاستی هەرێمیدا

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**بەلای کەمەوە، کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر هەرێمی کوردستان KRG هەوڵەکان چڕتربکاتەوە بۆ بەهێزکردنی پێوەندییە ئابوورییە ئومێدبەخشەکانی لەگەڵ تورکیادا. ئەمە فاکتەرو هاندەرێکی گرنگتر بە ئەنقەرە دەدات، بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوەکەی لەگەڵ تاراندا لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد نەبێت.**



پاش ئەوەی بۆ دەیان ساڵ پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرەو تاران بە چەندین قۆناغی هاوکاری و دوژمنایەتی توندا تێپەڕیوە، ئێستا چەند ئاماژەیەك لە ئارادان کە دووبارە ئەو پێوەندیانە بکەونەوە سەر ڕێڕەوی سروشتی خۆیان. ئەو سەردانەی لە مانگی کانونی دووەمدا ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئێران کردی، بەرجەستەبووی دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییە بوو.

ئەردۆگان لە ماوەی گەشتەکەیدا ڕایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی وڵاتەکەی بریتی بووە لەوەی کە بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆریزم لەگەڵ ئێراندا «هاوشانی یەکتر ڕابوەستن». ئەگەری ئەوەش هەیە باشتربوونی پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران چەند ئاکامێکی گرنگی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق KRG و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێبکەوێتەوە.

بوونی هەر خواست و ئارەزوویەك بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی ئایینی تاراندا بکەیت، گەڕانەوەیە بۆ گرتنەبەری شێوازە سەرەتاییەکان، بەڵام لە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئەمە لە سیاسەتی تورکیادا ئاڵوگۆڕێکی دراماتیکی هەبووە. دوای ئەوەی ئەو داگیرکاریەی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا ئەنجامدرا، لە ئاکامدا بوو بە هۆی ڕوخاندنی سەددام حوسێن، هێزەکانی تورکیا و ئێران بە ئاشکرا لە ئەرکە سەربازییەکانیاندا لە دژی چەکدارانی پەکەکە و پژاك هاوکاری یەکترییان دەکرد، ئەو چەکدارانەی هەندێجار خاکی هەرێمی کوردستانیان KRG وەك پەناگەیەکی ئارام بۆ چالاکیەکانیان بەکار دەهێنا. لەوەش بەرفراوانتر، ئەنکەرە بەرهەڵستی ئەو سیاسەتانەی

دەکرد کە لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناتۆدا کاریان بۆ دەکرا بۆ توندکردنی سـزاکانی سـەر ئێران، وەك کاردانەوەیــەك لەبەرامبەر بەردەوامیدان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە. لە قۆناغێکدا، تورکیا لەگەڵ بەرازیــل ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی پێشـنیار کرد، کە پتر جێی سـەرنجی تاران بوو، نەك ئەو سیاسەتەی کە واشـنتۆن پێی باش بوو و تەفزیلی دەکرد بەسـەر سیاسـەتەکانی تردا. دەستپێشـخەرییە دوو قۆڵییەکە لەلایەن هیلاری کلینتۆنی وەزیـری دەرەوە بووە هۆی سەرزەنشتکردنێکی توند.

لە سیاقی پێوەندییە سیاسی و دیبلۆماتی و سەربازییە گـەرم و گوڕەکاندا، بازرگانی نێـوان تورکیا و ئێران هەڵکشـانێکی بەخۆوە بینیـوە. لــە بازرگانیکردنی هەردووسـەرەوە، لە قەبارەی ١ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠٠١دا، کەچی لە سـاڵی ٢٠١١دا گەیشـتۆتە ١٦ ملیـار دۆلار، ئەمەش بۆ واشـنتۆن و پایتەختەکانی دیکەی ناتۆ ئەوەندەی دیکە مایەی بێزاری بووە.

لەگەڵ ئەوەشـدا، شەڕی ناوخۆی سـوریا هاوکاری نێوان تورکیاو ئێرانی لە سـەر سکە لادا. پێوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ دیمەشـقدا، کـە هەرگیز پێوەندییەکی دۆسـتانە نەبووە، بێ ئەنـدازە بارگـرژی تێکەوت، لەو کاتەدا کە شـەپۆلی ئاوارە هەڵاتووەکانی دەسـت توندوتیژییـە بەردەوامەکـە سـنووریان تێپەڕاند بەرەو تورکیا. حکومەتەکەی ئەردۆگان چووە پاڵ سـعودیە و قەتەر بۆ پشـتیوانیکردنی ئەو یاخیبووانەی هەوڵی ڕوخاندنی بەشـار ئەسەدی دیکتاتۆری سوریایان دەدا. یەکەم، بە هـۆی ئەوەی تا ڕاددەیەکی زۆر، ئەسـەد گرنگترین هاوپەیمانی ئێران بووە لە ناوچەکەدا. دووەم، لەبەر ئەوەی سـەرکردەکانی ئێـران ڕاپەڕینی خەڵکی سـوریایان بە وەسـتانەوەی عەرەبی سـوننە لە دژی دەسـەڵاتی ڕژێمەکەی ئەسەد» ڕژێمی هاوپەیمانێتی کەمینەکان» لە قەڵەمدا. یارمەتییە دارایی و سەربازییە سـەخاوەتمەندەکانی سـعودیەو قەتەر بۆ یاخیبووەکان ئەوەندەی دیکە گومانەکانی تارانی لەسـەر ئەم پرسە تۆختر کردەوە.

گەڕانەوەی ئەنقەرە بەرەو ئەوەی پێوەندیگەلێکی باشی لەگەڵ ئێرانـدا هەبێت، ئاماژەیە بەوەی حکومەتەکەی ئەرۆدگان چیتر بەزین و شکسـتی ئەسەد وەك شتێکی حەتمی سـەیر ناکات، لەبەر ئەوە پێی باشـترە کە ئەو پێوەندییانە لەگەڵ تاراندا چاك بکاتەوە. هەروەها ڕەنگە ئەم گۆڕانە لە سیاسـەتدا ڕەنگدانەوەی نائاسوودەیی تورکیا بێت لە ئاسـت چۆنیەتی کاردانەوەی پێکهاتەی کوردەکانی سـوریا لە ئاست پشێویە ناوخۆییەکەی ئەو وڵاتـەدا، ئەوەش لـە ڕێی دروسـتکردن و پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرییەکی (ئۆتۆنۆمی ) دیفاکتۆوە لەو ناوچانەدا کە زۆرینەی دانیشتووانەکانی کوردن.

هەرچەنـدەش، لە هەمـان کاتدا، ئەنقـەرە هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتێك لە ئاست هەرێمی کوردستاندا KRG دەگرێتەبەر کە سیاسەتێکە لێك تێگەیشتن و خۆگونجاندن لە خۆدەگرێت. حاڵی حازر ئەوانەی سەرقاڵی بزنسن لە تورکیادا، پێکڕا هەرێمی کوردستان KRG کە هەرێمێکی سەقامگیرە، بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان بە ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشی دەبینن. ڕەنگە لەوەش گرنگتر، نەوت و گاز لە کوردسـتانەوە لە ڕێی بۆرییەوە بە قەبارەیەکی زیاترەوە بەرەو تورکیا هەنارده بکرێت.

ڕەنگە ئەو فاکتەرە ئابوورییانـە ڕێگری بکەن لەوەی تورکیا شەراکەتە نوێیەکەی لەگەڵ ئێراندا لەسەر بناغەی دوژمنایەتییەکی هاوبەش لە ئاست هەرێمی کوردستاندا KRGبنیات بنێت. هەرچۆنێـك بێت، چەند هۆکارێك هـەن بۆ ئەوەی چاودێـری دووبارە سـەرهەڵدانەوەی پێوەندییە دۆستانەکان لە نێوان ئەنقەرە و تاراندا بکەین. داکشـانی دوژمنایەتی لە نێوان دوو هێزی سەرەکی لە ناوچەکەدا ئەگەری پەرەپێدانی سەقامگیری زیاتری لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەوەتا لە سەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. بە تایبەتی دابڕانی تورکیا کە ئەگەری ئـەم دابڕانە زیاتر لە ئارادایە لـەو هاوپەیمانێتیەی بە سەرۆکایەتی سعودیە بۆ ڕووخاندنی ئەسەد پێکهێنراوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی گەیشـتن بە چارەسەرێك -لەسەر بنەمای سازشکردن- و بۆ شەڕی ناوخۆیی سوریا زیاتر کردارەکیانە بێت. هەموو ئەوانە چەند پەرەسەندنێکن کە بۆ داهاتوو مایەی پێشوازی لێکردنن.

بەڵام پێویستە سەرکردەکانی کورد لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکان بکەن، چونکە ئاشـتبوونەوەی تورکیاو ئێران بۆی هەیە لەسـەر کوردسـتانی عێراق ئاکامی سلبی لێبکەوێتەوە، هەروەها لەسەر پێکهاتەی کورد لە سوریا و ئێراندا. بەلای کەمەوە، کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر هەرێمی کوردسـتان KRG هەوڵـەکان چڕبکاتەوەبۆ بەهێزکردنی پێوەندییە ئابووریە ئومێدبەخشەکانی لەگەڵ تورکیـادا. ئەمە فاکتەرو هاندەرێکـی گرنگتر دەدات بە ئەنقەرە، بۆ ئەوەی ئاشـتبوونەوەکەی لەگەڵ تاراندا لەسەری بنەمای دژایەتیکردنی کورد نەبێت.

**شەڕی ناوخۆی سوریا هاوکاری نێوان تورکیاو ئێرانی لە سەر سکە لادا. پێوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ دیمەشقدا، کە هەرگیز پێوەندییەکی دۆستانە نەبووە، بێ ئەندازە بارگرژی تێکەوت**

**حاڵی حازر ئەوانەی سەرقاڵی بزنسن لە تورکیادا، پێکڕا هەرێمی کوردستان KRG کە هەرێمێکی سەقامگیرە، بە ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشی دەبینن بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان**

---

*** تـوێژەری باڵا و جێگـری سـەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامـۆژگای کاتۆ و نووسـەری گۆڤاری (زە ناشـناڵ ئینتریسـت) و (وەرزنامـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت) و (گۆڤاری گوڵان).**



## نێڵ رۆسندرۆف ستراتیژ ناسی جیهانی بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەرسێ رەهەندەکەی شەترەنجەکە بخوێنینەوە دەکرێت وەک مۆدیلی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، کوردستانیش دەوڵەتێکی تازە بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**پرۆفیسۆر نێڵ رۆسندرۆف تۆژەری باڵایە لە سەنتەری دیپلۆماسیەتی گشتی لە زانکۆی باشوری کالیفۆرنیا و ساڵانێکی دوور و درێژیش ئوستاد و نووسەر و راوێژکار بووە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لەسەر بابەتی پەیوەندار بە پەیوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و هەروەها کاریگەری کەلتور لەسەر دیپلۆماسیەت و رەنگدانەوەی لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئێستا لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە هەر ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهان دامەزراوە، بۆیە پرسەکە ئەوەیە رێکخراوێك لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دامەزرابێت، ئایا دەتوانێت بەهەمان شێوەی سەدەی بیست، سەدەی بیست و یەکیش بەڕێوە بەرێت؟ ئایا جیهان بیری لەوە نەکردۆتەوە پێویستە هەیکەلی ئەم رێکخراوە بگۆڕێت یان فراوانبکرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکە پرۆفیسۆ نێڵ رۆسندرۆف بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** نزیکەی ٢٥ ساڵ بەسەر ڕووخانی دیواری بەرلیندا تێدەپەڕێت و دەبینین کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردیش هێشتا ئەنجومەنی ئاسایش هەمان ئەو پێنج ئەندامە هەمیشەییەی هەیە کە لە سەردەمی شەڕی سارددا هەیبووە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەمان ئەو ڕێکخراوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمە، ئایا نەتەوە یەکگرتووەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەتوانێت جیهانی سەدەی بیست و یەك بەڕێوە ببات، لەبەر ئەوەی ئێستا جیهان گۆڕاوەو کێشەکانیش گۆڕاون؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، دوو شێواز هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە. یەکەمیان بریتییە لە شێوازی تیۆری و گریمانەیی، ئەوی دیکەیان لەڕووی پراکتیکیەوە، لەڕووی واقیعی پراکتیکەوە، مەبەستمان ئەوەیە بۆئەوەی هەر گۆڕانکارییەك یان فراوانکردنی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دروست بێت، ئەوا پێویستت بە ڕەزامەندی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت. بەڵام ئەمە-بەلای کەمەوە بۆ ئایندەیەکی دیاریش- ئەگەرێکی زۆر دوورە. ئایا لەم ساتەوەختەدا بەریتانیا و فەڕەنسا شایستەی ئەوەن هەر یەکەیان کورسیەکی هەمیشەییان هەبێت لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، لەم ساتەوەختەدا ئەمە مایەی مشتومڕە. گفتوگۆکراوە لەبارەی فراوانکردنیەوە بۆ نموونە بۆ ئەوەی ئەڵمانیا لە خۆبگرێت- ئەمە لە ڕوانگەی ئەورووپاوە- یان هیندستان بهێنرێتە ناوەوە، یاخود پێگەیەك بۆ ئەورووپای یەکگرتوو لەبری فەڕەنساو بەریتانیا دابنرێت، یاخود بەرازیل بهێنرێتە ناوەوە. بەڵام هەمیشە ئەمە پەیوەستە بە مافی ڤیتۆوە لەسەر ئەو جۆرە بەرفراوانکردنە، ئەوە کێشەیەکی بونیادی و کێشەیەکی سیاسیشە (structural problem and political problem) و بەم زووانەش چارەسەر ناکرێت.

—پێموایە لەڕووی عەمەلیەوە-باشترین شتێك کە ئومێدی بۆ بخوازین ئەوەیە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێکهاتەکەی ئێستاوە دۆخەکە تێپەڕێنێت و باشترین کارێك بکات کە لە دەستی بێت.

*** لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەمریکا بانگێشەی بۆ سیستمی نوێی جیهانی کرد، ئەمەش بە مانای ئەوە هات هەموو وڵاتێك بەرەو دیموکراسی بڕوات و سەردەمی شەڕی سارد بەسەربچێت، بەڵام ئەو توندوتیژی و پشێوییەی لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردودا بینیمان زیاتر بوو لەو توندوتیژیەی لە ماوەی ٤٥ی ساڵی شەڕی سارددا بینیمان، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت هێشتا سیستمێکی نوێی جیهانی دروست نەبووە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، چەمکی سیستمی نوێی جیهانی-لەڕاستیدا- لەلایەن کەسێکەوە، یان ئیدارەیەکەوە گوزارشتی لێکرا- کە بە دڵنیاییەوە ئیدارەی بۆشی باوك بوو-، کە ئەو چەند خاڵێکی خستەڕوو-ئاشکرایە- لەبارەی دەستێوەردانی ئەمریکاوە لە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە. بەڵام ئایا دەبوو ئەوە وەك گوزارشت کردنێك لە سیاسەتێکی درێژخایەنی ئەمریکا یان ئامانجێکی درێژخایەنی ئەمریکا سەیر بکرایە؟ ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. کاتێك بۆشی باوك لە ساڵی ١٩٩٠ و ١٩٩١دا گوزارشتی لەمە کرد- ئەمە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە دەڵێم- ئەوا ئەمە ساتەوەختێك بوو، کە بە دڵنیاییەوە چەندەها شت لەو کاتەوە ڕوویان داوە کە بۆشی باوك لە باسکردنی سیستمی نوێی جیهانیدا پێشبینی نەکردو نەیدەتوانی پێشبینی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بکات لەلایەن ئەل قاعیدەوە بۆ سەر ئەمریکا دەیەیەك دواتر، هەروەها پێشبینی نەکرد و نەیدەتوانی پێشبینی بکات کە دواتر کوڕەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق داگیر دەکات. کەواتە ئاسانە لە ساتەوەختێکی مێژووییدا گوزارشتێك بکەیت. هەروەها ئێوە بیرتانە کە فرانسیس فۆکۆیاما نزیکی ئەو کاتە بۆچوونێکی گەشبینانەی ڕاگەیاند کە ئێمە گەیشتووینەتە «کۆتایی مێژوو»، نەك بە مانا حەرفیەکەی، بەڵکو بە مانای ئەوەی تەحەددیەکی جددی نییە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە جیهانبینی لیبراڵ دیموکراسی وەك باشترین شێوە بۆ ڕێکخستنی سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، ئایا ئەوە ڕاست بوو یان نا، ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو پێشبینی ئەو تەحەددیاتانەی نەدەکرد کە بەهۆی سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمی دروست بوون لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکە، کەسیش لەو کاتەدا ئەو شیکردنەوەیەی قبوڵ نەدەکرد، ڕەنگە جگە لە هەندێ شیکەرەوە لە CIA و MI5 نەبێت کە ئەو پێشبینیەیان کردبێت کە تیرۆریستان تواناو ئیرادەی ئەوەیان هەبێت ئەو زیانە بگەیەنن کە لە ١١ی سێپتەمبەردا ئەنجامیاندا. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت وریا بین و نەڵێین جۆرج بۆشی باوك لە ساڵی ١٩٩١دا سیستمی نوێی جیهانی ڕاگەیاند، لەبەر ئەوەی ئەوە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بوو و زۆر شتیش لەو کاتەوە ڕوویانداوە.

*** چاوەڕوانی و پێشبینیەکان بەو جۆرە بوون کە ئەمریکا وەك تاکە هێزی باڵادەست جیهان بەڕێوەببات، بەڵام دەرکەوت ئەمریکا ناتوانێت ئەو کارە بکات، ئێستا لەبری جیهانێکی دوو جەمسەری، جیهانێکی فرەجەمسەری هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕێکخراوێکی نوێ دروست بکرێت بۆ چارسەرەکردنی کێشە هاوچەرخەکان؟**

- دەرفەت بدەن بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە کە بە وردی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی من بێت. من پێم خۆشە توانایەك لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ببینم بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بگۆڕێت کە ببێتە ئامرازێکی کارا بۆ حکومڕانی جیهانی، نەك ببێتە تاکە ڕێکخراوی حکومڕانی جیهانی، بەڵام من ئەوەندە واقیعیم کە متمانەم بەوە هەیە کە تاوەکو سیستمی دەوڵەتمان هەبێت کە دوو سەد دەوڵەتی نەتەوەییمان هەبێت و هەر یەکەیان کۆمەڵێك ئامانج و بەرژەوەندی ژیاریی خۆی هەبێت، ئەوا بۆ ئەوەی زۆرینەی ئەم وڵاتانە والێبکەیت کە دەست لە بەشێك لە سەروەری خۆیان هەڵبگرن بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر قەوارەیەکی دیکە بۆ ئەوەی- بەڕاستی- ببێتە حکومڕانی جیهانی یان قەوارەیەکی مەرکەزی، ئەوا پێم وانییە ئەمە ڕوودات، یان لە ئایندەیەکی دیاریشدا ڕوودات. من وەك مێژوونووسێك، تۆپێکی سیحریم پێ نییە، ڕاستە هەموو شتێك ڕێی تێدەچێت، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی زۆر دوورە. من پێم خۆشە گۆڕانی پێویست لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێتەدی بۆ ئەوەی کاراتر بێت لە بەشداریکردن لە حکومڕانی جیهانیدا، تەنانەت ئەوەش تۆزێك قورسە. حاڵی حازر بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەمریکا و چین و

**هەموو وڵات و هەموو ناوچەیەک مێژووی خۆی هەیەو کێشەی خۆی هەیەو ڕەوتی خۆی هەیەو ئەگەر هەوڵبدەین هەلومەرجی وڵاتێک لەگەڵ ئەوەدا بگونجێنین کە لە وڵاتێکی دیکەو لە بارودۆخێکی جیاوازداو لە زەمەنێکی جیاوازدا ڕوویانداوە ئەوا ئەم کارەت پێناکرێت**

**بۆشی باوک لە باسکردنی سیستمی نوێی جیهانیدا پێشبینی نەکردو نەیدەتوانی پێشبینی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بکات لەلایەن ئەل قاعیدەوە بۆ سەر ئەمریکا دەیەیەک دواتر، هەروەها پێشبینی نەکرد و نەیدەتوانی پێشبینی بکات کە دواتر کوڕەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق داگیر دەکات**

ڕوسیا هەن، کە ئەمانە هێزگەلێکن ململانێ لەگەڵ یەکدا دەکەن ئەگـــەر ڕکابەری و دوژمنایەتی نەکەن. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ســـاڵانی سەرەتای نەوەتەکان ئەوا یەکێتی سۆڤیەت خۆبەخشانە خۆی کوشـــت (voluntarily committed suicide) لە نێو خۆڵەمێشـــی یەکێتی ســـۆڤیەتەوە-بڕیار بوو- ڕووسیایەکی دیموکراتـــی دروســـت بێت کە بـــە ڕوونی خۆی لـــە ئەوروپا نزیك بکاتەوە، گۆرباتچۆف لە ســـاڵی ١٩٨٦دا باســـی ماڵی هاوبەشی ئەوروپای کرد، کاتێکیش ڕووسیا بەهاکانی ئەوروپای لەخۆگرت......، ئەمە مایەی گەشبینیەکی زۆر بوو. دوای ڕووداوەکانی گۆڕەپانی تیانمین لە ســـاڵی ١٩٨٩دا وێنەیەکی ڕەش بـــۆ چین وێنـــا دەکرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ســـەرەتای نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەدەکانەوە بڕیاریاندا کە فرەیی ئەوروپا تەبەنی نەکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، خۆیان وەك ئەکتەرێکی باش خستەڕوو لە سیستمی سیاســـی و ئابووری نێودەوڵەتیدا. ئەگەرچـــی لەو کاتەدا نیگەرانی ئەوە هەبوو کە هەڵکشـــانی چین وای لێدەکات لەسەر ئاستی جیهانی و لۆکاڵی بە شێوەیەك خۆی بچەســـپێنێت، وەك ئەڵمانیای ســـەردەمی قەیرانی لێبێت کە لەکۆتاییـــدا کاریگەری ناســـەقامگیری لێکەوتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە ساتەوەختێك بوو، ساتەوەختێکی مێژوویی بوو لەو کاتەدا. من حەزناکەم ئەمە بڵێم، بەڵام جیهان شوێنێکی پڕ لە پشـــێویە و مێژووش بەپێی خشـــتەیەك یان بەرنامەیەك بەڕێوەناچێت کە بتوانین پێشبینی بکەین، بەڵام دەبێت باشترین کۆششـــی خۆمان بکەین کاتێك سیستمێکی جیهانی لە ئارادا نابێت، یان سیســـتمێکی جیهانی دەبێت کە ئێمە پێشـــبینی و چاوەڕوانمان نەدەکرد، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەل و مەرج و پێکهاتەکەدا بکەیت، بەڵام دەبێت کاتی بدەیتێ.

*** هەروەك دەوترێت مێژوو خـــۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر لە ســـاڵانی نەوەتەکان بڕوانین ئەوا وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوچەی بەڵقان پڕبوو لە توندوتیژی و کوشـــتنی بە کۆمەڵ، ئێســـتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو کێشـــانەدا تێدەپەڕێت، بەڵام کێشـــەکانی ئەوروپـــای ڕۆژهەڵات بە دروســـتکردنی وڵاتی نوێ چارەســـەرکرا، ئایا دەکرێت هەمان چارەسەر بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگیرێتەبەر؟**

- شـــتێکی زۆر بـــاش دەبێـــت ئەگەر وڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت- بە ڕاســـتی- ئەوە دووبارە بکەنـــەوە کە ئەو کاتە ئەوروپای ناوەڕاســـت و ڕۆژهەڵات کردیان. من ئەوە دەزانم کە ئێوە بۆچوون و تێڕوانینێکی تایبەتتان هەیە لە ناوچە کوردییەی خۆتـــان بەڕێوەی دەبەن، من بۆ ســـاتێکیش و لە هیچ کاتێکدا بانگەشەی ئەوە ناکەم شارەزایی عێراقم... -من ستراتیژیستێکی جیهانیم-ئەگەرچی هەمیشە هەوڵدەدەم بزانم ڕوقعەی شەترەنجە ســـێ ڕەهەندیەکە بە چ شـــێوەیەکە. بەڵام — بـــە دڵنیاییەوە- لە ڕوانگـــەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتەوە، تا ئێســـتا هەرێمە کوردییەکەی عێراق کارو کردەوەگەلێکی زۆری ئەنجامداون کە ڕاست و دروستن. ئێوە باسی بیرۆکەی ئەوەتان کرد کە بەشێکی چارەســـەرەکە بریتییە لە بەبەڵقانکردنی ناوچەکە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، کە من پێموایە ئێوە باســـی ئەوروپای ناوەڕاســـت و ڕۆژهـــەڵات دەکەن، وەك جیابوونەوەی چیکۆســـلۆفاکیا بۆ کۆماری چیك و سلۆفاکیا، یان لەبەریەکهەڵوەشانی یوگوسلافیا.

**تیرۆریستان ناتوانن کۆتایی بە جیهان بهێنن، دەتوانن لەسەر ئاستی ئەو ناوچەیەی چالاکی تێدا ئەنجام دەدەن و ئەو ناوچەی بارەگەیان هەیە تێیدا توندوتیژی بهێننەئاراوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانن زیان بگەیەنن، ئەو ڕاستیەی کە سەنتەری بازرگانی جیهانیان ڕووخاندو توانییان نزیکەی هەمان ژمارەی ئەو کەسانە بکوژن کە لە ڕووداوی پێرل هاربوردا کوژران**

کە ناکۆکی شـــەکەتی کردبوون و ئامادەی ئەوەبوون میانگیری قبوڵ بکەن و هێزی ئاشتیپارێز- کڵاوشینەکان-قبوڵ بکەن. کە ئەمە یەکێك لە کارە باشـــەکان نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕاســـتی توانیویەتی ئەنجامی بدات، ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لە باشترین ئەرکەکانی کە پێی هەڵســـابێت. دەبێـــت ئەوەمان لەیاد بێت کە پۆڵ وۆڵفووتز، کەســـێکی زۆر ژیرە و ئەو باســـی دوو وانەی کرد لەوەی لە ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات ڕوویدا، کاتێك یەکێتی ســـۆڤیەت هەرەسی هێناو پەیمانی وارشۆ هەڵوەشایەوەو کاتێکیش چیتر هەژمونی- ئەگەر باڵادەستی تەواو نەبووبێت- یەکێتی ســـۆڤیەت لە ئارادا نەما بەســـەر ناوچەکەدا، پەرەی بـــەو بیرۆکەیەدا کە دەکرێت ئەوەی لـــە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ڕوویدا بکەیتە مۆدێلێك بۆ تێگەیشـــتن لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ڕوودەدات، کاتێك دیکتاتۆرێك لادەبەیت، وەك ئەوەی لە عێراقدا ڕوویدا. کە ئەگەر ســـەددام حوســـێن لاببەیت، ئەوا دەبێت دیموکراســـی و فرەیی بێتەئاراوە، چونکە ئەو باڵادەستیە نامێنێتەوە، وەك ئەوەی یەکێتی ســـۆڤیەت هەیبوو- بەسەر ئەو ناوچەیەوە-، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بەم شێوەیە نەبوون، کەواتە هەموو وڵات و هەموو ناوچەیەك مێژووی خۆی هەیەو کێشەی خۆی هەیەو ڕەوتی خۆی هەیەو ئەگەر هەوڵبدەین هەلومەرجی وڵاتێـــك لەگەڵ ئەوەدا بگونجێنین کە لـــە وڵاتێکی دیکەو لە بارودۆخێکی جیـــاوازداو لە زەمەنێکی جیاوازدا ڕوویانداوە ئەوا ئەم کارەت پێناکرێت، کەواتە دەبێت زۆر زۆر وریابین لەوەی ئێمە لە ئاست چارەسەرێکدا کە لە زەمەنێکی جیاواز و هەلومەرجێکی جیاواز و مێژووییەکی جیاوازدا هاتبێتەئاراوە.

*** نەخشـــەی دوای جەنگی جیهانی دووەم مایەی کێشـــە بوو بۆ ئەم وڵاتانـــە، کە ناکۆکیە ناوخۆییەکان بوونەتە کێشـــەیەك بۆیان، بۆ نموونە کوردستان کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، درەنگ یان زوو سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، کێشەی دابەشکردنی ئەڵمانیا و کۆریا کە خاوەنی یەك زمانن، ئێستا ئەم کێشەیە لەم بەشەی جیهانیشـــدا- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە-، بۆ نموونە لە پێوەندیدا بە کوردستانەوە و پێدەچێت لەم ناوچەیەشەدا سەردەمی دیکتاتۆریەت بەســـەرچوویێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی داواکاریان هەیەو ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پشێوی بە ئاسانی دروســـت دەبێت و سەقامگیریش بە ئاســـانی ناگەڕێتەوە، ئایا دەکرێت ئاشـــتی و ســـەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا بهێنرێتەدی؟**

- ئاسانە بڵێیت بەڵێ مومکینە. بەڵام پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەگـــەرەکان چین؟ ئەوەی ئێـــوە ئاماژەتان پێکرد زۆر ڕاستە، کە هەر یەکە لەم وڵاتانە مێژووی خۆی و هەلومەرجی خۆی هەیەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو کێشـــەی خۆی هەیە. دەتوانین لە وڵاتی تونس بڕوانین، ڕوونە کە تونس هێشتا کێشەی هەیە، بەڵام ئەســـتێرەیەکی پڕشنگدارە لە بەهاری عەرەبیدا، کە نەك هەر تەنها بەرەوپێشـــچوون و پاشەکشە بەخۆیانەوە دەبینن، بەڵکـــو هەوڵی جددی دەدەن بۆ ئـــەوەی بونیادێك بهێننە ئاراوە کـــە لای هەموو لایەکـــی وڵاتەکە جێی قبوڵکـــردن بێت. من ئومێدەوارم کە بتوانن و سەرکەوتوو بن لەو کارەدا. ئەمە هاوکارو یارمەتیدەرێکـــی زۆر دەبێت بۆ ناوچەکـــە. هەروەها ئەوەی لە هەرێمە خۆبەڕێوەبەریە کوردییەکەی عێراقدا دەگوزەرێت مایەی

ئۆمێدێکی زۆرە. ئەگەرچی پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا ستایلی جیابوونەوە دەگرنەبەر لە عێراقدا، یاخود دەبێت عێراق بپارێزرێت، ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر عێراق نەپارێزرا- هەروەك وتم من تۆپی سیحریم پێی نییە-بەڵام ئەوا پرۆسەیەکی زۆر پڕ لە پشێوی دەبێت، لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز، چونکە کێ کۆنترۆڵی نەوت دەکات و کێ دابەشی دەکات؟ تاد. هەروەها کاتێك لە عێراق دەڕوانیت، ئەوا ئەم وڵاتانە لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیەکانەوە پێکەوە کۆکراونەتەوە. تەنیا دەتوانین ئاماژە بە چەند وڵاتێك بکەین لەو ناوچەیەدا- کە بەپێی پێناسەی تەقلیدی دەوڵەتی نەتەوەیی- ئەوا مێژوویەکیان هەبووە وەك وڵاتێکی سادە-، یەکێکیان میسرە و ئێرانیش وڵاتێکی دیکەیە، دەتوانین مشتومڕ لەبارەی چەند وڵاتێکی دیکەوە بکەین، زۆرێك لەم هێڵانە لەلایەن ورد کرۆزۆن یان وینستۆن چەرچڵەوە کێشراون، ئەمەش تەحەددی گەلێکی زۆر دروست دەکات. زۆرجار باسی مشتومڕ دەکرێت لەبارەی مۆدێلێك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسرائیل لە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایەو وڵاتێکە سەر بە جیهانی یەکەمە، مەڵبەندێکە بۆ نوێگەری تەکنەلۆجیا و چەقێکی داراییە و هەموو ئەو شتانە ڕوودەدات تێیدا، من بە هیچ شێوەیەك بانگەشەی ئەوە ناکەم کە یۆتۆپیایە، بەڵام بە چەندین شێوە دەتوانرێت وەك مۆدێلێك لە ئیسرائیل بڕوانرێت، هیوادارام وەك تونس بێت کاتێك کێشەکان چارەسەر دەکات و دەبێتە مۆدێلێك. هەروەها پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا ئەولەویاتەکانی حکومەت چین و ئایا لە ڕاستیدا ئەولەویاتەکانی خەڵك چین لەم ناوچەیەدا؟. بیرتانە کە ڕاپۆرتێکی UNDP بڵاوکرایەوە لە ساڵی ٢٠٠٢دا، ئەوا تاوەکو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە مافەکان دەستەبەرنەکات، ئەوا نیوەی دانیشتووانەکە بێبەش دەبن، مەبەست ئافرەتان بوو، بەڵام —ئێوە دەزانن-بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکە لە ناوچەکەدا پێیانوابوو نەخێر ئەوە هێرشێکی بنەڕەتیە بۆ سەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی تەقلیدی ئێمە. کوردستان لەم ڕووەوە هەندێ خەباتی جددی دەکات و ئەوەش شتێکی باشە. بەڵام چەند شتێکی سەرەکی هەن، وەك سەروەری یاسا، پێدانی مافی تەواو، پاراستنی کەمینەکان و دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتێکی ئیتنی یان ئایینی، ئەگەرچی- ڕەنگە- ئیتنیەتێك یان ئایینێکی باڵادەستیش هەبێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیت هەبێت. من ئەمە لەلای خۆمەوە ناهێنم، پێشتر بە هەزاران جار لەبارەی ئەمەوە نووسراوە، ئەم پێشنیارە بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو شوێنێك ڕاستە، واتە گرنگە بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات، گرنگە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگە بۆ باشووری ئاسیا و شوێنەکانی دیکە، ئەمانە پێوەرن بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکەوە کە گەشەکردن و سەقامگیری تێدانییە هەنگاو بنێیت بۆ سەقامگیری.

*** تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە کێشەیەکی دیکە کە هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی جیهان دەکات، کە لە عێراقەوە تا ئەسیوبیا چالاکن، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین سەرچاوەی وزەی تێدایە لە جیهانداو تیرۆریستانیش لەم ناوچەیەدا چالاکن، ئایا ئەگەر دەست بەسەر ئەم وزەیەدا بگرن و قەیرانێکی وزە لە جیهاندا دروست بکەن، هەروەك چۆن ئێستا ئەوروپاو ئەمریکا جۆرێك لە قەیرانیان هەیە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا دەبێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات؟**

- بەلای تیرۆریستانەوە، یان هەر ڕێکخراوێکی تاوانکاری گەورەوە، کە ناوچەیەکی ئارامیان هەبێت، ئیتر باسەکە باسی تیرۆریستان بێت، یان چەتەی دەریا بێت، ئێوە باستان لە ئەسیوبیا کرد، من باسی سۆماڵ دەکەم، یاخود باسی ماددەی هۆشبەر بکەیت، کە ناوچەیەکی ئارامیان هەبێت، بۆ نموونە لە بەشێکی گەورەی مەکسیکداو شوێنەکانی دیکە لە ئەمریکای لاتین، کە بە هەمان شێوە هەندێ شوێنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەیە لەو ڕووەوە. هەروەها باشووری ئاسیا. کە هەر کاتێك وڵاتێکت هەبێت یان ناوچەیەکی بەرفراوانت هەبێت کە ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەو جۆرە چالاکیانە دەستەبەر دەکات، ئەوا ئەمە مەترسیدارە، کەواتە ئەوە بەهایەکی زۆری هەیە کە هەوڵ بدەیت هەلومەرجێك بخولقێنیت کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان یان هەرێمەکان بتوانن کۆمەڵگەی مەدەنی بپارێزن، یان بنیات بنێن، لەگەڵ بونیادی سیاسیدا کار بۆ بەهێزکردنیان بکەیت، نەك بە شێوەیەك کە ئەگەر ئەوەی هەبێت دووچاری گەندەڵی ببنەوە یان دووچاری هەڕەشە ببنەوە، یاخود پشێویەکی دروست بێت کە بوار بەم دیاردانە دەدات گەشە بکەن. کەواتە من دەڵێم ئەمە زۆر گرنگە. شتێك هەیە کە دەبێت لە یادمان بێت. تیرۆریزم شتێکی مەترسیدارە، ئەو سیناریۆیەی مایەی خەوزڕاندنە، ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەلقاعیدە یان ڕێکخراوێکی هاوشێوە چەکی کۆمەڵکوژی بکەوێتە دەست- من تەنها باسی «BOMB» DIRTY ناکەم، بەڵکو باسی چەکی ناووکیش دەکەم- توانای ئەوەی هەبێت لە هەندێ شاری گەورە لە هەندێ شوێندا بەکاری بهێنێت. ئەمە سیناریۆیەکی مەترسیدارە، ئەمە زۆر ترسناکە. هێشتا ئەمە جیاوازە لەوەی لەسەردەمی شەڕی سارددا هەبوو، ئەوەتان لەیادە کە هەمیشە ئەوە بەس بوو کە پەنجەیەك بە دوگمەیەکدا بنرێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی کۆتایی پێبێت. لەبەر ئەوە دەبێت سەیری سروشتی هەڕەشەکە بکەین، تیرۆریستان ناتوانن کۆتایی بە جیهان بهێنن، دەتوانن لەسەر ئاستی ئەو ناوچەیەی چالاکی تێدا ئەنجام دەدەن و ئەو ناوچەی بارەگایان هەیە تێیدا توندوتیژی بهێننەئاراوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانن زیان بگەیەنن، ئەو ڕاستیەی کە سەنتەری بازرگانی جیهانیان ڕوخاندو توانییان نزیکەی هەمان ژمارەی ئەو کەسانە بکوژن کە لە ڕووداوی پێرل هاربوردا کوژران- کە لە ساڵی ١٩٤١دا ڕوویدا-، بەڵام ئەمە بەس بوو بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی دواتر، وەك شەڕی عێراق لەلایەن ئەمریکاو چالاکیەکانی دیکەو هەندێ لایەنی سیاسەت و کۆمەڵگەی ئەمریکی گۆڕی. بەڵام ئەوە نەبووە هۆی کەمکردنەوە توانای تیرۆریستان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و تەنانەت جیهانیش بە ڕادەیەکی دیاریکراو. بەڵام هەڕەشەیەك نییە لەسەر بوونی جیهان- کە کۆتایی بە جیهان بێنێت-، گرنگە ئەم تێڕوانینەمان هەبێت، ئەلقاعیدە ناتوانێت جیهان بتەقێنێتەوە ئەگەرچی پێی خۆشە ئەم کارە بکات. ئەوان ئەم توانایەیان نییە.

**فرانسیس فۆکۆیاما بۆچوونێکی گەشبینانەی ڕاگەیاند کە ئێمە گەیشتوینەتە «کۆتایی مێژوو»، نەک بە مانا حەرفیەکەی، بەڵکو بە مانای ئەوەی تەحەددیەکی جددی لە ئارادا نییە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە جیهانبینی لیبراڵ دیموکراسی وەک باشترین شێوە بۆ ڕێکخستنی سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی**

**لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، تا ئێستا هەرێمە کوردییەکەی عێراق کارو کردەوەگەلێکی زۆری ئەنجامداون کە ڕاست و دروستن**

# شانۆگەریی سیاسیی مۆنۆدراما لە کوردستان



ڤینۆس فایەق

تایبەت بە گوڵان نەینووسێت

ئەگەر بەپێی ماوەی ئەزموونی ئازادی و حوکمڕانی ئازاد بێت، دەبوو ئێستا قسە لە چۆنیەتی پەرەدان بە ڕۆڵی ژن لە دروستکردنی بڕیار و کاراترکردنی لەبواری حوکمڕانیدا، نەک هێشتا هەر باسی چۆنیەتی بەشداری پێکردنی ژن لە ژیانی سیاسیدا دەکەین و هیچ جەدوایەکیشی نییە. ئەگەر وڵات یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن شانۆگەریەکی سیاسیش بێت، ئەوا لە کوردستاندا هەتا ئێستا ئەو شانۆگەریە سیاسییە بریتییە لە شانۆگەریەکی سیاسیی مۆنۆدراما کە تەنها پیاو ڕۆڵی تیادەبینێت. چونکە لە کۆمەڵگایەکدا ژن مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانی هەبێت، ناکرێ مافی بڕیاردانی لە بواری سیاسیدا نەبێت. ئەو تێڕوانینە هەڵەیە بۆ بەهای ئینسانی ژن لەلایەک و کەمتەرخەمیی ژن و خۆدابڕینی لە خانەیەکی ڕەگەزیدا وایکردوە تەنها وەکو دیکۆر لەناو حزب و حکومەت و وەکو ریکلام لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەکاربهێنرێت.

لە بەشداریی سیاسی ژن تەنها مەبەست بەشداریکردنی چەندایەتی نییە، بەقەدەر ئەوەندەی مەبەست لێی بەشداری چۆنایەتیە. هەر لێرەوە بەشداریکردنی ژن لە ژیانی سیاسیدا لە هەر کۆمەڵگایەکدا مانای بەشداریکردنی تەواوی کۆمەڵگایە لە بەڕێوەبردن و بڕیارداندا.

بەشداری سیاسی ژن یاریدەدەرە بە شەرعیکردنێکی راستەقینەی دامودەزگا نوێنەرایەتییەکان و جێبەجێکارەکان، واتا ئەو دەزگایانەی نوێنەرایەتی میللەت دەکەن وەکو پەرلەمان کە ئیشی یاسادانانە (تشريعى)، لەگەڵ ئەو دەزگایانەی کە ئیشیان جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە (تنفيذي)، چونکە نابێت زەرورەتی ژن تەنها بۆ دەنگدان و کۆکردنەوەی دەنگ بێت، بەڵکو دەبێت بۆ ئامادەگی و چالاکبوونیش بێت. هەروەک زۆر گرنگە بەشداری سیاسی ژن لەسەر بنەمای کێبڕکێی ژن لەگەڵ پیاوەکان و لەگەڵ ژنە لێهاتووەکانی تر بێت، نەک تەنها کێبڕکێ بێت لە نێوان ژنەکان خۆیاندا بە مەبەستی وەرگرتنی زیاترین ئیمتیازات و چوونەپێشەوە تەنها وەکو رووکەش و جوانکاری..

هەڵبەتە زەقترین رەخنە کە لە ژن دەگیرێت ئەوەیە گوایا ژن دایک و پەروەردەکەر و کەیبانووە بۆیە پێی ناکرێ ئەرکەکانی وەکو سیاسەتمەدار بەتەواوی جێبەجێ بکات، بۆیە زۆر گرنگە بەشداری سیاسی ژن کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەدای سیاسی لەو وڵاتەدا هەبێت، بەمانای ئەوەی گۆڕانکاری بکات لە بوارە جیاجیاکاندا، جگە لەمانە ئەوەی دەبێت بایەخی پێ بدرێت ئەوەیە بەشداریی سیاسی ژن بنەمای کەلتووری سیاسی لە کۆمەڵگادا تۆکمەتر بکات و گۆڕانکاری لە رۆشنبیری گشتیدا بکات..

هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە بەشداریی سیاسی نەک

تەنها ژن، بەڵکو هەردوو ڕەگەزەکە مەبەست لێی کاریگەری دروستکردن بێت لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی گەشەسەندن و، ئامانجی ئاراستەکردنی هاوڵاتیانی کۆمەڵگا لەهەموو چین و توێژەکان بەرەو دەسەڵات و پراکتیزەکردنی دەسەڵات و بەشداریکردن لە بەڕێوەبردن و فشار و خولقاندنی گۆڕانکاری بێت. چونکە بەشداریکردنی سیاسی ژن برەو بە کامڵبوونی ئەزموونی دەسەڵات و گەشەسەندنی دەدات و بەرەو بەدامودەزگابوونی دەوڵەت هەنگاو ئەنێت.

ئەوەی جێی ئاماژەیە هۆی کەمی یان ناچالاکبوونی ژن لە بواری سیاسەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە سیاسییە ناجێگیرەی لە کۆمەڵگادا بەڕێوە دەچێت و کاریگەری و ئاکامەکانی دابەشبوونمان بەتایبەت ئەو دابەشبوونە لە نێوان دوو حزبی دەسەڵاتدار و لە ئێستادا بووە بە سێ حزب، گرنگی نەدان بە باگراوند و ئیمکاناتی ژنەکان و تەنها لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ژنە چ پیاوێکی لە پشتەوەیە یان کێی پێشمەرگەیە یان کێی شەهیدە. ئەمەش یەکێکە لە ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە چەوتەی هەر لەسەرەتای ئازادبوونی کوردستانەوە لە ئارادایە، لەهەمموو ئەمانە ژنە بەتوانا و بە ئیمکاناتەکان باجەکەیان زۆر گران داوە. جگە لەمانە هۆی تری وەکو داب و نەریت و تێڕوانینی بەکەمزانینی کۆمەڵگا بەرانبەر بە ژن لەسەر بنەمانی ڕەگەز و جیاکاری و، چەمکی دین و هەروەها هەلومەرجی ئابووری و فاکتەری تەندروستی کە ئەرکی ژن سک و زایە.

ئەگەر ئێمە جددی بین دەبێت باوەڕمان هەبێت بەوەی کە هەمموو ئەمانە بە سیستەماتیزەکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و بە دامودەزگاکردنی دەوڵەت و سەروەربوونی یاسا بەتایبەت ئەو یاسایانەی مافەکانی ژنی بە ڕوونی دەستنیشانکردووە چارەسەر دەکرێن. زۆربەی زۆری پرۆتۆکۆل و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جەختی تەواویان لەسەر مافەکانی ژن کردۆتەوە بەتایبەت یەکسانیان لەگەڵ پیاو و کۆتاییهێنان بە هەمموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ژن، گرنگترین ئەو ڕێکەوتننامانە ڕێکەوتننامەی (سیداو)ە کە بە هەنگاوێکی جددی و گرنگ مەزندە دەکرێت بەرەو دەستەبەرکردنی یەکسانیی تەواو بۆ ژن لەگەڵ پیاودا، کە هەر (٣٠) خاڵەکەی کە لەخۆی دەگرێت بەشێوەیەکی یاسایی ڕوون و تۆکمە هۆنراوەتەوە. لەپاڵ ئەمانەدا هوشیاری سیاسی و یاسایی بۆ ژنان زۆر گرنگە بەتایبەت لەکاتی دروستکردنی گرووپەکانی فشار.

مەسەلەی بەشداریی سیاسی ژن کە کۆمەڵێ فاکتەر ڕۆڵی تیا دەبینێت، بەڵام هەتا ئێستا بە باوەڕی من لە ناو بازنە تیۆرییەکەی دەرنەچووە، لە سنووری خیتابات و ڕیکلامی حزبایەتی زیاتر هیچی بۆ نەکراوە، بەکورتی لە ئێستادا ئەتوانم لەم بارەیەوە ئەم خاڵانە دەسنیشان بکەم:

١. بۆ پرۆژەیەک کە مەبەستی بایەخدان بە پرسی ژن بێت، هەمیشە بودجەکەی یان دەبێت حزبی بێت، یان سەرۆک وەزیران دابینی بکات، کە ئەویش تەحسیل حاسڵ گیرفانی حزبێکە. بەڵام کە دەوڵەت بە دامودەزگا (موئەسەساتی) بوو، ئەو کاتە دەبینیت دەزگای تایبەتی دەوڵەتی هەیە کە ئیشی دابینکردنی بودجەی تایبەتە بۆ پرۆژەکانی مەبەست لێیان بایەخدانە بە هوشیارکردنەوەی ژن، ڕێکخستنی کۆرس و خولی تایبەت یان پرۆژەی تایبەت لە بوارەکانی پێگەیاندنی کادری سیاسی لەناو ژناندا.

٢. نەبوونی هوشیاری یان ڕاستتر بڵێم مۆدێلی سیاسیی سەردەمیانە لە ناو کوردستاندا کە هەمموو ئەو پرسانە بە پرسێکی ژیانیی لەبەرچاوگرێت و لەسەر بنەمای ڕەگەز جیای نەکاتەوە.

٣. نەبوونی دنیابینییەکی فەلسەفیانە بۆ مەسەلەی بەشداریی ژن لە ژیانی سیاسیدا، کە ببێتە بنەمایەک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سیاسی و فیکری و مافپەروەری (ماف و ئازادیەکانی تاک) کە کۆمەڵگای پێ بەرەوپێشەوە ئەچێت.

٤. لە بڕیارەکانی کە ژن دەبێت ڕۆڵی تیابگێڕیت، بواری بڕیاری نیشتمانییە، چونکە هەمموو پرسە نیشتمانییەکان ئەو پرسانەن کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگاوە هەیە، ناکرێ ژن بەشداری تیانەکات.

٥. ژن وەکو پێکهاتەیەکی ئینسانی توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی دەوروبەری هەیە و هەروەها توانای هەیە ببێتە بەشێکی گرنگ لە ڕای گشتی و مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی ڕای گشتیدا بکات لەبوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری، هەروەها تواناکانی لە پیاو کەمتر نین بەتایبەت توانای بەربرسیاریێتی هەڵگرتن. کەواتە مافی ئەوەشی هەیە بڕیار بدات.

٦. تەنها بەشداریی سیاسی چالاکانەی ژن ئەتوانێ تێڕوانینی کۆمەڵگا لەمەڕ پرسەکانی ژنان بگۆڕێت و گۆڕانکاری لەناو کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەدا دروستبکات. هەر ئەو بەشدارییە چالاکانەیە کە دەتوانێت گۆڕانکاری بەسەر دابونەریتەکانی کۆمەڵگادا بهێنێت کە گرنگی بە پیاو دەدات و ژن پەراوێز دەخات.

٧. زۆر گرنگە ژن خۆی پێش پیاو هوشیاری هەبێت بە گرنگی بەشداری سیاسی. هەروەها گرنگە ئەو کەناڵانە بدۆزێتەوە کە دەیگەیەنێتە ناو بازنەی بڕیاری سیاسی، وەکو چالاکبوون بە هزر و ئیمکانات و لێهاتوویی خۆی لەناو ڕێکخراو و حزبەکاندا، بۆ ئەوەی کارامەیی و لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت و بچێتە پێشەوە..

**تەنها بەشداریی سیاسی چالاکانەی ژن ئەتوانێ تێڕوانینی کۆمەڵگا لەمەڕ پرسەکانی ژنان بگۆڕێت و گۆڕانکاری لەناو کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەدا دروستبکات**














# ڕۆڵی ئافرەت لە داڕشتنی ستراتیژیەتی بونیادی نەتەوەدا

## قۆناخی ڕاگواستن بۆ پەروەردەکردنی خانمی سیاسەتمەدار





## موحازەرەی مادلین ئۆلبرایت

## ٢٠١١/١٢/٢

## هۆڵی زانکۆی لەندەن بۆ زانستی سیاسی و ئابووری

((لە ئێستادا کە سەدەی بیست و یەکەمە، سەردەمێکی جیاوازە و تەحدییەکانیش جیاوازن، بەڵام ئەوەی کە نەگۆڕاوە ئەوەیە کە پێویستە هەمووکات بوێربین بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحدییە جیاواز و گۆڕاوەکان، بۆیە لەم قۆناخەدا گرنگە هەردوو رەگەزی نێر و مێ پێکەوە ئامادەباش بن و هەوڵبدەن ئەم قۆناخە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنن، ئەو سەردەمەی من لە کۆلێژی (وێڵزلی) بووم، بە چەند دەیەیەک پێش دروستکردنی (بلاک بێری)، ئەوکات ژنان هاندەریان نەبوو بۆ ئەوەی بەشداری سیاسەت بکەن و ببنە سیاسەتمەدار، لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان کچان تەنها بیریان لەوە دەکردەوە کە دوای تەواوکردنی کۆلێژ راستەوخۆ هاوسەرگیری بکەن، لەبیرمە لە ئاهەنگی دەرچوونی ئەو خولەی منی تێدابووم، وەزیری بەرگری هات و وتەیەکی پێشکەش کرد، لەوتەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئەرکی کچان ئەوەیە هاوسەرگیری بکەن و کوڕی ژیر و بەتوانا پەروەردە بکەن، ئێمەیان بەوجۆرە پەروەردە دەکرد بەوەی گەورەترین ئەرکی ئێمەی ژنان ئەوەیە کە هاوسەری باش بین و منداڵی ژیر و بەتوانا پەروەردە بکەین، هەربۆیە ژنان تاوەکو ئێستاش بەشێکین لە نەوەی بێدەنگ و ناچارین سەرکردایەتی سیاسیی پیاو قبوڵ بکەین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بە قۆناخی راگواستنیش تێدەپەڕین و ناچارین رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بەرگری لە خۆمان بکەین بەرامبەر ئەو نەریتانەی پیاوان دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەرماندا، بۆیە دەبێت ژنان لەئێستادا بەوجۆرە بیر بکەنەوە، هەتا ئەگەر هاتوو رەگەزی بەرامبەریان بڕیاریشیان بۆ دەربکەن، دەبێت بڕیارەکە لەسەر ئەو بنەمایە قبوڵ بکرێت کەتیایدا رەگەزی مێ وەک تاکێکی یەکسان سەیر کرابێت نەک تەنها نەریتی نێرسالاریانە بێت، من خۆم بە بەراورد بە هاوتەمەنەکانی خۆم ژنێکی یاخیبووم، لەگەڵ خوێندنەکەم بڕیارمدا پیشەیەکی باش بدۆزمەوە بۆ ئەوەی تواناکانم پەرەپێبدەن بۆیە کاری رۆژنامەنووسیم دەکرد، من بەپێچەوانەی ئەو ئاواتەی لە رۆژنامەگەری هەمبوو، لەتەمەنی ٣٩ساڵیدا یەکەم پۆستی گەورە و گرنگم وەرگرت، بەڵام قەت رۆژێک لە رۆژان بیرم لەوە نەکردبووەوە ببمە وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەبوو کە ژنێک ناتوانێ ئەو پۆستە گەورەیە بەڕێوە ببات، بەڵکو قەت لەو بڕوایەدا نەبووم هیچ سەرۆکێک ئافرەتێک هەڵبژێرێت بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوە، قەت ئەو رۆژەم لەبیر ناچێتەوە کە وەک وەزیری دەرەوە سوێندی یاساییم خوارد و لەرێگەی چوونم بۆ ئۆفیسەکەم هۆڵێکی درێژی لێبوو کە وێنەی هەموو وەزیرانی پێشتری دەرەوەی ئەمریکا هەڵواسرابوو کە هەموویان پیاو بوون، لەو کاتەدا بیرم لەخۆم دەکردەوە و دەمگوت: دوای ئەوەی من وەک ژنێک پۆستی وەزارەتی دەرەوە بەجێدەهێڵم، وێنەی من وەک تاکە ژن لەناو ئەو پیاوانە هەڵدەواسرێت و بەمجۆرەش دیکۆری هۆڵەکە روو لە گۆڕین دەکات)).

بۆچی گرنگە ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بەشدار بن؟ ئایا مەبەست لە پرۆسەی سیاسیی چییە؟ ماناو مەدلوولی بەشداری سیاسی ئافرەت چی دەگەیەنێت؟ ئایا تاچەند ئەو بانگێشەیە راستە کە ئافرەتان خۆیان حەزیان لەسیاسەت نییە و نایەنەوێت ببنە سیاسەتمەدار؟ ئەگەر ئەم بانگێشەیە راستە ئایا ئافرەتان دەزانن دوورکەوتنەوە لە سیاسەت مانای چییە؟ بەدیوێکی دیکەدا ئایا ئافرەتان لەم پرۆسە سیاسییەی ئێستای وڵات خۆیان بەدوور دەگرن کە تیایدا تەنها رەنگدانەوەی بیرکردنەوەی پیاوە؟ ئایا ئەگەر ئافرەت تێکەڵاوی سیاسەت بێت لەناو فیکری پیاوسالاریدا دەتوێتەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەتکردن بۆ پیاو قۆرخ بووە نەریتی سیاسەت کردن هیچ تایبەتمەندیەکی ئافرەتانی لەخۆی نەگرتووە؟ ئایا ئافرەت کاتێك تێکەڵاوی سیاسەت دەبێت چۆن دەتوانێت هاوسەنگی نێوان هاوسەری و بوون بە دایك و پرۆسەی سیاسەت رێکبخات؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە رووبەرووی ئەو وتوێژ و توێژینەوانە دێن کە لەسەر پرسی بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و پەروەردەکردنی خانمی سیاسەتمەدار دەکرێن.

لێرەوە ئەم راپۆرتە خۆی لەوەڵامی ئەم پرسیارانە نادزێتەوە یان بە روانگەیەکی فێمینیستانە تەنها لایەنێکی پرسەکە سەیر بکات، بەڵکو بە قووڵیی پرسیارەکاندا شۆڕ دەبێتەوە و لە هەر یەك لەو پرسیارانەدا پرسیاری دیکە دەوروژێنێت، بە چاوێکی ورد پرۆسەی بەشداری کردنی ئافرەت لەسیاسەت، لە پرۆسەیەکی سیاسەتی نەریتی و باو دەردەنێت و سیاسەت ورددەکاتەوە و لەگەڵ هەریەك لە (تایبەتمەندی، بیرکردنەوە، لێهاتوویی، متمانە بەخۆکردن) ئافرەتان بەراوردی دەکات و بەدەنگێکی بەرز روو لە خانمان دەکات و پێیان دەڵێت ئەگەر ئافرەتان بەشداری لە سیاسەت دەکەن و بەشدار نەبن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، ئەوا بەشداریش نابن لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵات، بەشدار نابن لە بونیادی ئازادی و بونیادنانەوەی نەتەوە، راشکاوانەتر مافی هاووڵاتیبوونی خۆیان پێشکەشی پیاوان دەکەن و خۆیان واز لەمافی هاووڵاتیبوونی خۆیان دەهێنن.

کەواتە لێرەوە پرسی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی بڕیاردا، پرۆسەی مافی هاووڵاتیبوون و پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و رێگرتنە لە پێشێلکاریی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەمە لەوانەیە لە بیرکردنەوەی پیاو سالاریدا تووشی هەندێك لە رووبەڕووبوونەوەی سەخت بێت و پیاوان بەو جۆرە وەڵامی ئەم پرسە بدەنەوە بەوەی چۆن ئافرەتان مافی هاووڵاتیبوونیان نییە، ئەوەتا هەموو یاساکانی وڵات بە یەکسانی بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێیە و لەمەش زیاتر یاساکانی وڵات هەموویان لەسەر بنەمای رێزگرتن لەمافی مرۆڤ دارێژراون و رێز لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەت وەك دایك دەگرێت و مۆڵەتی دایکایەتیمان بۆ دابینکردون، لەمەش زیاتر رۆژ لەدوای رۆژ رێژەی کۆتا بۆ بەشداری ئافرەت بۆ نوێنەرایەتیکردن بەرز دەبێتەوە، ئایا ئەمانە هەمووی دابینکردنی ماف نین بۆ ئافرەتان؟ لەوەڵامی ئەم هەموو بەخششەی فیکر و نەریتی پیاو سالاری کە پێشکەشی خانمانیان کردووە، خانمان هەقە لەبری ئەوە بە توندی وەڵامبدەنەوە و وەك منەت رەتیبکەنەوە، باشترە خانمان دوای دیالۆگێکی بێ مەرج و هاوسەنگ بکەن و مەسەلەکە لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان دوو رەگەزی نێر و مێ بێننە دەرێ و هەوڵبدەن هەردوولا لەسەر چەمکی جیاکاری (التميز) لەنێوان رەگەزی نێر و مێ تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەن، ئەم تێگەیشتنە ئەگەر بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێی نەتەوەکانی دەوربەرمان قورس بێت، ئەوا بۆ رەگەزی نێر و مێی کوردستان یان نەتەوەی کوردستان کارێکی زۆر ئاسان دەبێت، ئاسانکارییەکەش لەبەر ئەوەیە نەتەوەی کورد یان کوردستانیەکان ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە لەدوای شەڕی چالدێرانەوە جیاکاریان لەگەڵ دەکرێت و مافی هاووڵاتیبوون بە تاکی کورد یان کوردستان رەوا نابینرێت.

خەباتی هەموو نەتەوەی کورد و کوردستانیەکانیش لەماوەی ئەم ٥٠٠ ساڵەدا بۆ ئەوە بووە کە بە یەکسانی و هاوسەنگی پێکەوە لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و تورك و عەرەب لە نیشتمانێکدا پێکەوە بژین، هەتا ئێستاش داخوازی سەرەکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لە هەر چوار پارچە بۆ پێکەوە ژیانە، راستە وەك خەونێکی نەتەوەیی و نیشتمانی حەز دەکەین خۆمان سەربەخۆ بین و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین، بەڵام تەنانەت سەربەخۆیش رێگە چارەیەکە بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بە هاوسەنگی و یەکسانی بژین، نەك ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە جیابینەوە، کەواتە پرسی سەرەکی کە لێرەدا بۆ جیاوازی نێوان دوو نەتەوە، دوو ئایین، دوو رەگەز، پرسی تێگەیشتنە لەمانای جیاکاری، تێگەیشتنی هاوبەشیش بۆ نەهێشتنی جیاکاری واتە دانپێدانانە بەوەی کە ئەو نەتەوەیە، ئەو ئایینە، ئەو رەگەزە، کۆمەڵێك مافی هەیە کە خوا پێی بەخشیوە و دەبێت ئەوانەی مەبەستیانە پێکەوە بژین رێزی لێبگرن، لەبەر ئەوەی ماف بەوجۆرە نییە نەتەوەیەك بیدات بە نەتەوەیەکی دیکە، ئەوە ماف نییە ئاینێك بیدات بە ئاینێکی دیکە، هەروەها ئەوەش ماف نییە کە رەگەزێك بیدات بە رەگەزێکی دیکە، بۆیە ئەگەر تێگەیشتن لەسەر چەمکی جیاکاری لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێی نەتەوەی کورد یان

**ئەگەر تێگەیشتن لەسەر چەمکی جیاکاری لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێی نەتەوەی کورد یان کوردستان دروست بوو، ئەوا هەردوولا بۆ پێکەوە ژیانێکی باشتر بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی رۆشنتر بۆ نەوەکانی داهاتوو رێز لە مافەکانی یەکتری دەگرن و کەسیان ماف نادات بەوەی دیکەیان**

کوردستان دروست بوو، ئەوا هەردوولا بۆ پێکەوە ژیانێکی باشــتر بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی رۆشنتر بۆ نەوەکانی داهاتــوو رێز لــە مافەکانی یەکتری دەگرن و کەســیان ماف نادات بەوەی دیکەیان، بەڵام ئەم پرسە لە بنەڕەتەوە پێویســتی بەوەیە بۆ ئەوەی تاکی کورد یان کوردستان بە مافی هاووڵاتیبوون شــاد بێت، دەبێت پێناســەی تاك لە مێژووی سیاسیی و شۆڕشی کوردستاندا بکەینەوە.

**بەشداری ئافرەت لە سیاسەت زەمینە خۆشکردنە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم سیاسەتە و هەوڵدانە بۆ داڕشتنەوەی سیاسەت بە شێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە و کۆتایی هێنان بە سیاسەتی نێرسالارانە**

### تاکی کورد یان کوردستانی کێ دەگرێتەوە؟

ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی ئەو راســتیەی ســەلماندبێت (نەتەوەیــەك نەتەوەیەکی دیکە بچەوســێنێتەوە خۆشــی نەتەوەیەکی ئازاد نییە، ئاینێك ئاینێکی دیکە ڕەتبکاتەوە چیدیکە ئەو ئایینە لێبوردە نییە)، ئایا ئەوەش راست نییە ئەگەر رەگەزێــك یان توخمێك لە مــرۆڤ، رەگەزێکی دیکــە یان توخمێکــی دیکەی مرۆڤ بچەوســێنێتەوە، ئەویش چەوســاوە دەبێت و ئــازاد نابێت. لێرەدا بۆ ئەوەی هەندێك هەڵوەستە لەسەر چەمکی جیاکاری بە شێوەیەکی گشــتی بکەین، بۆ ئەوەی لــەوە تێبگەین کە جیاکاری (التمیــز) هەر جیاکارییە و هــەر رەگەزێك یان توخمێك یان ئاینێك یان نەتەوەیەك بیکات دەچێتە خانەی راســیزم و ڕەگەزپەرســتیەوە و پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤیشە و هەردەبێت بە لێکتێگەیشتن لەسەر ئەم چەمکە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەوا پێش ئەوەی بێینە سەر میکانیزمی یەکســانبوونی هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەگشــتی و لەکوردســتان بەتایبەتی، هەڵوەســتە لەســەر جیاکاری نێوان هەردوو توخمی مرۆڤی رەش پێســت و سپی پێست دەکەینەوە.

### جیاکاری توخمی سپی پێست بەرامبەر رەش پێست

پیاوانی سیاسەتمەدار لە مێژووی مرۆڤایەتی و شۆڕشەکانی ئازادیدا، هەتا ســەدەی نۆزدەش مانــای ئازادییان تەنها بۆ پیاوی ســپی پێســت بە رەوا دەزانی و رەش پێستەکان بە کۆیلە ســەیر دەکران، هەر بۆیــە ئەگەر جیاکاری نێر بەرامبەر مێ بیانوو و پاســاوی بایلۆژی بۆ بهێنرێتەوە بەوەی رەگــەزی مێ یان ئافرەتان سروشــتی بایلۆژیان بەوجۆرەیە کە ناتوانن وەك پیاو ببنە سیاســەتمەدار، ئەوا لە جیاکاری پیاوی ســپی پێســت بەرامبەر پیاوی رەش پێســت ئەو بیانوو پاکانەیەش نییە، لەبەر ئەوەی مێژووی سیاسەت و سەربازی لەسەر ئاستی جیهان سەلماندوویەتی ئەگەر رەش پێســتەکان بواریان بۆ برەخســێت لە ســپی پێستەکان سەرکەوتووترن، باشترین نموونەش ئەمریکایە کە ئێستا سەرۆکەکەی رەش پێستە و هەروەها باشترین ژەنراڵ و وەزیری دەرەوەی رەش پێســت بــووە کە کۆلن پاول بوو، هەروەها کۆندالیزا رایسیش کە خانمێکی رەش پێست بووە، باشــترین راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، کەواتە مێژووی سیاسەتی ئەمریکا نموونەیەکی باشــە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین پیاوە ئەمریکیە سپی پێســتەکان بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەك چۆن لە مانای ئازادی لە بەیانی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکادا تێگەیشتبوون؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەبراهام لنکۆلن کە شــانزەهەمین ســەرۆکی ئەمریکا بووە، پێمان دەڵێت هەتا ســاڵی ١٨٦٥ سپی پێســتەکان بەوجۆرە لە بڕگەیەی بەیانی سەربەخۆ تێگەیشتبوون کە دەڵێت (دوای ئەوەی داگیرکاری بەریتانیا کۆتایی هات، ئیدی هەموو ئەمریکیەکان ئازادن) ئەوان ئەم ئازادییەیان کورتکردبووەوە تەنها بۆ ئازادی پیاوە ســپی پێستەکان و ئەمریکیە رەش پێستەکان کۆیلەی سپی پێستەکان بوون، مافی دەنگدانیان نەبووەو هەروەها مافی بەشــداری سیاسیان نەبووە، بۆیە کۆماری ئەمریکای ئازاد بۆ پیاوە رەش پێستەکان، کۆماری کۆیلایەتی و چەوســانەوە بوو، لنکۆڵن وەك سیاسەتمەدار و ســەرۆکێکی سپی پێســت ئەم هەڵەیەی راستکردووە و شۆڕشــی دژی کۆیلایەتی ڕاگەیاند، بەڵام نەیتوانی نە ژنە سپی پێستەکان و نەژنە رەش پێستەکان ئازاد بکات و، ئەمە لە کاتێکدایە پێش ئەوەی لنکۆڵن ببێتە ســەرۆك لە ٨ی مارتی ١٨٦٥ ئافرەتانی نیویۆرك خۆپیشاندانیان لە دژی بە کۆیلە سەیرکردن کردووە، سەرنج بدەن لەو کاتەی کە لنکۆڵن شۆڕشــی دژی کۆیلایەتی پیاو ڕاگەیاندووە، ئــەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کــە ئافرەتیش کۆیلەیە، هەر بۆیە ئەگەر بەم مێژووەدا بچینەوە دەبینین جارێکی دیکە لە ٨ مارتی ١٩١٤ دیســان ئافرەتان بە دروشــمی (نان و گوڵ) خۆپیشــاندانیان کردەوە و داوای کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن و مافی بەشداربوونیان لە دەنگدان کردووە، گرنگە خانمان ئەم مێژووە باش بخوێننەوە، لەبەر ئەوەی لەدوای ئەم مێژووە پیاوان بەرپرسن لە دوو شەڕی گەورەی جیهانی کە بەسەدان ملیۆن خەڵکیان بە کوشتداوە، ئینجا دوای ئەم هەموو کارەســاتە لە ٨ مارتی ١٩٤٥ و لەیەکەم کۆنگرەی رێکخــراوی ئافرەتانی جیهاندا بڕیار دراوە، ئەم رۆژە وەك رۆژی ئافرەتانی جیهانی بناسرێت، رۆژێك بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئافرەت، کە لەو رۆژەشــدا جیهان رێــز لەمافی ئافرەت ناگرێــت و بڕیاری بوێرانە بەرامبەر ئافرەت نادات. هەر بۆیە شۆڕشــەکەی لنکۆڵن تەنها شۆڕش بوو بۆ نەهێشتنی کۆیلەیەتی پیاوانی رەش پێســت، بەڵام نەیتوانی رەگەزی نێــر و مێ لە ئەمریکا یەکســان بکات، هەتا ئێســتا لە ئەمریکا نەتوانراوە ئەو یەکسانییە دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی رێژەی ئافرەتان لە سەنات ١٦٪ و لە کۆنگرێس ٢٠-٢١٪، ماندێللاش توانی رژێمی جیاکاری ئەپارتاید کۆتایی پێبهێنێت و پیاوە رەش

**ئەگەر تاکی نێری کوردستانی ئەو قەناعەتەی لادروست بووبێت کە چەمکی تاك هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، ئەوا ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە تاکی مێی کوردستانی لەپشت هەر تاکێکی نێرەوە بووە کە پێشمەرگە بووە یان چەکی مقاوەمەتی لەشان بووە**



پێستە کانی ئەفریقیای باشور هاوسەنگ و یەکسان بکات، بەڵام نەیتوانی لە نێوان رەگەزی نێر و مێی رەش پێستەکانی باشوری ئەفریقیا یەکسانی دروست بکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو سەرکردانە کارێکی خراپیان کردووە خەباتیان بۆ نەهێشتنی کۆیلەیەتی پیاو کردووە؟ لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین نەخێر کارێکی زۆر باشیان کردووە و لەهەمانکاتدا سەرکردە پیاوەکان بەوەفاو دڵسۆز بوون تەنها بۆ رەگەزی نێر، بەڵام بەوەفا نەبوون بۆ رەگەزی مێ، ئەگەر لێرەدا پرسیارێکی دیکە لەخانمان بکەین ئایا بە تەنها بەگلەیی کردن لە پیاوان رێز لە مافی ئافرەت دەگیرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین نەخێر لەبەر ئەوەی هەتا تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان

**ئەگەر ئەقڵی نێر و مێ لە داڕشتنی ستراتیژیەتی پرۆسەی بونیادی نەتەوە بەشدار نەبێت و لە دووبارە بونیادنانەوەی دامەزراوەکاندا هاوبەش نەبێت، ئەوا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردستان لەو ماڵە شپرێوە دەچێت کە تەنها بۆ چەند ڕۆژێک ژنی تیا نابێت**

سپی پێست دروســـت نەبووە، شۆڕشی دژی کۆیلایەتی سەرکەوتنی بەدەســـتنەهێناوە، بۆیە هەنگاو هەڵگرتنیش بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشـــتنە دروســـت بێت، ئـــەوا دەبێت خانمان هەوڵبدەن دیالۆگ لەگەڵ ڕەگەزی مێ دروست بکـــەن . ئەمەش لەبەر ئەوەی خۆی لەخۆیدا پرســـێکی سیاســـیە و ئەوا دەبێت خانمـــان بە هەنگاوی گەورە بێنە ناو پرۆســـەی سیاســـیی و لەناو پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاســـیدا بەشداربن، مەبەست لە بەشدار بوونیش لە سیاسەت، تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆی ژنان یان ئافرەتان نییە بەم سیاسەتە نێرسالارییەی کە ئێستا هەموو جیهانی سیاســـەتی گرتۆتـــەوە، نەك تەنها کایەی سیاســـی لە کوردستاندا، بەڵکو بەشداری ئافرەت لە سیاسەت زەمینە خۆشـــکردنە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم سیاسەتە و هەوڵدانە بۆ داڕشـــتنەوەی سیاسەت بە شێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە و کۆتایی هێنان بە سیاسەتی نێرسالارانە، ئەوجا ئەگەر ئەم پرسە بۆ ئافرەتانی وڵاتان و نەتەوەی دیکە هەندێك قورس بێـــت و پیاوانی نەتەوەکانی دیکە درەنگ ئەم ڕاســـتیە بسەلمێنن، ئەوا بۆ ئافرەتانی کوردستان و نەتەوەی کورد، کارێکی زۆر زەحمەت نابێت ئەگەر ئافرەتانی کوردستان بوێر و لێهاتووبن، هۆکاری ســـەرەکی بۆ ئەمە ئەوەیە کە ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ســـاڵە پیاوی کـــورد خەبات دژی جیاکاری نەتەوەیی دەکات، بۆیە ئێستا بە ئاسانی ئیقناع دەبێت کە پرســـی جیاکاری نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ تێبگات و هاندەر و هاوکاری ئافرەتانی کوردستان بن، بۆ ئەوەی بەڕاستی خەباتی ڕزگاری خوازی نیشتمانیمان چوارچێوەیەکی فراوانتر وەربگرێت و لەگەڵ سەرکەوتنی ئەم خەباتە ئافرەتانیش ئازاد و ســـەربەخۆ بن، نەك تەنها پیاوەکان.

ئـــەم قۆناخەمان کە لە باشـــوری کوردســـتان قۆناخی بونیادنانەوەی نەتەوەیە و لە بەشـــەکانی دیکە زەمینەی لەبار دروست بووە بۆ ئەوەی باس لە چارەسەری ئاشتی و ئازادی کورد بکرێت، ئەوا ئەم قۆناخە بۆ خانمان گرنگە بە پشـــت بەستن بە مێژووی سیاســـیی نەتەوەی خۆیان و ئامانجی شۆڕشەکانی کوردســـتان، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو مێژووی سیاســـەت و خەباتـــی ڕزگاری خوازی کوردستان و وەك تاکی نەتەوەیەکی مافخوراو دیالۆگێکی کراوە لەگەڵ ڕەگەزی نێر دروســـت بکات و بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتێکی مرۆڤ دۆستانە دابڕێژرێـــت کە تیایدا ئافرەتی کوردســـتان تاکی ئازاد و هاونیشـــتمانیەکی مـــاف پارێزراو بێـــت، بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. ئەگـــەر تاکی نێری کوردســـتانی ئـــەو قەناعەتەی لادروســـت بووبێت کە چەمکی تاك هـــەردوو ڕەگەزی نێـــر و مێ دەگرێتەوە، ئەوا ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ســـاڵە تاکی مێی کوردســـتانی لەپشت هەر تاکێکی نێرەوە بووە کە پێشـــمەرگە بووە یان چەکی مقاوەمەتی لەشان بووە، بۆیە تاکی مێ هاریکار و پشـــتیوانی تاکی نێر بووە بۆ سەرفرازی کوردستان، بۆیە لەم قۆناخەدا پێویستە تاکی نێریش پشتیوان و هاریکاری تاکی مێ بێت بۆ ئەوەی ڕێز لەمافەکانی بگیرێت.

٢. بۆ ئەوەی ئەم دانپێدانانە ببێتە پراکتیکی و لەقســـەی ڕازاوەی تیـــۆری بێتـــە دەرێ، ئـــەوا دەبێـــت لەگەڵ ئـــەم دانپێدانانە بە هاوشـــێوەی پرۆســـەی دانپێدانان و ئاشتبوونەوەی باشـــوری ئەفریقیا، ئافرەتانی کوردستان ئەم دانپێدانانە لە نێری کورد یان کوردستانی قبوڵ بکەن، پێکەوە بەرنامەیەکی هاوبەش دابنێن بۆ ئایندە.

٣. بەرنامە دانان بۆ ئایندە، واتە ئاشتکردنەوەی ڕەگەزی نێـــر و مێی کورد یان کوردســـتانی، گرنگـــە خانمانی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتبوونەوە تێبگەن، ئاشتبوونەوە واتە پێکهاتنەوە لەسەر ئەوەی نەخشەی سیاسەت نێر و مێ پێکەوە دایبڕێژنەوە، با ســـەیری داواکارییەکانی نەتەوەی کورد یان کوردســـتان بکەین، لەهەر چـــوار پارچەکە و هەروەها لەپرۆسەی سەدان ساڵەی دانوستاندن و دیالۆگی نێوان کورد و ڕژێمەکانی هەرچوار پارچە، دەبێت بزانن کە شاندی کورد یان کوردستانی چۆن داواکاری کردووەو، چۆن لەمانای ئاشتبوونەوە یان پێکهاتنەوە تێگەیشتوون، ئاسانە و هەموو لایەك دەزانێت کە ئاشـــتبوونەوە و پێکهاتنەوە لە فەرهەنگی سیاسی و شۆڕشگێڕی کوردستاندا ئەوەبووە، کورد بەشداری ڕاســـتەقینە بێت لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتدا. هەر بۆ نموونە گەلی کورد لە باشوری کوردستان هەتا ئێســـتاش کودەتای ١٤ی تەمموزی عەبدولکەریم قاسم بە شۆڕش ناوزەد دەکات، با خانمان لەخۆیان بپرسن بۆچی کودەتـــای ١٤ی تەممـــوزی ١٩٥٨ لای کورد شۆڕشـــە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت لەبەر ئەوەی لە مێژووی دەستوورەکانی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانی بەســـەردا دابەشکراوە، بۆیەکەمجار بوو دوای کودەتاکەی چواردەی تەمموز لە دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوە کراوە (عێراق نیشـــتمانی هاوبەشـــی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە)، ئەم وەرچەرخانە لە ئەقڵی ئەفسەرێکی عەرەب بەرامبـــەر کورد، گەورەترین شۆڕشـــە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی عەبدولکەریم قاســـم لە شەستەکان پەشیمان بۆوە، بەڵام دوای ٤٥ ســـاڵ لە ٨مارتی ٢٠٠٥ لە دەستووری تـــازەی عێراقدا هەمان بڕگە دووبارە نووســـرایەوە، بۆیە گرنگـــە لە ٨ مارتی ئەمســـاڵدا خانمان ئەم دانپێدانان و هاوبەشـــییان لە سیاسەت و نیشتمان لەیاد بێت و دووبارە داوای بکەنەوە.

٤. بـــا خانمان بپرســـن بۆچـــی نوێنەرانی کـــورد یان کوردستانی مانای ئاشتبوونەوە و پێکهاتنەوەیان لەگەڵ رژێمەکانی هەر چوار پارچە لە بەشـــداری راستەقینەی کورد یان کوردســـتانیەکان لە داڕشتنی سیاسەتی وڵات چڕدەکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە ئاسانە لەبەر ئەوەی هەتا کورد بەشدارێکی راســـتەقینە نەبێت لە داڕشتنی سیاســـەتی وڵات، ئـــەوا نابێتـــە هاووڵاتـــی و مافی هاووڵاتیبوونی نابێت، سەرنج بدەن ئێستا مافی بەشداری راســـتەقینە لە حکومەتـــی بەغدا بۆ کـــورد هەندێك پێشـــێل کراوە، ئاکامەکەی دەبینین کە چۆن مووچەی فەرمانبەران و بودجەی کوردستان راگیراوە، بۆیە ئەگەر کورد یان هەرێمی کوردســـتان بەم بەشـــدارییەی ئێستا رازی بێت، ئەوا مافـــی هاووڵاتیبوونی نامێنێت، ئەمە بۆ هەردوو توخمی مرۆڤە رەش پێســـت و سپی پێستەکان راستە، هەروەها بۆ نێوانی هەردوو رەگەزی مێ و نێریش راستە.

٥. بەتەنهـــا دەســـپێکردنی پرۆســـەی پێکهاتنـــەوە و ئاشـــتبوونەوە بەس نییـــە، بەڵکو دەبێت ئەم پرۆســـەیە پرۆسەیەکی بەردەوام بێت، لە بەردەوامبوونیشدا جۆرێك لە هاوسەنگی و یەکسانی هەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەو هاوسەنگی و یەکسانییە بەردەوامی دەبێت؟ بێگومان بە دروستبوونی خانمی سیاسەتمەداری لێهاتوو.

## رۆڵی خانمانی کوردستانی
## لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەدا

مەبەســـت لە پرۆســـەی بونیادنانەوەی نەتەوە، ناساندنی نەتـــەوە نییە وەك نەتەوەیەکی خـــاوەن مێژوو و کەلتور و فەرهەنگ، بەڵکو پێشـــاندانی ئەم مێـــژوو و کەلتور و فەرهەنگەیـــە چۆن دەتوانێت ئازادی بەدەســـت بهێنێت و چۆن ئەم ئازادییە دەپارێزێت، هەر بۆیە کە ئێستا توێژەران لەسەر ئاســـتی جیهان توێژینەوە لەسەر مێژوو و کەلتور و فەرهەنگی ژاپۆن و کۆریای باشـــور و ســـەنگافورا و تایـــوان دەکـــەن، دەیانەوێت بزانن فاکتـــەری مێژوو و کەلتور فەرهەنگ چ رۆڵێکی لەو ســـەرکەوتنە مەزنەی ئاوەدانکردنـــەوە و بونیادنانـــەوەی وڵاتانی دوای شـــەڕ گێڕاوە، بۆیە ئەگەر ئێمەش وەك نەتەوەیەك کە درێژترین ماوەی چەوســـانەوەمان لە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە و زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە، بمانەوێت پرۆسەیەکی بونیادنانەوەی نەتەوەیەك پێشـــانی جیهان بدەین کە شایستەی ئەوە بێت روومان بێت بڵێین ئەمـــە بەرهەمی نەتەوەیەکە کە ٥٠٠ ســـاڵ هیچ مافێکی نەبووە، بڵێن ئەمـــە بەرهەمی ئەو مێژوو و کەلتـــور و فەرهەنگەیە کە ٥٠٠ســـاڵ بواری پێنەدراوە هیچ بەرهەمێکی هەبێت، ئەوا دەبێت ســـەرۆك و ســـەرکردە سیاسییەکانی کوردســـتان و دامەزراوەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردســـتاندا هەموو سەرچاوەی مرۆیی کوردســـتان بەکار بهێنن بۆ ئـــەوەی نموونەیەك پێشـــکەش بکەین کە شایســـتەی خوێنی ئەو شەهیدانە بن کە ماوەی ٥٠٠ ســـاڵە لەم پێناوەدا خوێنیان دەڕژێت، مەبەســـتیش لە هەموو ســـەرچاوە مرۆییەکانی هەرێمی کوردســـتان، واتە ســـەرچاوەی مرۆیی هەردوو رەگەزی نێـــر و مێ، خۆ ئەگەر ئەقڵی نێر و مێ لە داڕشـــتنی ستراتیژیەتی پرۆســـەی بونیادی نەتەوە بەشدار نەبێت و لە دووبـــارە بونیادنانەوەی دامەزراوەکاندا هاوبەش نەبێت، ئەوا هەمیشـــە کۆمەڵگەی کوردســـتان لەو ماڵە شپرێوە دەچێـــت کە تەنها بۆ چەند رۆژێك ژنی تیا نابێت و، لەو کاتـــەدا زۆر بەجوانی رۆڵی ژن لە رێکوپێکی و وردبینی و نەرمی دەردەکەوێت، دەگەینە ئەو راســـتییەی کە تەنها ســـەفەرکردنێکی ژن بۆ چەند رۆژێك چ بۆشـــاییەك لە ژیانی ناو ماڵدا دروست دەکات.

ئەگەر لێـــرەوە بەوجۆرە گریمانە بکەیـــن و بمانەوێت بە جیهانی بســـەلمێنین لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردســـتان، مێژوو و فەرهەنـــگ و کەلتوری کوردانە و کوردســـتانیانە پێتان دەڵێت: ئـــەم فەرهەنگ و کەلتور و مێژووە بەو جۆرە دامەزراوەکانی کوردستانی بونیادناوەتەوە کە هەر تاکێکی کوردستانی بە جیاوازی رەگەز و ئایینی و نەتەوەوە، دامـــەزراوەکان بە ماڵی خۆیی و بە موڵکی خۆی دەزانێت، ئایا جیهان چۆن سەیری مێژوو و کەلتور و فەرهەنگی کـــورد و کوردســـتان دەکات؟ کەواتە ئەم پرســـیارە فێرمان دەکات ورتر لە ئێستا ئەم قۆناخە ناسك و هەســـتیارەی مێژووی نەتەوەکەمان بخوێنینەوە، راستە پیاوانی سیاســـەتمەداری کوردســـتان بڕوایان بە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی هەیە، راســـتە بوێرانە دەڵێن کە ئایین هـــەر ئایینە و نەتەوە هەر نەتەوەیـــە و ئایین و نەتەوەی کەمینە و زۆرینە بوونی نییـــە و دەبێت وەك یەك رێزیان لێبگیرێت، بەڵام ئەم هەنگاوانە هەمووی نیوەچڵن هێشتا ئەقڵی نیوەی کۆمەڵگەی کوردســـتان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لە پرۆســـەی سیاسیی و داڕشتنی سیاسەتی بونیادنانەوەی نەتەوە بوونی نییە، ئەگەر هەشـــبن هەتا ئێستا هەر سیاسەتی ئەقڵی پیاو جێبەجێ دەکەن و هێشتا ئەقڵی مێ تێکەڵاوی داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژیەتی بونیادنانەوەی نەتەوە نەبووە، بۆیە دیسان ئەگەر بمانەوێت بەرهەمی مێژوو و کەلتور و فەرهەنگی کورد و کوردستان پیشانی جیهان بدەین، هەقە بۆ رێز گرتن لە خەباتی ٥٠٠ ساڵەی نەتەوەو نیشـــتمانەکەمان، بەرهەمێکیان پێشکەش بکەین کـــە رەنگدانەوەی ئەقڵیەتی مرۆڤی کورد بێت بۆ ئاشـــتی و ئازادی نەك تەنها رەنگدانەوەی ئەقڵی پیاوی کورد بێت، کە بەرهەمێکی نیوە ناچڵ دەردەچێت.


**ئەگەر بمانەوێت بەرهەمی مێژوو و کەلتور و فەرهەنگی کورد و کوردستان پیشانی جیهان بدەین، هەقە بۆ رێز گرتن لە خەباتی ٥٠٠ ساڵەی نەتەوەو نیشتمانەکەمان، بەرهەمێکیان پێشکەش بکەین کە رەنگدانەوەی ئەقڵیەتی مرۆڤی کورد بێت بۆ ئاشتی و ئازادی**


PARTICIPANT(E)
DIGNITY
الكرامة
DIGNITÉ
DIGNIDAD

## پرۆفیسۆر ڤالنتینە موقەدەم بۆ گوڵان:

# هاندەری گرنگ بۆ بەشداری زیاتری ئافرەت لە سیاسەتدا دروستکردنی ژینگەی ئارامە بۆ ئەوەی هەست بە دڵنیایی بکات

ئافرەتان پێش ئەوەی ببنە خوشك و كچ و هاوسەر، دایكن، دایكایەتیش خۆی لەخۆیدا بریتییە لەسەرتاسەر سۆز و خۆشەویستی و خەمخۆری بۆ ئاشتی و بونیادنانی ژیانێكی كامەران و ئاسوودە، لەمەش گرنگتر دایك خەمخۆرە بۆ پاراستنی تەندروستی و پەروەردەی دروستی كۆرپەكەی و بایەخدان بە ئایندەی كوڕ و كچەكانی، هەموو ئەمانە ئەگەر پێكەوە كۆبكەینەوە و لەكایەی سیاسەت راڤەیەكی وردیان بكەین، هەست دەكەین لە ئافرەتدا بە شێوەیەكی فتری پرانسیپەكانی حكومڕانی باش و حكومڕانی زیرەك بوونی هەیە، هەر بۆیە كە ئافرەت بەشێوەیەكی راستەقینە بەشداری سیاسەت دەكات، بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ئاراستەی سیاسەتی حكومڕانی بەرەو حكومڕانی باش و حكومڕانی زیرەك وەردەچەرخێت، بۆ قسەكردن لەسەر كاریگەری ئافرەت بۆ بەشداربوونی لەسیاسەت و پرۆسەی بڕیارسازیدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوونی پرۆفیسۆر ڤالنتینە موقەدەم ئوستادی بەشی سیسیۆلۆژی لە زانكۆی ئەمریكی لە واشنتۆن سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.



**ئەگەر تۆ نیوەی کۆمەڵگەکەت دوورخستەوە لە پرۆسەی بڕیارسازی، ئەوا دەرئەنجامێکی خراپ بەدەست دەهێنیت بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، یاخود بڕیارێکی یەکلایەنەت دەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا**

**مەرج نییە هەر سەرکردەیەکی سیاسی کە ئافرەت بێت ئیتر سەرکردەیەکی زۆر باش بێت یاخود بە باشی نوێنەرایەتی ئافرەتان بکات. بەڵام دەکرێت هەمان شت لەسەر پیاوانیش بووترێت**

*** بەشداری ئافرەتان لە سیاسەت و بڕیارسازیدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆرە لەسەر ئاستی لۆکاڵ و هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش لە جیهاندا ژمارەی خانمی سیاسەتمەدار کەمن، بەڵام هەموویان باسیان لە ڕۆڵی دایك کردووە کە لە سەرەتای ژیانیانەوە گۆشکراون و پەروەردەکراون و فێرکراون، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت وەبەرهێنان لە ئافرەتاندا بکرێت و چۆن ئەمە هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدان؟**

- دایکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا و دەتوانن ببنە نموونەیەکی باڵا بۆ کچەکانیان. بەڵام کاتێك ئێمە باسی ڕۆڵی ئافرەتان دەکەین لە پرۆسەی بڕیارسازیدا و لە سیاسەت و لە بەشداری سیاسیدا، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستەکانی دیکەش باسی وەبەرهێنان لە ئافرەتاندا بکەین، واتە نەك هەر تەنها لە ناو خێزانەکاندا- کە بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە-، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و حکومەتیش. لە ڕاستیدا زۆرێك لە دەوڵەتان وەبەرهێنانیان لە ئافرەتاندا کردووە. لێگەڕێن با لەوەوە دەست پێبکەم کە بۆچی بەشداری سیاسی ئافرەتان و نوێنەرایەتی ئافرەتان گرنگیەکی ڕاستەقینەی هەیە؟ لەبەر چەند هۆکارێك گرنگە، یەکێکیان بریتییە لە یەکسانی و دادپەروەری لە ئاست ئافرەتاندا. هەر کۆمەڵگەیەك بگریت ئافرەتان نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنن، لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ نیوەی کۆمەڵگەکەت دوورخستەوە لە پرۆسەی بڕیارسازی، ئەوا دەرئەنجامێکی خراپ بەدەست دەهێنیت بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، یاخود بڕیارێکی یەکلایەنەت دەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە کوالێتی بڕیارسازیەوە، زۆرێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێك فرەیی لە بیروبۆچوون و تێڕوانینەکاندا هەبێت، ئەوا بڕیارەکان پتر دیموکراتی دەبن و پتر بەرجەستەی نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها پرۆسەی بڕیارسازیش پرۆسەیەکی کاراتر دەبێت. ئافرەتان پێویستی و بایەخدانی تایبەتیان هەیە و پێویستە لەلایەن ئافرەتانەوە نوێنەرایەتی بکرێن. هەرچۆنێك بێت، ئەگەرچی من ئاماژەم بەوەدا کە زۆر گرنگە ئافرەتان بەلای کەمەوە نوێنەرایەتیەکی یەکسانیان هەبێت لە پرۆسەی بڕیارسازی سیاسی و ئابووریدا، ئەوا مەرج نییە هەر سەرکردەیەکی سیاسی کە ئافرەت بێت ئیتر سەرکردەیەکی زۆر باش بێت یاخود بە باشی نوێنەرایەتی ئافرەتان بکات. بەڵام دەکرێت هەمان شت لەسەر پیاوانیش بووترێت، چونکە چەندەها سەرکردەی پیاو هەن کە سەرکردەگەلێکی زۆر باش نین. بەڵام ئەگەر ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتان لە هەر دامەزراوەیەکدا هەبن، ئیدی پەرلەمان بێت یاخود بزنس یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان یان پارتە سیاسییەکان بێت، ئەوا جیاوازی دروست دەکەن لە ڕووی ئەو یاسایانەی دەردەکرێن و ئەو سیاسەتانەی دادەڕێژرێن، یاخود ئەو کەشەی لەو دامەزراوەیەدا دێتەئاراوە. کەواتە تەحەددیەکە بریتییە لە دروستکردنی هەل و مەرجێك کە لەبار و گونجاو بێت بۆ بەشداری ئافرەتان، لەبەر ئەوە پێویستمان بە دروستکردنی هەندێ پاڵنەر هەیە تاوەکو ئافرەتان بەشداری بکەن لە پەرلەمان و بزنس و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و پارتە سیاسییەکاندا.

*** لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و موحازەرە دەوترێنەوە لەپێناو پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە بەشداری کردنی ئافرەتان لە سیاسەتدا، بۆ نموونە کۆنفرانسی پەکین لە ساڵی ١٩٩٥دا کە داوای دەرفەتی زیاتری کرد بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی بگەنە پۆستە باڵاکان لە حکومەت و لە سیاسەت و لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٢٠ ساڵ هەست ناکرێت هیچ گۆڕانکاریەك ڕوویدابێت لەم ڕووەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئافرەتان کەمتر دەبینرێن لە بوارە سیاسییەکە و لە پرۆسەی بڕیارداندا و ئایا ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتان چییە بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرفەتانە؟**

- لە ڕاستیدا لە دوای —کۆنفرانسی- پەکینەوە بەرەوپێشچوون ڕوویداوە، من لە زانیاریەکانی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی دەڕوانم کە زانیاری و داتایان لەبارەی ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەماندا کۆکردەوە لە جیهاندا. دوایین داتاکانیان ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆی ١٤٨ دەوڵەت، ٣٣ دەوڵەت لە سەدا ٣٠ و بگرە زیاتری ئەندام پەرلەمانەکانیان لە ئافرەتان پێکهاتووە- کە ئەمە ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو بۆ حکومەتەکانی جیهان کە پێویستە بەلای کەمەوە لە سەدا ٣٠ کورسیەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان بێت-، هەر ئەمەش مەبەستی من بوو کاتێك ئاماژەم بە گرنگی بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتان دا، چونکە بوونی ئافرەتێك یان دوو ئافرەت جیاوازیەك دروست ناکات لە ڕووی یەکسانی و دادپەروەریەوە و لە ڕووی یەکسانیەوە لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، بەڵکو بوونی ڕێژەی لە سەدا ٣٠- بەلای کەمەوە- جیاوازی دروست دەکات. کەواتە بوونی ڕێژەی لە سەدا ٣٠ یان زیاتر لە ٣٣ وڵاتدا- گرنگی خۆی هەیە-، ئەگەر لە وڵاتێکی وەك ڕواندا بڕوانین ئەوا لە سەدا ٦٠ی ئەندام پەرلەمانەکانیان ئافرەتن، ئەمانەش وڵاتگەلێکی دەوڵەمەند نین، وەك

کوبا و سەنیگال و باشووری ئەفریقیا و نیکاراگوا، و تاکە وڵاتێك کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی موسڵمان بن و ئەم ڕێژەیەی هێنابێتەدی وڵاتی جەزائیرە کە لە سەدا ٣١ی ئەندام پەرلەمانەکانی ئافرەتن. بەڵام بە داخەوە، ٥٧ وڵاتێك خاوەنی ڕێژەی کەمتر لە سەدا ٣٠ ئافرەتانن لە پەرلەمانـدا و هەندێ وڵات هەن هیچ ئافرەتێك لە پەرلەمانەکانیاندا بوونی نییە. کەواتە هەروەك پێشتر باسم کرد تەحەددیەکە ئەوەیە کە هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداری ئافرەتان بخوڵقێنین. بەڵام ئایا ئەو هەل و مەرجانە چین کە دەبنەهۆی هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی بچنە نێو سیاسەتەوە؟ لە ڕاستیدا چەند ڕێگایەك هەن، یەکێك لەو ڕێگایانە دانانی کۆتایە، کۆتای پەرلەمانی، زۆرێك لەو وڵاتانەی ڕێژەیەکی بەرزی بەشداری ئافرەتانیان هەیە لە پەرلەماندا کۆتای پەرلەمانی یان کۆتای پەیوەست بە پارتە سیاسییەکانیانەوە هەیە. هەروەها زۆر گرنگە کەلتوری دامەزراوەیی بگۆڕین بۆ ئەوەی پتر پێشوازیکار بێت بۆ ئافرەتان. چونکە هەندێ جار ئەو دامەزراوانەی پیاوان تێیدا باڵادەستن یاخود لە ڕووی تەقلیدیەوە پیاوسالارین، دامەزروەگەلێکن کەشێکی دوژمن بە ئافرەتانیان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە بگۆڕیت بۆ ئەوەی ئافرەتان پتر هەست بە ئاسوودەیی بکەن. هەروەها دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە زۆرێك لە ئافرەتان خێزانیان هەیە و دایکن، لەبەر ئەوەی پێویستە سەنتەری.. چاودێری منداڵ بکرێتەوە بۆ ئەو دایکانەی کار دەکەن، من ناڵێم ئەمە لە پەرلەماندا بکرێتەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی کارکردندا. پێموایە ڕەنگە هۆکاری کەمی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان بۆ ئەو تێڕوانینە بگەڕێتەوە کە سیاسەت کارێکی پیس و گەمەکەیەکی پیسە (Politics is Dirty Business or a Dirty Game)، بەڵام پێموایە ئەمە حاڵی سیاسەتە لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەمی ئافرەتان بەشداریان تێدا کردووە. هەندێ بەڵگە هەن کە لە وڵاتی مەکسیك و هیندستان ئافرەتان کراون بە بەرپرسی هێزی پۆلیس لە هەندێ ناوچەی شارنشیندا، کە بۆتەهۆی ئەوەی گەندەڵیەکی کەمتر ڕوودات، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئافرەتانەوە. ڕەنگە بەشێکی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئافرەتان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسیاسەت دوورەپەرێز بوونە و ئەگەری کەمترە لە کاری گەندەڵکاریەوە تێوەبگلێن. هەروەها چەند گریمانەیەك هەیە دەربارەی خۆنەویستی ئافرەت(Women Altruism) یان دایکان، واتە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان دایکایەتیان بینیوە، ئەوا توانایەکی باشتریان هەیە بۆ بیرکردنەوە لە چاکەی منداڵەکانیان، ئەمەش وایان لێدەکات لە پەرلەماندا زیاتر گرنگی بە دەرکردنی ئەو یاسایانە بدەن کە خەرجی کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرن، نەك خەرجی سەربازی- بۆ نموونە- کەواتە دەبێت هەل و مەرجی ئەوە دروست بکرێت کە خەڵکی هان بدرێن بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری ئافرەتان بەرنە نێو پەرلەمان و ئەو بوارانەی دیکەوە کە نوێنەرایەتیەکی کەمتریان هەیە تیایاندا، یاخود پیاوان باڵادەستن تیایاندا. هەروەها زۆر گرنگە کە ئەو پشتیوانیە دامەزراوەییە بۆ ئافرەتان دابین بکرێت. ئەوەی پێوەندی بە پەرلەمان و حکومەتەوە هەبێت، ئەوا پێویستە پارتە سیاسییەکان ئافرەتان بخەنە نێو لیستەکانیانەوە، واتا پاڵێوراوی ئافرەتیان هەبێت. هەروەها دەبێت ئافرەتانیش لەوە تێبگەن کە سیاسەت گەمەیەکی پیس نییە، کەواتە دەبێت پشتیوانی و پارێزگاری پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

*** دەوترێت کە زۆربەی ئافرەتە لێهاتووەکان لە دامەزراوە نا حکومییەکاندا دەردەکەون، لە بواری پەروەردەدا، لە سەرۆکایەتی زانکۆیەکی بە ناوبانگدا، بەڵام لە پۆستە سیاسە باڵاکاندا دەرناکەون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئافرەتان بەشداریەکی کەمتر دەکەن لە سیاسەتدا، ئایا سروشتی خۆیان ڕقیان لە سیاسەتە یاخود ئامادەنین بەشداری تێدا بکەن؟**

- پێموایە لێرەدا دوو شت هەیە، کوالێتی و کەشی دامەزراوەکان و سەلامەت و ئاسایشی ئەو دامەزراوانە. زانکۆکان کەشێکی سەلامەتیان هەیە، مرونەتێکیان هەیە، چونکە ئافرەتان دەتوانن بێن وانەی خۆیان بڵێنەوە و بڕۆن و بچنەوە نێو خێزانەکانیان و... هتد و هەندێ جار ئەو مامۆستایانە دەتوانن لە ماڵەوە کاربکەن و هەندێ لە زانکۆکان سەنتەری چاودێری منداڵیان هەیە. هەمان شت بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا جێبەجێ دەبێت. هەروەها ئێمە دەزانین کە لە زۆرێك لە وڵاتاندا کارکردن لە بواری سیاسیدا کارێکی مەترسیدارە، کە ڕووبەڕووی ئیغتیالکردن دەبنەوە و...هتد. هەروەها بەداخەوە لە زۆرێك لە وڵاتاندا گەندەڵیەکی زۆر هەیە لە سیاسەتدا. کەواتە پێموایە هۆکارەکە تێکەڵێکە لە بوونی کاتێکی دوورودرێژ و نارێکخراو و ناپێشبینیکراوی کار و نەبوونی سەنتەری چاودێری منداڵ، لەگەڵ هۆکاری ئاسایش و سەلامەتی، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی ڕەنگە ئافرەتان بیانەوێت خۆیان لەو کارانە بە دوور بگرن. لەبەر ئەوە ڕێککەوت نییە کە ڕێژەی بەرزی بەشداری ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێت کە ئاسایش و سەقامگیریان تێدایە- هەندێکیان وڵاتی

**لە وڵاتە دیموکراسیە پێگەیشتووەکاندا، هەروەها لە وڵاتە سەقامگیرەکاندا- کە مەرج نییە لیبراڵ دیموکراسی بن-، پارتگەلێکی سیاسی هەن کە ئافرەتان و پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و هەندێکیان تەمەنێکی گەنجیان هەیە کە گەیشتوونەتە پەرلەمان یاخود پۆستە حکومیەکان**

**لەو کۆمەڵگەیانەدا کە پێگەی ئافرەتان پێگەیەکی نزمە، ئەوا ئەگەری زیاترە ئەو کۆمەڵگەیانە دووچاری ناکۆکی ناوخۆیی یان شەڕ ببنەوە**

دیموکراتین و هەندێکیشـــیان نادیموکراتین-. کەواتە لە وڵاتە دیموکراســـیە پێگەیشتووەکاندا، هەروەها لە وڵاتە ســـەقامگیرەکاندا- کە مەرج نییە لیبراڵ دیموکراسی بن-، پارتگەلێکی سیاســـی هەن کە ئافرەتان و پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشـــن و هەندێکیـــان تەمەنێکی گەنجیان هەیە کە گەیشتوونەتە پەرلەمان یاخود پۆستە حکومیەکان، کە لە ڕاستیدا ئەم کەسانە چەندین ساڵ پێشـــتر کاریان لە ناو پارتە سیاسییەکاندا کردووە. ئەمە هاوشێوەی ئەو ڕاهێنانەیە کە ئێمە لە زانکۆکاندا پێیدا تێدەپەڕین پێش ئەوەی ببینە مامۆســـتای زانکۆ. کە دەکرێت بۆ چەندین ساڵ کار لە ناو پارتە سیاسییەکاندا بکەیـــت و بـــەو ڕاهێنانەدا تێپەڕیـــت و لایەنگرت بۆ دروســـت دەبێت لەناو پارتە سیاسییەکەدا و ئینجا ببیتە ئەندام پەرلەمان یاخود سەرکردەی پارتەکە یاخود ئەگەر پارتە سیاســـییەکە بەشداربوو لە حکومەتەدا پۆستێکت لە کابینـــەی حکومەتدا پێبدرێت. کەواتە لەڕێی پارتە سیاسییەکانەوە ڕێگایەك هەیە.

*** ئـــەو تەحەددیانەی ئافرەتـــان و پیاوان وەك مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەك گەشـــەی ئابووری و کێشـــە کۆمەڵایەتیەکان و ئاشتی و ئاسایش، لەسەدەی بیست و یەك چوون یەکن، واتە ئەو تەحەددیانە هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، بۆیە دەمانەوێت پرســـیاری ئەوە بکەین کە تا چ ڕاددەیەك ئاشتی لە جیهاندا و گەشەی ئابووری لە مەترســـیەکی تەواودا دەبن ئەگـــەر هاتوو ئافرەتان بەشـــداریان لە بڕیاری سیاسی و لە سیاسەتدا نەکرد، ئایا سەرەڕای ئەو تەحەددیاتانە مەترسیەکانی مانەوەی بەشداری ئافرەتان بەو ئاستەی ئێستا چی دەبێت؟**

- ئایندەی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی توند گرێدراوەتەوە بە بەشداری ئافرەتان لە بڕیارسازی سیاسی و ئابووریدا، ئێمە ڕووبەڕووی شـــەڕێکی زۆر و داگیرکاریەکی زۆر و کارەســـاتێکی ژینگەیی زۆر بووینەتـــەوە، هەروەها بیرۆکەی گەشـــەی لـــە کۆتا نەهاتـــوو Endless Growthخزمەتـــی بـــە ژینگـــە نەکـــردووە و ئێمە ڕووبەڕووی گۆڕانی ژینگـــە دەبینەوە. توێژینەوەیەك کـــراوە بەم دواییە کـــە پێوەندیەکی ڕاســـتەوانە بەدی دەکات لە نێوان نایەکسانی ڕەگەزی لەلایەك و ناکۆکی شـــەڕی ناوخۆ لەلایەکی دیکەوە. بە واتایەکی دیکە لـــەو کۆمەڵگەیانەدا کە پێگـــەی ئافرەتان پێگەیەکی نزمە، ئەوا ئەگەری زیاترە ئەو کۆمەڵگەیانە دووچاری ناکۆکی ناوخۆیی یان شەڕ ببنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە تاوەکو نایەکســـانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ زیاتر بێت ئەگەری ناکۆکی و شەڕ زیاتر دەبێت. بە گوزارشتێکی دیکە یەکســـانی ئافرەتان زۆر گرنگـــە بۆ هێنانەدی ئاشـــتی و ئاســـایش. هەروەها توێژینـــەوەکان ئەوەیان پیشانداوە کە دەســـتکەوتە پەروەردەییەکانی ئافرەتان لە ڕێی بەشداری ئابووریەوە، پێوەندی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ گەشـــەی ئابووریدا. بە واتایەکی دیکە دەبێت ڕێژەیەکی زیاتری ئافرەتان بچنە هێزی کارەوە، ئەویش بۆ بەرژەوەنـــدی خۆیان و خێزانەکانیـــان، هەروەها بۆ بەرژەوەندی گەشە و بەرەوپێشچوونی نەتەوەیی. بەڵام دەبێت کارێکی سەربەرزانە بێت و کرێیەکی سەربەرزانە وەربگرێت و هەروەهـــا دەبێت ئافرەتان پاڵنەری ئەوەیان هەبێت بچنـــە نێو هێزی کارەوە و تێیـــدا بمێننەوە. بە تایبەتی بۆ ئـــەو دایکانەی کار دەکـــەن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت مۆڵەتی بـــە مووچەی دایکایەتیان پێبدرێت، و سەنتەری چاودێری منداڵ هەبێت. لە هزری خۆتانـــدا وێنای جیهانێك بکەن کە ئافرەتان لە ســـەدا ٥٠ی پەرلەمان و هێزی کار و بڕیارســـازی پێکبهێنن، ئەوکاتە ڕێژەیەکی بەرزی بەرهەم و گەشەکردن دروست دەبێت، دیموکراســـیەتێکی زیاتر و ســـەقامگیریەکی زیاتـــر دێتەئاراوە و ناکۆکی و شـــەڕێکی کەمتر بەرپا دەبێت و کوالێتی حکومڕانی سیاسی و ئابووری باشتر دەبێت. من هەمیشە وتوومە کە ئەگەر لە سەدا ٥٠ی کارمەندانی بانکی جیهانی و کەرتی دارایی و کەرتی وەبەرهێنـــان ئافرەت بوونایە، ئەوا ئەو قەیرانە داراییەی ساڵی ٢٠٠٨مان نەدەبینی، لەبەر ئەوەی ئافرەتان هێندە هەڵەشـــە نین و ئەوەندە ڕکابەرکارێکی بێبەزەیی نین بە چەشنی ئەو کەسانەی لە بواری دارایی و وەبەرهێناندا کار دەکەن کە سەریکێشـــا بۆ هەرەســـهێنانی کۆمپانیا گەورەکانـــی وەبەرهێنان کە حکومەت ناچار بوو بانکە گەورەکان ڕزگاربکات، کە بـــە دڵنیاییەوە ئەو قەیرانە جیهانیە بەردەوام بوو. کەواتە بێگومان ئافرەتان گرنگن بۆ ئاشتی و ئاسایش و بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووری و گەشەی نەتەوەیی.

*** جیهان بەو دەرئەنجامە گەیشـــتووە کە ناکرێت بەبێ بەشـــداری ئافرەتان، یاخود بەبـــێ توانای ئافرەتان بۆ بەشداریکردن، بگەنە سیاسەتێکی ڕاست و دروست کە بە شـــێوەیەکی گونجاو کاربکات، یان ڕێگە لە شەڕ و توندوتیژی بگرن و تەنانەت بۆ پرۆسەکانی ئاشتەوایی لە دوای شـــەڕیش پێویستیان بە بەشـــداری ئافرەتان دەبێت، ئەگەرچی لە ئاســـتێکی دیاریکراویشدا بێت. بۆچی تا ئێســـتا لەڕووی عەمەلیـــەوە ئەم هەنگاوانە هەڵنەگیـــراون، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشـــە. من دڵنیانیم لەوەی بوونی ئافرەتێك بە ســـکرتێری گشـــتی نەتەوە یەکگرتوەکان

**ئەوەی زۆر گرنگە و ئەوەی پێویستە بخرێتە بەرنامەی کاری هەر حکومەتێکەوە ئەوەیە هەل و مەرجی بەشداری زیاتری ئافرەتان بڕەخسێنرێت لەگەڵ بەشداریکردنیان لە بڕیاری ئابووریدا**

**بوونی ئافرەتێک بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووی ڕەمزیەوە گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کار بکرێ بۆ هێنانەدی یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکاندا**

جیاوازیەکی گەورە دروست دەکات، چونکە ئەوە بڕیارێکی سیاسییەو ئەوە دامەزراندنێکی سیاسییەو سکرتێری گشتی سەرکردەیەکە بەبێ هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە، بەڵام ڕەنگە لەڕووی ڕەمزییەوە گرنگ بێت ئەگەر ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەوە گرنگتر ئەوەیە پاڵنەری بەشداریکردنی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا و لە پرۆسەی بڕیارسازی سیاسی و ئابووری کەلتوریدا بخولقێنرێت، با لە هێزی کار و کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و پەرلەمان و کۆمپانیاکانەوە دەست پێبکەین. واتە دەبێت ڕێژەیەکی زیاتری بەشداری و نوێنەرایەتی ئافرەتان هەبێت لە نێو هەمو ئەو بوارانەدا.

*** ئەوە ڕاستە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەشداری ئافرەتان زیاتر دەبێت، بەڵام بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە سەدا ٣٠ تێناپەڕێنێت لە جیهاندا، لە ساڵی ٢٠٤٠یشدا یەکسانی نێر و مێ نایەتەدی، ئایا ڕاو بۆچوونی ئێوە چیە لەسەر جیهانی سەدەی بیست و یەك لە پێوەندیدا بەم پێشبینیانەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە جیهان دەتوانێت لە ئایندە ئەو یەکسانیە دروست بکات. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە و ئەوەی پێویستە بخرێتە بەرنامەی کاری هەر حکومەتێکەوە ئەوەیە هەل و مەرجی بەشداری زیاتری ئافرەتان بڕەخسێنرێت لەگەڵ بەشداریکردنیان لە بڕیاری ئابووریدا. ئەمە بە مانای چی دێت؟ بە مانای ئەوە دێت دایکان بچنە نێو هێزی کارەوە، بەڵام مۆڵەتی بە مووچەی دایکایەتی و سەنتەری چاودێری منداڵیان بۆ دابین بکرێت. هەروەها دەبێت پارتە سیاسییەکانیش هەڵبستن بە پەروەردەکردن و گۆشکردنی ئەندامە ئافرەتانەکانیان، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانە بتوانن خۆیان بۆ پەرلەمان و پۆستە باڵاکانی دیکە بپاڵێون. هەروەها نابێت لە بزنس و کۆمپانیاکاندا جیاکاری هەبن بۆ ئەوەی ئافرەتانیش-نەك هەر تەنها پیاوان- بتوانن بگەنە پۆستە باڵاکان. بە هەمان شێوە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە لە سەدا ٣٠ی ستافی هەموو وەزارەتەکان لە ئافرەت پێکبێت، چونکە ئەگەر –بۆ نموونە- لە سەدا ٣٠ بۆ ٤٠ی ستافی وەزارەتی ئابووری ئافرەت بن، ئەوا ئەمە جیاوازیەکی گەورە دروست دەکات لەڕووی دابەشکردنی داهاتەکان و بڕیارسازی و...هتد. کەواتە بە دڵنیاییەوە بوونی ئافرەتێك بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووی ڕەمزییەوە گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کار بکرێ بۆ هێنانەدی یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکاندا.




ڤالنتاین موقەدەم ساڵی ١٩٥٢ لە تاران لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٦ لە زانکۆیەکی ئەمریکا دکتۆرای کۆمەڵناسی تەواو کردووە و بۆ ماوەیەکیش مامۆستای کۆمەڵناسی (بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی ئافرەتان) بووە، دواتر لە ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ لە پاریس بەرپرسی بەشی گەشەسەندن و بەرابەری ڕەگەزی بەشی کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی یۆنسکۆ بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧یشەوە مامۆستای کۆمەڵناسی و بەرپرسی لێکۆڵینەوەی ئافرەتانی زانکۆی بۆردیۆیە.

ڤالنتاین یەکێکە لە دامەزرێنەران و هەروەها سەرۆکی «ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی ئافرەتانی کەنداوی ناوەڕاست» و سەرنووسەری «گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئافرەتانی کەنداوی ناوەڕاست»ە.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە کتێبەکانی ئەو:

مۆدێرنیزاسیۆنە بوونی ئافرەتان، ڕەگەز و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان (١٩٩٣)، بە باشترین کتێبی ئاکادیمی ساڵی ٩٤-١٩٩٣ هەڵبژێردرا.

گلۆبالیزاسیۆنی ئافرەتان: تۆڕە فێمێنیستییە فرە نەتەوەییەکان(٢٠٠٥)، خەڵاتی (ڤیکتۆریا شۆك) کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی ئەمەریکای لە ساڵی ٢٠٠٦ وەرگرت ئەویش وەکو باشترین کتێب لەبارەی ژنان و سیاسەتەوە.

# ئازادیی ڕەها.. ئاکامگەلی خراپیی ڕەهای لێدەکەوێتەوە

دکتۆر محەمەد شەریف*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



خوێندنەوەو هەڵهێنجانی واقیع لە هەموو کات و شوێنێکدا، یان لەو بنەما کۆمەڵایەتییەی کەسانی ژێر دووپاتی دەکەنەوە بەوەی بریتییە لەدەسەڵاتێکی ڕەهاو خراپییەکی ڕەها، لەم بارەیەوە دەڵێم کە خۆم عەشقی ئازادیم و ڕقیشم لە هەموو ئاستەنگ و بەربەستێکە کە بەرزەفتی بکات، هەر کاتیك مرۆڤ هەستی بەوەکرد کە هیچ شتێك کە بە قسەو کردار لەبەردەمیدا ڕێگر نییە، بە نەبوونی هیچ سنوورێك یان ئایینێك ئامۆژگاری بکات، یان ویژدانی ئازاری بدات، یان نەریتێك شەرمی لێ بکات،یاخود یاسایەك هەبێت هەڵسوکەوتی ڕێکبخات،ئەو کاتە بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەکات و ئاگری دووبەرەکی لە نێوان خزم و کەسانی دووریش هەڵدەگیرسێنێت، ئەو کاتە پێکهاتەی کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی لێکترازانەوە، وەك چۆن ئێستا لەمەیدانەکانی ئێنتەرنێت و فەیسبووکی کراوەدا ئەو ڕاستییە دەبینین کە تێیدا گوزارشت لەهەموو شتێك دەکرێت، چ ڕێپێدراوو یان ڕێپێنەدراوبێت، چ سوودبەخش و یان زیانبەخش، چ خاوەن ڕەوشت و یان بەدڕەوشت، جاری واش هەیە کەسانێکی ڕەوشتبەرزی بێتاوان، مەرامی شەرانگێزییان لە ناخدایە کە بەردەوام ململانێی چاکە دەکات لەناو خودی خۆیاندا و بەرامبەر کەسانی دیکەش، لەبەر دیسپلینیزەکردنی ئەم وارسکەیە پەیامە ئاسمانییەکان بۆ سەر زەوی دابەزێنراون، لەو پێناوەدا کە مرۆڤ پەروەردە بکەن و ڕێنموینییان بکەن. تەنانەت لەناو کۆمەڵگاکاندا زۆر دابونەریتی کۆمەڵایەتی دروست بوونە، بۆ سنوور نەبەزاندنیان چەندین یاسا دارێژراوەتەوە کە ڕەفتاری مرۆڤ ڕێك دەخەنەوە تا بەئارامی و ئاشتیخوازانە ژیانی مرۆڤایەتی فەراهەم بکرێت، لەم بارەیەوە دادپەروەریی ڕۆحی هەموو شەریعەتەکانە.

ئەوەش زانراوە کە چەندە بیرمەندانی ئازادیخواز زێدەڕۆییان لەپێناسەکردنی ئازادی کردبێت و گەیاندبێتیانە ئاسۆیەکی بڵند، بۆیە دەتوانین بڵێین کە هیچ کەس لەو بیرمەندانە ڕێیان بە ئازادیی ڕەها نەداوە، مەبەستم لەو ئازادیەیە کە ناچێتە ژێرباری کۆتوبەندە یاساییەکان، یان بەربەستە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان. ئازادیی ڕەها لێرەدا بە واتای خۆکوژیی خودی ئازادییەو پێکدادانی نێوان ئارەزوو و مەیلەکانە بەشێوەیەك کە کۆمەڵگای ئازاد بکاتە مەیدانێکی پڕ لەئاژاوەو هەراو زەنا، دواجاریش ڕەگەزی مرۆڤایەتی تەفروتونا بکات، لێرەدا ئەو ڕاستییە وەیادی خوێنەر دەهێنینەوە کە مەبەست لەپێناسەی ئازادیی مافی تاکە بۆ پیادەکردنی هەموو ئەو شتانەی کە زیان بەخەڵکی تر نەگەیەنێت ئەمەش لە چوارچێوەی ڕەشنووسەکەی ڕاگەیاندراوی مافەکانی مرۆڤدایە کە لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ دانراوە، ئەم دیاریکردنەش لەپێناویی ئازادیی

مرۆڤ لەناو کەشوهەوای شۆڕشەکەدا تیشکی خراوەتە سەر، لەمەوە تێدەگەین کە هەستی گشتیی مرۆڤ لەهەر بارودۆخێکدا بەو شێوەیە کە چەمکی ئازادیی هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر بەکردەوە یان بەهەڵوێست ژیانی ئەوانی تر بخاتە مەترسییەوە، یان زیانێکی ماددیی و مەعنەویی پێ بگەیەنێت یان لەرووی رەوشتەوە زیان بەکەسانی تر بگەیەنێت، ئازادیی رەها ئەو ئازادییە نییە کە ناسنامەی مرۆڤی پێوەبەندە، بەبێ ئازادی، مرۆڤ بوونی پڕ شکۆو جوامێرانەی خۆی هەروەها بوونی ئەکتیڤانەو کارایانەی خۆی لەناو جەستەی کۆمەڵگەدا لێ بزر دەبێت، ئازادیی ڕەها جۆرێك نییە لەو هەناسەدانەی بە هەوای پاك و بێگەردەوە مرۆڤ دەیداتەوە، بەڵکو ئازادیی رەها بریتییە لە ویست و دەسەڵات، گومانێکی گەندەڵاوانەی رەهایە، مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێت و وارِسکی خۆبەزلزانی و شەڕەنگێزیی و دوژمنایەتی بەسەر وارِسکی ویژداندا زاڵ دەکات بەهۆی ئازادیی رەهاوە گەمژەیەتی زاڵ دەبێت بەسەر هەموو ویژدانێکی زیندوودا، لەبەر ئەوەیە بیرمەندان و فەیلەسوفان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئازادیی تاك لەو شوێنەدا کۆتایی پێدێت کە ئازادیی ئەوی دی دەست پێدەکات یاساناسانیش لەبارەی جیاوازیی نێوان ماف و ئازادیی دەڵێنەوە کە ماف بۆ خۆی خەسڵەتێکی تایبەتمەندانەی هەیە، بەڵام ئازادیی خەسڵەتێکی گشتگیری و گشتی هەیە، جیاوازیی نێوانیان وەك جیاوازیی نێوان ڕێگەی لاوەکیی چەوڕێژ و ڕێگەی گشتییە. هەرکەسێك بۆ خۆی ئازادە بەسەر ڕێگای کراوەی ئازادیدا گوزەر بکات، بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە ڕێ لەخەڵکی دیکە بگرێت یان خۆی بە کەسانی دیکەدا بکێشێت.

هێندەی ئەوەی کە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا سوودی زۆری بۆ مرۆڤایەتی هێناوە کە لە ئەژماردن نایەت، بەتایبەتی لەبواری پێوەندییەکاندا، وەك هەندێ دەڵێن جیهانی کردۆتە گوندێکی بچکۆلە یا کردوویەتی بە یەك ماڵ، وەك هەندێك وا بۆی دەچن، بەهەمان شێوە تەکنەلۆژیا جۆرەها شێوازیی مەترسیداریی بۆ دروست کردووین تا ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی باون، لەناویان بەرێت، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامیی موحافیزکاردا، لێرەشدا زیاتر پەنجە بۆ فەیسبووك رادەکێشم وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە لەخۆیدا پەرەسەندنێکی داهێنەرانەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام ئەم پێگەیە بۆ خۆی مەیدانێکە دەکەوێتە دەرەوەی سنوورو کۆنترۆڵی یاساییەوە، کەسانێك بۆ کاری نابەجێ و ریسوایی، فەیسبووك قۆرغ دەکەن بێ ئەوەی لە بەرامبەردا کەس بتوانێت سنوورێکیان بۆ دابنێت، لە فەیسبووکدا خەڵکانی بێ تاوان جنێوباران دەکرێت، یان تانە لەناموسیان دەدرێت و لەکەدار دەکرێن، تا لە بەر چاوی کۆمەڵگا سووك و ریسوا بکرێن، بە شێوەیەك هیچ ئایین و یاسایەك ئەمەی بێ قبووڵ ناکرێت، لەفەیسبووکدا ژەهر بەسەر زۆر شتدا دەڕێژرێت، بەو ژەهرەوە کەسانی ساویلکەو نەزان هەڵدەخەڵەتێنرێن و فریو دەدرێن، تا لێبووردەیی لە ناو ئیسلامەوە هەڵبگێڕنەوە بۆ خۆکوژیی و کوشتنی بە کۆمەڵی کەسانی دیکە.

لێرەوە زەڕوورەتی داکۆکی کردن لە ئاشتەوایی و سەقامگیربوونی کۆمەڵگەو بەهای رۆحییانەی ئیسلام وامان لێدەخوازێت تەنانەت لە پێشی هەموویانەوە لایەنە بەرپرسەکان وەسەرپێ بکەون و دەسەڵاتدارانی تەشریعی پەنا بۆ کەسانی زاناو پسپۆر لە زانایانی تەکنیکەکانی گەیاندن و زانیارییەکان بەرن تا توێژینەوە لەسەر بە پرۆسەکردنی یاسایەك بکەن و ئەم مەیدانەی تەراتێنی تێدا دەکرێت رێك بخەنەوە، تاکو بەتەواوەتی لەگرێژنەوە دەرنەچووە، بەرپرسیارێتی بگێڕنەوە بۆ هەر کردەوەیەکی یا قسەیەك کە مرۆڤ لەو مەیدانەوە دەیهاوێژێت.

بەپێی هەندێك راپۆرت کە لەم دواییەدا بڵاوکراونەتەوە ئەوە دەرکەوتووە کە کۆمەڵێك گەنج کەوتوونەتە داوی پێگە کۆمەڵایەتیەکانەوەو فێری هونەرەکانی کاری تیرۆریستیانە و چۆنییەتی کۆمەڵکوژی دڕندانە دەکرێن، بە ناوی جیهادیی پاك و بێگەرد. ئەمە ئەو ئازادییەیە کە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون و وێرانەیی دەبات، دادپەروەریی نغرۆ دەکات و عەقڵ لەسەردا ناهێڵێت، پێویستە هەڵوێستێك لەبەرامبەریدا هەبێت، پێغەمبەری ئیسلام دروودی خودای لەسەر بێت، ئاماژەی داوە بەنەتەوەیەك کە پێکەوە بەسەر کەشتییەکەوەن، ئەوانەی لە نهۆمی ژێرەوەی کەشتییەکەدا نیشتەجێن، بەزەحمەت دەتوانن بێنە نهۆمی سەرەوە، لەبەر ئەوە ناچار دەبن پلێتێکی کەشتییەکە لێبکەنەوەو دەریبهێنن بۆ ئەوەی ئاو بەدەست بهێنن، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لێبگەڕێن ئەو پلێتە بشکێت، هەرچی لەو کەشتییەدایە نغرۆ دەبن، بەڵام ئەگەر لەسەرەوە دەستیان گرتن و هاوکارییان کردن هەموو سەرنشینانی کەشتییەکە رزگاریان دەبێت، لەشێوەی ئەم ئاژاوەو شوێنەوارە وێرانکارییەی کە ئیرادەی شەڕانگێزیی و ستەمکاری لەناو پێگە کۆمەڵایەتیەکاندا زاڵ دەکات، پێویستە سنوورێك دابنرێت، لەوانەیە رۆژێك دابێت ئەم ئەرکە ببێتە کارێکی نێودەوڵەتییانە بۆ تێکدانی پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەو دەوڵەتان، لەکۆتاییشدا ئازادیی ڕەها ناکۆك نییە لەگەڵ بەرپرسیارێتی، بەڵکو جەخت کردنەوەیە لە بەرپرسیارێتی، وەکو لە ئایەتێکی پیرۆزداو لەسورەتی قیامەدا خوای گەورە دەفەرموێت (أَيَحْسَبُ الإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدىً).

*** سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**هەر کاتێک مرۆڤ هەستی بەوەکرد کە هیچ شتێک کە بە قسەو کردار لەبەردەمیدا ڕێگر نییە، بە نەبوونی هیچ سنوورێک یان ئایینێک ئامۆژگاری بکات، یان ویژدانی ئازاری بدات، ئەو کاتە بە ئارەزووی خۆی رەفتار دەکات**

**هێندەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا سوودی زۆری بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، بەتایبەتی لەبواری پێوەندییەکاندا،، بەهەمان شێوە جۆرەها شێوازیی مەترسیداریی بۆ دروست کردووین**